حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستیی

زانکۆی سلێمانیی

کۆلێژی زمان

# ناوی کرداریی، کرداری شکاوە و کرداری ئاڵۆز

نامەیەکە

## ئاریان سدیق عەزیز

پێشکەشی کۆلێژی زمانی زانکۆی سلێمانیی کردووە و بەشێکە لە پێداویستییەکانی

بەدەستهێنانی پلەی دکتۆرا لە زمانی کوردییدا

سەرپەرشت:

## پ.د.محەمەد عەبدولفەتاح حەمەسەعید

(٢٧١٩)ی کوردیی (٢٠٢٠)ی زایینیی

# ناوی کرداریی، کرداری شکاوە و کرداری ئاڵۆز

نامەیەکە

**ئاریان سدیق عەزیز**

پێشکەشی کۆلێژی زمانی زانکۆی سلێمانیی کردووە و بەشێکە لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی پلەی دکتۆرا لە زمانی کوردییدا

سەرپەرشت:

**پ.د.محەمەد عەبدولفەتاح حەمەسەعید**

(٢٧١٩)ی کوردیی (٢٠٢٠)ی زاینیی

ئەم نامەیە بەناونیشانی (**ناوی کرداریی، کرداری شکاوەو کرداری ئاڵۆز**)، لەلایەن خوێندکار (**ئاریان سدیق عەزیز**) ەوە بەسەرپەرشتیی من لە زانکۆی سلێمانیی ئامادەکراوەو بەشێکە لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی پلەی دکتۆرا لە زمانی کوردییدا.

**ناو: پ.د.محەمەد عەبدولفەتاح حەمەسەعید (مەحویی)**

ڕۆژ: / / ٢٠

بەپێی ئەو پێشنیازە، ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

**پ.ی.د. کاروان عومەر قادر**

**سەرۆکی بەشی کوردیی**

**/ / ٢٠**

# پێشکەشە...

- بە خەمخۆرانی زمان و ئەدەب و فەرهەنگی کوردیی.
- بە مامۆستایانی گشت قۆناغەکانی خوێندنم.
- بە هاوڕێ و کەسە دڵسۆزەکانم.
- بە هێرۆ و ئاروەند.

# سوپاس و پێزانین

سوپاس بۆ:

• بەڕێز (پ.د. محەمەدی مەحویی)، کە بەوپەڕی دڵسۆزیی و لەخۆبوردوویییەوە ئەرکی سەرپەرشتیکردنی ئەم نامەیەی گرتەئەستۆو هەنگاو بەهەنگاو ڕێنمایی زانستیی کردووم و هەمیشە دەرگای ماڵ و کتێبخانەکەی لەسەر پشت بووە بۆم و لەگەڵمدا ماندووبووە. سوپاسیاندەکەم.

• مامۆستای بەڕێز (پ.د. عەبدولجەبار مستەفا مەعروف) هەموو کات ئامادەی وەڵامدانەوەی پرسیارەکانم بووە و بەردەوام هاوکار و پاڵپشتم بووە لە دابینکردنی سەرچاوەدا. قەرزداریانم.

• سەرۆکایەتیی بەشی زمانی کوردیی و مامۆستاکانی، کە خانەخوێیەکی خانەدان بوون و ئەم هەلەیان بۆ ڕەخساندم، هەتا پێمبگەیەنن. پێزانینی بەردەوامم هەیە.

• هاوڕێیانی ئازیز و دڵسۆزم (د. ئەحمەد میرە)، (د.سازان زاهیر سەعید)، و (م.نالی ئەدهەم غەریب)، کە بەردەوام پاڵپشتم بوون و هاوکارییانکردووم.

• بەڕێزان(د.ئاوات محەمەد ئاغا) و (م.حەمید مستەفا جەعفەر)، کە بە وەرگێڕانی پوختەی نامەکە بۆ زمانی عەرەبیی و ئینگلیزیی هاوکارییانکردووم.

# هێماو کورتکراوەکان

| هێماو کورتکراوەکان | واتاکەی |
|---|---|
| j , i | هاونیشانەیی DP/NP یەکان |
| $AGR^0$ | ڕێککەوتن |
| $AGR^-$/AGRP | فرێزی ڕێککەوتن |
| $N^0$ | ناو |
| P | پێشناوی فەرهەنگیی/ فرێز |
| /   / | فۆڕمی فۆنۆلۆژیی، مۆرفیم |
| * | ناڕێزمانیی |
| [   ] | نواندنی فۆنەیتیکیی |
| [....] | نواندنی ناواخنی فەرهەنگیی |
| < > | ڕۆڵی واتایی/ بابەتانە |
| > < | ڕستە |
| { } | فرێز |
| ~ | هاوواتا/ بە هەمان واتا دێت / ئەڵتەرنا سیۆن |
| ≠ | نابەرامبەر/ ناهاوتا |
| PP | فرێزی پێشناویی |
| $T^0$ | تا ف |
| TP /$T^-$ | فرێزی تا ف |
| $V^0$ | کرداری فەرهەنگیی/ ڕەگ |
| VP /$V^-$ | فرێزی کرداریی/ کرداری سینتاکسیی |
| $Y^-$ | ڕستیلە، کە گۆکردنی تەواوکەری سینتاکسیی دەبێت |
| کل<br>کن | کەسی لکاوی ڕێکەوتن |

| | |
|---|---|
| جل | **جیّناوی لکاو** |
| پن | **پیّشناویی** |
| پک | **پیّشکرداریی** |
| ( ) | **سەرپشکیی** |
| ⁄ | **هیّز** |

# لیستی زاراوەکان

| | |
|---|---|
| **ئـ** | |
| **ئارگومێنتی سینتاکسیی** | Syntactic argument |
| **ب** | |
| بەرانبەریی | **Asymmetric** |
| **پ** | |
| پێشگری شکێنەرەوەی کردار | Augment |
| **پارامیتەری ڕێککەوتن** | Agreement parameter |
| **پریدیکات/ ئارگومێنت_داواکەر** | Predicate |
| **پریدیکاتۆر** | Predicator |
| **پۆلەڕەگەزدیاریکردنی سینتاکسیی** | Syntactical Sub categorization |
| **پۆلەڕەگەزدیاریکردنی فەرهەنگیی** | Lexical Sub categorization |
| **پۆلەڕەگەزی سینتاکسیی** | Syntactic category |
| **پێشناو** | Preposition |
| **پێکهاتەی سینتاکسیی** | Syntactic component |
| **پێواژۆ** | Process |
| **ت** | |
| **تاف** | Tense |
| **توخم** | Element |
| **دەستەواژە/ فرێز** | Phrase |
| **دابەشبوونی تەواوکەرانە** | Complementary distribution |
| **دروستەی مۆرفۆسینتاکس** | Morphosyntactical structure |
| **ڕ** | |

| | |
|---|---|
| Non finite verb/ root | **ڕەگ** |
| Agreement | **ڕێککەوتن** |
| | **س** |
| Cyclic | سووڕیی |
| Grammatical head | **سەری ڕێزمانیی** |
| | **ش** |
| Syntactical inflection | **شکانەوەی سینتاکسییانە** |
| Trace | **شوێنپێ** |
| | **ف** |
| Tense phrase | **فرێزی تا ف** |
| Agreement phrase | **فرێزی ڕێککەوتن** |
| Lexical phrase | **فرێزی فەرهەنگیی** |
| Verb phrase | **فرێزی کرداریی** |
| | **ك** |
| Deletion category | **کەتیگۆریی دەرنەبڕاو** |
| Syntactic category | **کەتیگۆریی سینتاکسیی** |
| Copula | **کرداربەندیی** |
| Lexical verb | **کرداری فەرهەنگیی** |
| Finite verb | **کرداری کاتدار** |
| | **م** |
| Agreement morphemes | **مۆرفیمەکانی ڕێککەوتن** |
| | **ن** |
| Irregular | **نایا سابەند** |
| Representation | **نواندن** |

## پێڕستی ناوەڕۆک


| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| | **پێشەکیی** |
| ١ | ١/٠) ناونیشان و بواری نامەکە |
| ١ | ٢/٠) هۆی هەڵبژاردنی نامەکە |
| ١ | ٣/٠) ڕێبازی لێکۆڵینەوەی نامەکە |
| ٢ | ٤/٠) کەرەستەی نامەکە |
| ٢ | ٥/٠) بەشەکانی نامەکە |
| | **بەشی یەکەم**<br>**تیۆریی و گریمانەکاریی پێویست و پێداچونەوە بە کارەکانی پێشوودا** |
| ٥ | ١/١) مۆرفۆلۆژیی هەمبەر بە سینتاکس |
| ٨ | ٢/١) چاوگ و ناوی کرداریی، کارەکانی پێشوو لەو بوارەدا |
| ١٢ | ٣/١) ناوی کرداریی هەمبەر بە چاوگ |
| ١٨ | ٤/١) شکاندنەوەی کردار لە ڕستەدا بە وشە و مۆرفێم |
| ١٨ | ٤/١_١) پێداچوونەوە بە کارەکانی پێشوودا |
| ١٨ | ٤/١_١) لێکدانەوە و بۆچوونی یەکەم |
| ١٨ | ٤/١_١_١) تاف |
| ٢١ | ٤/١_١_٢) ژمارەو توخم |
| ٢٥ | ٤/١_١_٣) ڕوکار |
| ٣٠ | ٤/١_١_٤) ڕێژە |
| ٣٣ | ٤/١_٢) لێکدانەوە و بۆچوونی دوەهەم و بۆچونی لێکۆڵەر |
| ٣٣ | ٤/١_٢_١) تاف و کەس |
| ٣٧ | ٤/١_٢_٢) ڕوکار |
| ٣٩ | ٤/١_٢_٣) ڕێژە |
| ٤٢ | ٤/١_٣) شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی هەردوو بۆچوونەکە |
| ٤٨ | ٤/١_٤) کورتەو پوختەو ئەنجامی لێکۆڵەر |
| | **بەشی دوەهەم:**<br>**شکاندنەوەی کردار** |
| ٥٤ | ١/٢) فەرهەنگ و پۆلەڕەگەزە فەرهەنگییەکان |
| ٥٧ | ٢/٢) پێڕەوی کردارەکان، بکەردیار و بکەرنادیار |
| ٥٩ | ٢/٢_١) پێڕەوی ئەرگەتیڤیی |
| ٥٩ | ٢/٢_١_٢) دروستەی ناوەوەی ناوی کرداریی |
| ٦٩ | ٢/٢_٢) سەگمێنتەکانی کرداری شکێنراوەو کرداری ئاڵۆز |
| ٧٠ | ٢/٢_٢_١) کرداری ئاڵۆز و سەگمێنتەکانی |

| | |
|---|---|
| ٧٧ | ٢/٢_٢_٢) مۆرفیم و ئەلەمۆرفەکانی تافی ڕابوردووی کردار |
| ٧٨ | ٢/٢_٢_٣) مۆرفیم و ئەلەمۆرفی تافی ڕانەبوردووی کردار |
| ٧٨ | ٣/٢) شکاندنەوەی تافی ڕابوردوو و ڕانەبوردووی کردار |
| ٨٠ | ٣/٢_١) شکاندنەوەی کرداری ڕابوردوو بە گەردانکردن (کەس و ژمارە) |
| ٨٢ | ٣/٢_٢) شکاندنەوەی کرداری ڕانەبوردوو بە گەردانکردن (کەسە لکاوەکان و ژمارە) |
| ٨٣ | ٣/٢_٣) گۆڕینی فۆنۆلۆژیانەی سەگمێنتەکانی کردار |
| ٨٣ | ٣/٢_٣_١) پەیوەندیی مۆرفۆلۆژیی شکاندنەوە – فۆنۆلۆژیی |
| ٨٤ | ٣/٢_٣_٢) پەیوەندیی مۆرفۆلۆژیی وشەدروستکردن – فۆنۆلۆژیی |
| ٨٦ | ٤/٢) کرداری شکاوە لە ناو کرداری ئاڵۆزدا |
| ٨٨ | ٤/٢_١) شکاندنەوەی کردار لە کرداری بۆ تافی ڕابوردوو |
| ٩٠ | ٤/٢_٢) شکاندنەوەی کردار لە کرداری ئاڵۆزدا بۆ تافی ڕانەبوردوو |
| ٩١ | ٤/٢_٣) بکەرنادیار و کرداری ئاڵۆز |
| ٩٢ | ٥/٢)شکاندنەوە لە پێڕەوی ئەرگەتیڤییدا |
| ٩٢ | ٥/٢_١) کەسی لکاوی ڕێکەوتن و جێناوی لکاو |
| ٩٣ | ٥/٢_١_١) کەسی لکاوی ڕێکەوتن و هاونیشانەکردن |
| ٩٣ | ٥/٢_١_١_١) بکەر- کردار |
| ٩٦ | ٥/٢_١_١_٢) کەسی لکاوی ڕێکەوتنی ئەرگەتیڤیی |
| ١٠١ | ٥/٢_١_٢) جێناوی دەرنەبڕدراوی بکەریی |
| ١٠٢ | ٥/٢_٢) ئەرگەتیڤیی پەیوەست بە تاف و ڕوکارەوە |
| ١٠٥ | ٥/٢_٣) گەردانکردن لە کرداردا |
| ١٠٧ | ٥/٢_٤) ئەڵتەرناسیۆنەکانی کرداری ئاڵۆزی ڕستەی ئەرگەتیڤیی |
| | **بەشی سێیەم**<br>**پیواژۆی سینتاکسیی و فۆنۆلۆژیی** |
| ١١١ | ١/٣) سەگمێنتەکانی کردار و پێدانی دۆخی ڕێزمانیی |
| ١١١ | ١/٣_١) ڕستە بە وشەو فرێزی تەواوەوە |
| ١١٢ | ١/٣_٢) کرداری ئاڵۆز |
| ١١٤ | ٢/٣) ئەڵتەرناسیۆنەکانی کرداری ئاڵۆز |
| ١١٤ | ٢/٣_١) ئەڵتەرناسیۆنی فۆرمەکان |
| ١١٥ | ٢/٣_٢) پڕکردنەوەی جێکەوتەکان و ڕێسای دابەشبونی تەواوکەرانە: |
| ١١٦ | ٢/٣_٣) فۆرمەکان و دروستەکانیان |
| ١١٧ | ٢/٣_٣_١) بکەردیار |
| ١٢٧ | ٢/٣_٣_٢) بکەرنادیار |
| ١٣١ | ٢/٣_٣_٣) مۆڕفێمەکانی ڕێژە |
| ١٤١ | ٢/٣_٤) کەسی لکاو لە کرداری ئاڵۆزدا |

| | |
|---|---|
| ٢/٣_٤_١) نائەرگەتیڤیی | ١٤١ |
| ٢/٣_٤_٢) ئەرگەتیڤیی کارا | ١٤٢ |
| ٢/٣_٤_٣) جێکەوتەی کەسی لکاو لە کرداری ئاڵۆزدا | ١٤٣ |
| ٢/٣_٥) ئەڵتەرناسیۆنەکان لە دروستەدا | ١٥٣ |
| ٢/٣_٦) ستاندارد و دیالێکتۆلۆژیی | ١٦١ |
| ٣/٣) پێواژۆ و یاسا فۆنۆلۆژیەکان | ١٧١ |
| ٣/٣_١) ڕەگی کردار | ١٧٢ |
| ٣/٣_٢) ئەلەمۆرفەکانی تافی ڕابوردووی کردارەکان | ١٧٣ |
| ٣/٣_٣) /بون/ ی حاڵەتیی و /بون/ ی کردەیی | ١٧٥ |
| ٣/٣_٤) مۆرفێمەکانی تاف لە بکەرنادیاردا | ١٧٥ |
| ٣/٣_٥) کەسی لکاوی ڕێکەوتن (شکاندنەوە) | ١٧٦ |
| **ئەنجام** | ١٧٧ |
| **سەرچاوە** | ١٧٩ |
| **الملخص** | ١٨٦ |
| **Abstract** | ١٨٧ |

## پێشەکیی

### ١/٠) ناونیشان و بواری نامەکە

ناونیشانی نامەکە بریتییە لە (ناوی کرداریی، کرداری شکاوەو کرداری ئاڵۆز). مەبەستی ئەم لێکۆڵینەوەیە دەستنیشانکردنی پۆلەڕەگەزەکانی شکاندنەوە، دروستەی ناوەوەی ناوی کرداریی و کرداری شکاوە، دروستەو فۆرمەکانی ئەڵتەرناسیۆنەکان، جێکەوتەکانی بکەر و بەرکار، یاسا فۆنۆلۆژیەکان لە کرداری شکاوەدا لە ستانداردی زمانی کوردییدایە. لە سەرچاوەکانی ڕێزمانی زمانەکاندا ئەم لایەنانەی کردار (چاوگ و کرداری شکاوە) گفتوگۆی لەسەر کراوەو ڕونکراوەتەوە:

پۆلێنکردنی چەشنەکانی کردارەکان لە ڕوی واتاوەو بە پێی پێواژۆ فۆنۆلۆژیەکان لێکۆڵینەوەی سەربەخۆی لە شێوەی نامەیەکی خوێندنی باڵای تەواودا پێویستە و لەم کارەی ئێمەدا جێینابێتەوە.

### **٢/٠) گرنگیی هەڵبژاردنی نامەکە**

هەوڵێکە بۆ دیاریکردنی وردی توخمەکانی شکاندنەوەو دۆزینەوەو دەستنیشانکردنی دروستەو یاساکانی سەرەوڕیزبونی سەگمێنتەکانی کرداری شکاوە، لەگەڵ ئەو یاسا فۆنۆلۆژیانەی، کە لە شکاندنەوەی کرداردا جێبەجێدەبن لە ستانداردی کوردییدا.

### **٣/٠) ڕێبازی لێکۆڵینەوەی نامەکە**

لەم نامەیەدا ڕێبازی شیکەرەوەی پەسنکەرانە پەیڕەوکراوە، بە پێی تیۆری پێویست نمونەکان شیکراونەتەوەو سەگمێنتەکانی کردار و دروستەو فۆرمی ئەڵتەرناسیۆنەکانی پەسنکراون، پاشان کار بۆ دۆزینەوەی یاساو قاڵبە ناوکیەکان کراوە.

## ٤/٠) کەرەستەی نامەکە

کەرەستەو نمونەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە لە زمانی ستانداری کوردیی کرمانجیی ناوەڕاست (شێوەزاری سلێمانیی) ەوە وەرگیراون و بۆ سەلماندنی دروستە بنەڕەتییەکانیش کار لە زارناسیی/دیالێکتۆلۆژییدا کراوە.

## ٥/٠) بەشەکانی نامەکە

نامەکە لە پێشەکیی، سێ بەش و ئەنجام پێکهاتووە:

### بەشی یەکەم

لەم بەشەدا بە کورتیی، ئەو تیۆرییانە خراونەتەڕوو، کە بۆ شیکردنەوەو خستنەڕوی سەگمێنتەکانی کردار، مۆرفیمەکانی تاف، پێدانی دۆخی ڕێزمانیی، کەس و ژمارە، تاف، ڕوکار، ڕێژە، پێویستن و لە بەشەکانی دواتردا کار بەو بنەمایانە کراوە، لەگەڵ هەڵسەنگاندن بۆ ئەو کارانەی، کە پێشتر لەم بوارەدا کراون.

### بەشی دوهەم

بەشەدا گفتوگۆ لەسەر شکاندنەوەی کردار کراوە، کە تێیدا پێڕەوی کردارەکان (بکەردیار و بکەرنادیار) و پێرەوی ئەرگەتیڤیی خراونەتەڕوو. لەگەڵیاندا ئەم بابەت و لایەنانە شیکراونەتەوە: شکاندنەوەی کردار لە ڕستەدا بە وشە و مۆرفێم لە تافی ڕابوردوو ڕانەبوردودا دروستەی ناوەوەی ناوی کرداریی و کرداری شکاوە، فەرهەنگ و پۆلەڕەگەزە فەرهەنگییەکان و زانیاریە زمانیەکان، شکاندنەوەی تافی ڕابوردوو و ڕانەبوردووی کردار بە گەردانکردن، گۆڕینی فۆنۆلۆژیانەی سەگمێنتەکانی کردار، گفتوگۆکردن لەسەر کرداری شکاوەی ناو کرداری ئاڵۆز لە تافی ڕابوردوو ڕانەبوردووی بکەردیارو بکەرنادیاردا، شکاندنەوە لە پێڕەوی ئەرگەتیڤییدا، کەسی لکاوی ڕێکەوتن و جێناوی لکاو، کەسی لکاوی ڕێکەوتن و هاونیشانەکردن، کەسی لکاوی ڕێکەوتنی ئەرگەتیڤیی، جێناوی دەرنەبڕدراوی بکەریی، ئەرگەتیڤیی پەیوەست بە تاف و ڕوکارەوە. لە کۆتایی ئەم بەشەدا ئەڵتەرناسیۆنی کرداری ئاڵۆزی ڕستەی ئەرگەتیڤیی ڕونکراوەتەوە.

## بەشی سێهەم

بەشی سێهەم بۆ پێواژۆی سینتاکسیی و فۆنۆلۆژیی تەرخانکراوە، کە تێیدا لایەنەکانی ئەو پێواژۆیانە ڕونکراونەتەوە، ئەوە سەلمێنراوە، کە لە سەگمێنتەکانی کرداری شکاوەدا تاف حوکمی دۆخی ڕێزمانیی دەکات و جێکەوتەکان بۆ کەسە لکاوەکان دەستنیشاندەکات. ئەڵتەرناسیۆنی دروستەیی و ئەڵتەرناسیۆنی فۆرمەکان لەم بەشەدا بەوردیی شیکردنەوەیان بۆ کراوەو گفتوگۆیان لەسەرکراوە. بۆ سەلماندنی ڕاستیی و دروستیی زانیاریەکان و شیکردنەوەکان، پەنابراوەتەبەر دیالێکتۆلۆژیی و نمونەکانی شێوەزاری گەرمیان و ئەردەڵانیش تاقیکراونەتەوە. لە کۆتایی ئەم بەشەدا پێواژۆو یاسا فۆنۆلۆژیەکان هێنراون، کە بە هۆیانەوە فۆرمی کردارە شکێنراوەکان گۆڕدراون، لە هەمان کاتدا لێکدانەوەیان بۆ کراوە، کە چۆن و بۆچی ئەو گۆڕانە بەسەر ئەو کردارەو بە دیاریکراویی ئەو سەگمێنتەدا هاتووە.

لە کۆتاییشدا ئەنجامە دەستکەوتوەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە لە چەند خاڵێکدا کورتکراونەتەوە.

## بەشی یەکەم

## تیۆریی و گریمانەکاریی پێویست و پێداچونەوە بە کارەکانی پێشوودا

### ١/١) مۆرفۆلۆژیی هەمبەر بە سینتاکس

مۆدێلی ڕێزمانی چۆمسکیی پیشاندراوە، کە پێکهاتەکانی سینتاکس و مۆرفۆلۆژیی و فۆنۆلۆژیی سەربەخۆن و پێکەوەیش کاردەکەن، بەپێی ئەم بنەمایانە کار لە بەشەکانی داهاتوودا کراوە. هەربۆیە بۆ نمونە مۆرفۆلۆژیی وشەدروستکردن لە مۆرفۆلۆژیی بەرهەمهێنان لە سینتاکسدا جیاکراونەتەوە، یان لە فۆنۆلۆژیی لەو پێکهاتانەدا گفتوگۆ دەکرێت. ئەم پارە بۆ ئەوە هێنراوەتەوە، بۆ ئەوەی لەبەشەکانی داهاتوودا چونە ناو یەکی پێکهاتەکانی مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسی کوردیی نیشانبدرێت، کە یەکێکە لە بنەماکانی لکاوبونی. دەنا ئەم بابەتە لە زۆر نامەدا هێنراوەتەوە.

لێکۆڵینەوە ئەوروپییەکان ئەوە دەسەلمێنن، کە زمانە ئێرانییەکان ناوی کرداریيان هەیە لە بری چاوگ[١]. تێبینیی ئەوە دەکرێت، کە ڕێزمانی بەرهەمهێنان لەسەرەتادا وایدادەنا، کە تەنها تاکە سێتێکی یاساکان بەهۆی توخمە مۆرفۆلۆژییە بنەڕەتییەکان (مۆرفیم) ەکانەوە لە پێکهێنانی ڕستەکاندا ڕۆڵیان هەن[٢]. لەکاتێکدا ئەم خستنەڕووە، بەرپەرچدانەوەی مەودای سینتاکسیی بوو لە سەرەتای ساڵانی ١٩٧٠دا، وەك لە کارەکانی Chomsky[٣] و Jackendoff[٤] دا دیارە. دواتر ئەم بیرە وردە وردە لەلایەن ڕستەسازەکان syntacticians ەوە پەسەندکرا، کە ئەو یاسایانە جیاواز لەوانەی بۆ کارپێکردنی سینتاکسیی بەگەڕدەخرێن، لە فەرهەنگدا بۆ پەسنی وشەکان بەکاردێن. ئەم ئەنجامەیش، ئاشکرا ئەوە دەردەخات، کە هەبوونی تیۆری

---

1- Patricia Ronan, Aspects of Verbal Noun Constructions in Medieval Irish and Welsh , National University of Ireland, Maynooth,2006

2 -ANDERSON, S. R . A-Morphous Morphology. CAMBRIDGE STUDIES IN LINGUISTICS (1992: 73)

3 -Chomsky, Noam. 1970. "Remarks on Nominalization." In: R. Jacobs and P. Rosenbaum (eds.),

4 - Jackendoff, Ray S. 1975. Morphological and semantic regularities in the lexicon.

کارپێکردنی سینتاکسیی[٥]و ئەدگارەکانیان، پێویستە بەهۆی تیۆری یاسا فەرهەنگییەکانەوە تەواوبکرێن. ئەمە ڕاستەوخۆ ئەوە نیشاندەدات، دەکرێت هەندێك هاو پێکهاتە/ داڕشتە، بەهۆی یاسا فەرهەنگیی، یان یاسا سینتاکسییەکانەوە پەسنبکرێن.

ڕوونکردنەوەی کاراکتەرە جیاوازەکانی یاسا فەرهەنگییەکان، سەرەتا لەکارەکانی Waso[٦]دا سەریهەڵدا، کە ژمارەیەك پێوەری بۆ جیاکردنەوەی پرۆسەی فەرهەنگیی لە پێواژۆ سینتاکسییەکان دانا. فراوانکردنی بۆچوونەکانی ناوبراو و نزیکیی، یان یەککگرتنەوەیان لەگەڵ بۆچوونەکانی Anderson دا، هەندێك جیاوازیی گرنگ دەردەخات، کە بەشداریی لە دانانو جێگیرکردنی ئۆپەراسیۆنی مۆرفۆلۆژییدا دەکەن، ئەمەیش لە فەرهەنگ Lexicon دا جێبەجێدەکرێت، هەروەك جیاوازییەکەیشی لەگەڵ سینتاکسدا دەردەخرێت. گرنگیی ئەم جیاوازییە بۆ ئەو مەبەستەی پێشکەشمانکرد، ڕاستییەکە بەو ڕادەیەی، کە هەیە، ئەو ڕاستییانە، گشتێتیی پوختەی زمانێکی دیاریکراو دەنوێنن: مۆرفۆلۆژییو سینتاکس مەودای جیاواز لە ڕێزماندا دەنوێنن، ئەمەیش ڕەنگە تیۆریی جیاوازی پێویست بێت، نەك تەنها دوو بەش لە ڕێزمان، کە لە هەندێك زماندا ڕوودەدات. زۆربەی جیاوازییەکانی نێوان یاسا مۆرفۆلۆژییو سینتاکسییەکان، دەتوانرێت بەهۆی پاڵشتیی تیۆرییەکانەوە ڕوونبکرێنەوە، لەڕاستیدا ڕێکخستنی ڕێزمانەکان، مۆرفۆلۆژیی هەڵگواستن/ وشە_داڕشتن لە سینتاکس جیادەکاتەوە.

دەشێت یاسا فەرهەنگییەکان پەیوەندیی توخمەکان لە پۆلەڕەگەزی فەرهەنگیی جیاواز نیشانبدەن، هەروەها پێواژۆکانی هەڵگواستن بە تەواویی جێبەجێدەکەن (لە هەڵگواستندا، بۆ نموونە (ناو) لە (کردار)ەکان). لەلایەکی تریشەوە، هیچ هۆیەك نییە یاسای سینتاکسیی بۆ گۆڕینی پۆلەڕەگەزەکان دەستبخات. بەگشتیی، لەئێستادا تیۆرە سینتاکسییەکان ئەو میکانیزمانە دانانێن، کە دەتوانن گۆڕانی ناوخۆیی پۆلەڕەگەزەکان دروستبکەن. هەندێك کاری نوێ لە مۆرفۆلۆژییدا (لەگەڵ پێشنیازەکانی Lieber[٧]و Williams[٨] دەستپێکرد). وایاندادەنا، کە نەك تەنها ڕەگەکان، بەڵکو لاگرەکان خۆشیان، بۆ پۆلەڕەگەزی فەرهەنگیی نیشانەدەکرێن.

---

[٥] - توخمە فەرهەنگییەکان لە سینتاکسدا بە هۆی بنەماکانی شکاندنەوەوە چالاکدەکرێن.

٦-بڕوانە (Patricia Ronan.2006 ) و سەرچاوەکانی!

7 -Liberman, Mark Y. 1980. On the Organization of the Lexicon. Ph.D. thesis, MIT. Published 1981, by Indiana University Linguistics Club, Bloomington.

[8] - Williams, Edwin S. 1981. b. On the notions "lexically related" and "head of a word." Inguistic Inquiry

لەڕاستیدا کرۆکی پێشنیازەکەی Williams، بیرۆکەیەکی کۆن/باو نەبووە، کە لاگرەکان لەنێو وشەیەکدا، زیاتر لە ڕەگەکەی دەبێتە سەری پۆلەڕەگەزی ئەو وشەیە.

یاسا فەرهەنگییەکان لەناوەرۆکدا ناوخۆیین، بەو واتایەوە، کە دەتوانن لە چوارچێوەی پۆلەڕەگەزدیاریکردنی تاکە توخمێکدا، ئاماژە بە کەرەستەکە بدەن. لەلایەکی ترەوە، یاسا سینتاکسییەکان دەتوانن بە جێکەوتەکانەوە پەیوەستبن، نەك لە چوارچێوەی پۆلەڕەگەزدیاریکردنی تاکە توخمێکدا، بۆ نموونە لە پێکهاتووی (بکەر بۆ بەرزکردنەوەی بکەر) دا. ئەگەر یاسا فەرهەنگییەکان توخمێکی فەرهەنگیی بە یەکێکی ترەوە ببەستنەوە، ئەوا ئەوە ڕووندەبێتەوە، کە تەنها زانیاریی بەکارهاتووە، ئەویش وەك یاسایەك بۆ نواندنی توخمێکی فەرهەنگیی. تەنها زانیاریی لەبارەی جێکەوتە سینتاکسییەکانی ترەوە ئەوەیە، کە هەندێك هۆکارمان هەن بۆ ئەو گریمانەیەی، کە بریتییە لە نواندنی دەروازەی فەرهەنگیی بۆ بەدەستخستنی توخمێك، کە چوارچێوەی پۆلەڕەگەزدیاریکردنەکەی نیشاندەدات، کە مەبەست لێی پۆلەڕەگەز دیاریکردنە فەرهەنگیەکەیەتی.

خوار+ [N̊]

ڕەگ + تەواوکەر

خوار + نان

نانم خوارد. بەیاسای سەرکۆتایی

شکاندنەوە: بریتییە لەو گۆڕانانەی، کە بۆ مارکە لێدان بە سەر فۆڕمی وشەکاندا دێت، وەک ئەو جیاکارییەی لە حاڵەتی دۆخ و توخم و ژمارە و تاف و کەس و ڕێژە و ڕوکار و بەبڕشتیی و .... دا دەردەکەون[٩].

لەبارەی دانانی بناغەی تیۆریی شکانەوەوە ئەوە دەگوترێت، کە لەڕاستیدا تیۆرەکە لە توێژینەوە باوەکاندا ڕوونو ئاشکرا کاری لەسەر نەکراوە، هەربۆیە نیشانە جیاکەرەوەکانی، تاڕادەیەك لەخۆوەنو بەشێوەیەکی تەمومژاویی پێشکەشکراونو خراونەتەبەردەست.

لە مۆرفۆلۆژیی بەرهەمهێناندا شکانەوە بریتییە لە پێواژۆیەکی داڕشتنی فۆرمی وشە، بۆ ئەوەی کاتیگۆرییە ڕێزمانییە جۆراوجۆرەکانی وەک دۆخی ڕێزمانیی، ڕوکار، ڕێژە، کەس و ژمارە، توخم، دیاریکردن و دەرخستن، بکەردیاریی و بکەرنادیاریی نیشانبدات.

---

**٩- بڕوانە (شیلان عومەر حوسێن ،٢٠١١) و ( www. Merriam-Webster.com)**

ا_ شکاندنەوەی ناو بۆ دەرخستن و نیشاندانی پێوەندییە ڕێزمانیەکانە پەیوەست بە پێڕەوی ئەرگەتیڤییەوە.

ب_ شکاندنەوەی ئاوەڵناو لە بەراورد و باڵادایە.

پ_ شکاندنەوەی کردار پێدانی تافە جۆراوجۆرەکانە بە کردار.

گەردانکردن پێدانی کەسە بە کردارەکە، هەردوکیان دەتوانرێت لە وشەی شکاندنەوەدا کۆبکرێتەوە و شکاندنەوەی تەواوە.

لەم ڕوانگەیەوە، پێویستە بە سادەیی پرسیاری ئەوە بکەین، بۆچی دانە _کەرەستە_یەك وا دادەنرێت، کە زیاتر لە تیۆری (شکانەوە) ەوە نزیکە؟ هەمبەر بە مۆرفۆلۆژیی.

جگە لە هەبوونی زانیاریی زگماکیی باو، کە نیشانەی جیاکەرەوەن‌و دەبنەهۆی ئەوە، هەندێك فاکتەریش، مەیلی پشتگیریی ئەو بیرەیان هەیە، کە شکانەوە بەشێوەیەکی جیاوازتر لە جۆرەکانی دیکەی وشە_دروستکردن کاردەکات[١٠].

٢/١) چاوگ و ناوی کرداریی، کارەکانی پێشوو لەو بوارەدا

ناوی کرداریی بریتییە لە فۆرمی نمونەیی کردار، یاخود فۆرمی بنەڕەتیی کردار و ئەو چەشنەی فۆرمی کردارە، کە لە وشەکاندا دەبینرێت و تۆماردەکرێت و هەموو تایبەتمەندییەکی ناو و هەم کردەی کرداریشان تێدایە. بۆیە بەم ناوە پەسنکراون.

<<u>خوێندنەوە</u> یارمەتیماندەدات زۆر شت فێرببین.>

<بەدەم <u>قسەکردن</u>ەوە خۆی بە دیوارەکەدا کێشا.>

ناوی کرداریی وەک ناوە ئەبستراکتەکانی تر ئەبستراکتە، نەک ناوی بەرجەستە، بەڵام هاوبەشیی ناوی کرداریی کوردیی لەگەڵ ناوەکانی تردا لەوەدایە، کە ئەمانیش ناوی گشتیی دیارینەکراون، دەتوانرێت دیارییشبکرێن. (خواردن،خواردنێک، خواردنەکە)

لە لێکۆڵینەوەکانی پێشتری ئەورووپییەکاندا ئەوە سەلمێنراوەو ڕونکراوەتەوە، کە زمانە ئێرانییەکان (کوردیی، فارسیی، ئۆردویی...) لەبری چاوگ ناوی کرداریان هەیە. ناوی

---

١٠- بڕوانە (Patricia Ronan.2006 ) و سەرچاوەکانی!

کرداریی لەڕوی مۆفۆلۆژییەوە پەیوەندیی بە کردارەوە هەیە (کرداری شکاوە) و لە واتادا وەکیەکن.

بە مەبەستی شیکردنەوەکانی بەشی دوهەم و سێهەم، لەبەر هەبونی ئەوەی، کە سەلمێنراوە کوردیی ناوی کرداریی هەیە، لەم نامەیەدا ئاماژە بە ئەدگارەکانی ناوی کرداریی کراوە.

ئەم نامەیە پێڕەوی شکاندنەوەیە لە زمانێکی ئەرگەتیڤیدا، کە ستانداردی کوردیە بە ڕێسای دابەشبونی تەواوکەرانە و بنەمای دوپەلکیی.

ئەم بەشی یەکەمە وەکو زانیاریی گشتیی بۆ خوێنەر هێنراوەتەوە، تا بەئاگابێت لە هەوڵەکان لە شیکردنەوەی ناوی کرداریی و توخمەکانی شکاندنەوەدا. ئەم نامەیە تەرخانکراوە بۆ توخمەکانی شکاندنەوەی کردار، هەم لە کرداری ناو ڕستەو هەم لە کرداری ئاڵۆزدا، بە مەبەستی گەیشتن بە پێڕەوی شکاندنەوەی کردارو خستنەڕوی، کە تێیدا ڕێسای دوپەلکیی و دابەشبونی تەواوکەرانە بنەماین و ڕۆڵی سەرەکیی دەبینن.

ناوە کردارییەکان ئەو کەتیگۆرییانەن، کە لە هەردوو مەودای ئاڵۆزی سینتاکسیی‌و مۆرفۆلۆژییدا، لەبارەیانەوە گوتراوەو لێیانکۆڵراوەتەوە. لەکاتێکدا ناوە کردارییەکان سیمانتیکییانە پەیوەندییان بە پێڕەوی کردارەکانەوە هەیە، هاوکات وەك ناویش دەشکێنەوە، بۆ نموونە دەشێت وەك هەر ناوێکی ئاسایی، لەگەڵ ئارتیکڵو وشەی نیشانەدا بەکاربهێنرێن. لەمەشدا کەتیگۆرییەکە لەگەڵ هەندێك زمانی دیکەی وەك خێزانە هیندۆ_ئەوروپییەکان، نزیك‌و لێکچووە. لەڕاستیدا ئەم کەتیگۆرییە ئاماژەیە بۆ (چاوگ)، بەتایبەتییش ئەم بابەتە لە لێکۆڵینەوەکانی زانایانی سەدەی بیستەمدا خراوەتەڕوو.

لەلایەکی دیکەوە، ئەم پێکهاتانە وەکیەك نیین، بەڵکو ژمارەیەکی زۆری هەڵگوێزراوەکان لە کردارە پەیوەندیدارەکان جیاوازن، ئەمەش لەلایەن زانایانی وەك Thurneysen [11] و Pedersen [12] سەبارەت بە زمانی ئێرلەندیی، لێیکۆڵراوەتەوە. لە زمانی وێلزییشدا، مۆرفۆلۆژیی کرداری ناویی، لەم دواییانەدا لەلایەن Schumacher[13] ەوە لێکۆڵینەوەی لەبارەوە کراوە، تاقیکردنەوەی ناوی کرداریی زمانی وێڵزیی، پەیوەندیی بە

[11] - Thurneysen, R. 1946: A Grammar of Old Irish. Dublin. Repr. Dublin 1980: Dublin Institute for Advanced Studies (73-72)

[12] - بڕوانە (Patricia Ronan.2006 ) و سەرچاوەکانی!

[13] - Schumacher, St. 2000: The Historical Morphology of the Welsh Verbal Noun. Maynooth: Department of Old Irish.

زمانی ئێرلەندیی کۆنەوە هەیە، شایانی گوتنە، ڕوونکردنەوەی کاراکتەرە سینتاکسییەکانی ئەم کەتیگۆرییە، کەمترین تێبینیی زانایانی لەسەرە.

هەر لەم ڕووەوە، زۆرترین مشتومڕ لەسەر ناوە کردارییەکان لەبارەی ئەوەوە بووە، کە چۆن پێناسەی ڕاستەقینەی ئەم کەتیگۆرییە بکرێت، هەروەك لە سەدەی حەڤدەدا ڕێزمانانوسی ئێرلەندیی hEodhasa Bonaventúra Ó [١٤] پەسنی ئەم کەتیگۆرییەی کردووە. ناوبراو بەڕوونیی ئاگای لەبارەی دوو حاڵەت/ لایەنی ئەم ناوە کردارییانەوە هەبووە، لەگەڵ هەردوو تایبەتمەندیی ناویی‌و کردارییدا.

تەنها ناوە کردارییەکەی کردار (ڕەگ+تافی ڕابوردوو+پاشگری ناویی لەکردارخستنdeverbal nominal suffix ) لە فەرهەنگدا تۆمارکراوە. تاف بەشێکی ناوەکیی نییە لە ڕەگی کردار یان لە کردار خۆی. بەم جۆرە هەر لە فەرهەنگدا ڕەگی کردارو مۆڕفێمی تاف لەیەکجیاکراونەتەوە. واتا، بەو شێوەیە نییە، کە تاف وەك بەشێکی کردار لە ڕەگەکەیدا توابێتەوەو تواوەبێت. لە قاڵبی ڕستەدا جێکەوتەکانیpositions وشەو فرێزەکان و لە قاڵبی کردارو کرداری ئاڵۆزیشدا جێکەوتەکانی مۆڕفێمەکان، بە کلیتیتیکە بکەریی و بەرکاریەکانەوە، بە چەسپاویی هەن. لەبەرهەمهێنانی هەر یەك لەوانەدا، جێکەوتە پێویست و گونجاوەکانیان بەو توخمانە پڕدەکرێنەوە، کە لە فەرهەنگەوە بۆیان دەهێنرێن. کەواتە کرداری کات و کەسدارو کرداری ئاڵۆز لە سینتاکسدا دێنەبەرهەم و بەم جۆرەیش پێکهاتووی سینتاکسیین. ناوە کردارییە لەناو فەرهەنگدا_تۆمارکراوەکە، بۆ یەکەم جار تافە سستبوو و بێلایەنبووەکەیneutralized tense لەڕێی لکاندنی کلیتێکی بکەرییەوە دەکەوێتەکارو چالاکدەبێت. ئەم ڕوونکردنەوەیە پێماندەڵێت، کە ڕەگی کردارە بەم ئەدگارانەیەوە سەرچاوەیەکی نییە بۆ ئەوەی تافی تێدا بتوێتەوە. کەواتە ڕەگی ئەو کردارەی، ناوی "ڕانەبوردوو" ی لێنراوەو لەم لێکۆڵینەوەیەدا ڕەتدەکرێتەوە، لە شێوەی "ڕەگی تافی ڕانەبوردوو" لە فەرهەنگدا ناوی کردارییی verbal noun نییەو کە بۆ یەکەم جار کردارە کات و کەسدارەکەی (<دەخوات>، <دەخۆم>، <بخۆ>، <با بخوات>) و بەم پێیەیش ڕەگە کاتدارەکەی (<خوارد>، <بخۆ>) لە سینتاکسدا دروستدەبێت.

چونکە ڕەگەکە لە سینتاکسدا شکاوەتەوەو هەرگیز ناکرێت " تافی ڕانەبوردووی تواوە" لەو چەشنە ڕەگەدا هەبێت، کە بۆ تاف دەشکێتەوە -مۆڕفێمی تاف وەردەگرێت-، ناتوانرێت بانگەشەی ئەوە بکرێت، کە گوایا ئەو کاتەگۆرییە پێشتر هەر لە ڕەگەکەیدا هەبووە. تێبینیی

---

- ١٤بڕوانە (Patricia Ronan.2006 ) و سەرچاوەکانی!

ئەو ڕاستیە بکەن، کە فۆڕمەکانی ڕەگی کاتداری "کردارێکی ڕانەبوردوو" جۆراوجۆرەو بەگوێرەی ئەو زمانەوانانە بێت، لە هەر یەك لەو فۆڕمە جیاوازانەدا هەمان تاف هەیە.

لێکۆڵەر لە ئەدگارو داتاکانی زمانەکەوە دەردەچێت و بەتایبەتیی بۆ تاف ئەو لاگرانە دەستنییشاندەکات، کە بانگەشەی هەبوونی "تافی ڕانەبوردوو" و تافی تواوە لە ڕەگی کرداردا بەرپەرچدەدەنەوە. بەردەوام، شییکردنەوەکانی ئەم سەرچاوەیە بەڵگەی زۆرتر بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستییانە پێشکەشدەکەن.

لە ئەنجامدا، دەتوانرێت ئەم پێشنیازانە پێشکەشبکرێن و هەوڵی زانستیی پێڕەوبەندانەscientific systematic research بۆ چەسپاندنیان بدرێت: ڕەگی کردار توخمی بنەڕەتیی و سەرەکیی کرداری کوردییە. ڕەگێکی هاوبەش (/خوار/) ی فۆڕمەشکاوە_جۆرەجۆرەکانی کردارێك (>خواردی، دەخوات، دەخۆم، بخۆ<) بە بناغەو بنەما بۆ هەموویان دادەنرێت.

کرۆکی کردار بۆ زمانەکان بەگشتیی و ڕەگی کردار بۆ ئەم شییکردنەوانە ناوی >>هەڵوێست/مەوقیف<<situation ی لێنراوە. هەڵوێست پەیکاڵی ڕووداوevent ەو بە ڕێسای دووپەلکی بۆ دینامیکییdynamic verbs و نا_دینامیکییstative verbs (وەستاو) پۆلێنکراوە، کە بەم گۆکردنە سێمانتیکیانە ڕوونکراونەتەوە[١٥] : (١) گۆکردنی سەرەکیی، کە بریتییە لە (ا) گۆڕیینی شوێن (سەرچاوە بۆ ئامانج)، (ب) شوێنیی وەستاو لەگەڵا مانەوەو (پ) ڕایەڵ/ڕێڕەو، کە فراوانبوونی نا_تافیی و ئاڕاستەبوون دەگرێتەوە (٣) ڕووکارو (٥) تاف[١٦] .

لە کرداری کاتوکەسداری کوردییدا مۆڕفێمەکانی تاف، ڕووکار، ڕێژە، ژمارە، کەس، بوونەهۆ/هۆکارییcausative و چشتی تریش بە تێئاخنراویی هەن و پێکەوە دەربڕاوێکی تەواو پێکدەهێنن. بابەتە سەرەکیەکانی لێکۆڵیینەوەکەی ئەم بەشە هەمەکیی لەسەر کاتەگۆریەکانی تاف و کەمەکیش لەسەر ڕووکارو وەك پێویستیش لەسەر ڕێژەی کرداری کوردیین. لە کاتێکدا anteriority (بەر لە) و posteriority (دوا لە) مۆڕفێمن و بە

---

[١٥] - بۆ زانیاریی وردترو زۆرتر بڕوانە (Jackendoff, R. 2009) و (شیلان عومەر حسێن. ٢٠١٢)

[١٦] - هاوتەرییبی ئەو ڕوونکردەوەو جیاکاریانە، پێشتر Gruber, J.F. (1976) تەرزە ڕێزمانیەکانی بە چەمکی سێمانتیکیی لە چەشنێك لە گێڵەی سێمانتیکییدا ڕوونکردووەتەوە: لە (ا) جووڵە، (ب) خاوەندارێتیی ، (پ) ئەدگارو (ت) چالاکییدا ئەم سیانەی دەستنییشانکردووە: (ا) شوێن، (ب) گۆڕیین (شوێن و خاوەنداریی) و (پ) بوونەهۆ/هۆکاریی causative.

کردارەوەن (/ت ~ د، ا، و، ی/ : /دە_، ب_/)، simultanity  هەمان کاتبوون ئێستای ڕێژەیی کوردیی بەزۆریی بە دروستەی سینتاکسیی بەرجەستەدەبێت (<(pro) پێتدەڵێم، وریابە>).

لێکۆڵینەوەی گشتیی دەقەکانی ئەم کردارە ناوییانە، لەناوەڕاستی سەدەی ڕابوردوودا لەلایەن (Gagnepain)[١٧] ەوە دەرکەوتووەو جێبەجێکراوە. ناوبراو ئەوەی خستووەتەڕوو، کە ناوە کردارییەکان تایبەتمەندیی ناوییان هەن، بەوەی لەتوانایاندا هەن وەك بکەر گۆبکەن، ئەگەر بەتەنها وەك سەری کلۆزی بکەر بن، ئەگەرچیی گۆکردنیان وەك بەرکار، بۆ هەندێك جۆری کردار مەرج لەسەر دانراون، وەك کردارەکانی (وتن، هەستکردن، یان ئاواتخواستن). سەرەڕای ئەوەش، تیشکیخستووەتە سەر هەبوونی ناوی کردارییی وەك بەرکاری کردارەکەی، لەڕووی فیگەری ئیتمۆلۆژییەوە. وێڕای ئەوەی، لە دەوروبەرە سینتاکسییەکاندا ئەم ناوە کردارییانە وەك تەواوکەری کلۆزەکان بۆ ئەزموونکردنی پێکهاتووەکانی (ئاوەڵناو، ناو، هەروەها پێشناوە شکاوەکان) بەکاردەهێنرێن.

شکاندنەوەی کردار، کە لە زمانی کوردییدا تازە تەواو و پڕاوپڕ و پێڕەوبەندانە شیکردنەوەی لەسەردەکرێت، ڕێزمانەوان و زمانەوانەکانی پێشتر جۆراوجۆر گفتوگۆیان لەسەر کردووەو سەگمێنتەکانیان دەستنیشانکردووە.

## ٣/١) ناوی کردارییی هەمبەر بە چاوگ

بۆچوون و لێکدانەوەی زمانەوانەکان:

لەم ڕووەوە زمانەوانەکان لەم نامەیەدا بە دوو گرووپ دانراون؛ چوار زمانەوانی سەرەتا سەر بە ڕێزمانی باون، زمانەوانانی تر سەر بە ڕێزمانی نوێن. پەیوەست بە ناوی کردارییەوە، هەر یەکە لە لێکۆڵینەوەکانی محەمەد مەعرووف فەتاح (٢٠١٠) و مەحموود فەتحوڵا (٢٠٠٤) نە پێناسەیان بۆ ناوی کردارییی کردووە، نە خۆیان لە قەرەی داوە.

**تۆفیق وەهبیی:**

---

[١٧]-بڕوانە (Patricia Ronan.2006 ) و سەرچاوەکانی!

"مەسدەر سیغەیەکی فیعلە کە خاسەی ناویشی هەیە، ئەم سیغەیە کەسدار نییە، یەعنی ناتوانێ لەپێشەوە یەکێ لە بۆناوە کەسییەکان کە ئەبنە باسلێکراو وەرگرێ؛ وەکو: نووسرانی کاغەزەکە زۆری کێشا."[18]

"لێرەدا ((نووسران)) هەم ناوە، هەم فیعلە. ناوە؛ چونکە باسلێکراوی جوملەکەیە وە ((کاغەزەکە)) تەواوکەریەتی، فیعلە؛ چونکە کارێ بەیان ئەکا. هەموو مەسدەرێك ناوە، وە هەرچی ناوێك لە فیعل پەیا بووبێ ناوی مەعنەوییە."[19]

**ئەورەحمانی حاجی مارف:**

"لە ڕوی واتاوە چاوگ لە هەمان کاتدا (ناوی ڕووودانیشە) . چاوگ یان فۆرمی دیارنەخراو ئەگەر چی پێکهاتن و تایبەتێتیی خۆی هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سەر بە فۆرمە گەردان نەکراوەکانی کردارە و واتای ڕوودان ڕادەگەیەنێ، بێ ئەوەی ئیشارەت بۆ پێوەندێتی بەڕێژە یان کات یان کەس یان ژمارەوە بکات. گشت چاوگێکی زمانی کوردی کۆتایی بەدەنگی (ن) دێت، واتە لەم زمانەدا تاکە چاوگێك نییە کۆتایی بە دەنگی (- ن) نەهاتبێ و بەو (- ن)ە دەوترێ (- ن)ی چاوگ، بە دەنگی پێش (- ن)ی چاوگ (ا، و، ی، د، ت) لە ڕێزمانی چاولێکەریدا چاوگەکان بەو دەنگانەوە ناونراون؛ چاوگی ئەلفی؛ چاوگی واوی؛ چاوگی یائی؛ چاوگی تائی؛ چاوگی دالی. لەم ڕووەوە چاوگ وەك ناوی مەعنەوی لەکاردایە، بەڵام ئەم پرۆتسێس نیشان دەداو هەرچی ناویشە شت دیاری دەکا. چاوگ تایبەتێتیی حاڵاتی کردار (ڕێژە، کات، کەس، ژمارە)ی نییە، بەڵام ئەرکی هەمە جۆری ڕستەسازیی بەجێ دێنێ و بەتایبەتی هەندێ ئەرکی ئەوتۆ، کە فۆرمی گەردان کراو ناتوانێ جێبەجێی بکات. بەپێی فۆرمی چاوگ و پێوەندیی بنەمای ڕەگ و قەد، کرداری سادە بە سەر پێنج کۆمەڵەدا دابەشدەکرێ:

١- کۆمەڵی بە (- ان) کۆتایی هاتوو.
٢- کۆمەڵی بە (- ین) کۆتایی هاتوو، ڕوانینی بە تێنەپەڕ داناوە.
٣- کۆمەڵی بە (- وون) کۆتایی هاتوو.
٤- کۆمەڵی بە (- تن) کۆتایی هاتوو، زۆربەیان تێپەڕن.
٥- کۆمەڵی بە (- دن) کۆتایی هاتوو. تەنیا (مردن) تێنەپەڕە

١٨ - تۆفیق وەهبی (١٩٢٩: ٢٥)
١٩ - تۆفیق وەهبی (١٩٢٩: ٥٢)

پێوەندیی هەمیشەیی چاوگ بەکردارەوە بەڵگەی وشەسازی و ڕستەسازی ئیسپاتی دەکەن: بوونی تێنەپەڕی و تێپەڕی(مردن - مراندن)؛ کارا دیاری و کارا بزری (کوشتن - کوژران)

١_) خێرا ڕۆیشتن،          ئاوخواردنەوە،
ئاوەڵکردار          بەرکار

لەبارەی ڕستەسازییشەوە چاوگ دەتوانێ وەك ئەندامی سەرەکیی ڕستە و تەواوکەر خۆی بنوێنێ."[٢٠]

**کازم عەباس عەلی:**

پۆلێنکردن: لەم هەوڵەیدا، نە خۆی ئاماژەی بە بنەمای ئەم پۆلێنکردنەی داوە، نە ڕوونکردنەوەی لەسەر پێشکەشکردووە، لێرەداو لە پێناسەکەیدا ئاماژەی بە سەرچاوەی زانستیی نەداوە، لەگەڵ ئەوەیشدا ئەم پۆلانەی دیاریکردووە.

١- چاوگی سادە (ناوی کرداریی سادە):
أ- سەربەخۆ: (کێڵان، مردن، ڕۆیشتن، ناردن)ی بەبێ پێشگرو پاشگر یان وشەی سەربەخۆی تر.

ب- بەیاریدە (اندن): چەقاندن، سوتاندن، گریاندن.
(ەوە): کردنەوە، خواردنەوە، سوتانەوە،
(هە): هەژماردن، هەناردن.
(ئا ـــ ئە) (ئەسپاردن، *ئاخافتن)

٢- چاوگی ناسادە (ناوی کرداریی لێکدراو، ناوی کرداریی داڕێژراو):
أ- داڕێژراو: (داگرتن، پێسپاردن، هەڵپەساردن، لێبوردن، لێبوورین)
ب-دروستکراو:

ب-١/ لێکدراو: (سەماکردن، کارکردن، خۆکوشتن، گوێگرتن، خۆفرۆشتن، نەخۆشکەوتن، پیربوون، ئازادکردن، ڕزگاربوون، سکچوون، کۆستکەوتن)

---

٢٠- ئەوڕەحمانی حاجی مارف (٢٠٠٠: ١٨،٣٢، ٣٣-٣٥، ٣٧، ٣٨)

ب-٢/ لێکدراو بەمۆرفیمەوە؛ پێشگر، پاشگر، پێشناوی سەربەخۆو ناسەربەخۆ: (کارپێکردن، گوێلێگرتن، خۆهەڵکێشان، بەگەڕخستن، لەکارکەوتن، لەکارخستن، بەکارخستن)

بە بۆچوونی کازم عەباس (٢٠١٣: ٢٤-٢٨، ٤٠، ٤٣) ناوی کرداریی بەرهەمێکی پێگەییوی کۆمەڵێك گۆڕانکارییە، کە لە ڕەگەوە دەستپێدەکات و ناوو قەدو باڵاو لق و پۆپ و پەلك بۆ خۆی دروستدەکات. چاوگ و کار دوو بابەتی جیاوازن لە دروستبووندا، بەڵام تێکەڵن لە بەکارهێناندا. هەر لە بەر ئەم تێکەڵییەش زۆربەی مامۆستایانی زمانەوانیی گەیشتوونەتە ئەم ڕایەی کە چاوگ ئەو وشەیە کە واتای کاری تێدا بێت بە بێ کات. ڕەگی چاوگ بنچینەی دروستبوونی چاوگە.

## ڕەفیق شوانیی:

"چاوگ بەهۆی ڕەگەکەیەوە، کە بناغەی وشە پێکدەهێنێ، سەرچاوەی داڕشتنی وشەی تازەیەو ژمارەیەک وشەی وەک فرمان خۆی، ناوی بکەر، ناوی بەرکار، ناوی چاوگ، ناوی شوێن، ناوی ئامێر، ناوی لێکدراو (لە بناغەی چاوگی لێکدراوەوە) هەروەها وشەی تری لێوە وەردەگیرێ. چاوگ وەك بەشێك لەبەشەکانی ئاخاوتن ناوی کردارێکی گشتی دەبەخشێت و نەبەستراوە بە کەس و کاتەوەو گەردانناکرێت. چاوگ و فرمان هەردووکیان تایبەتێتیی ڕووداوو کرداریان تێدایە، بەڵام فرمان کەس و کاتی تێدایە، کە لەچاوگدا بەدیناکرێت."[٢١]

## محەمەد مەعرووف فەتاح و سەباح ڕەشید قادر:

"(ن)ی چاوگ کە بە مۆرفیمێکی ڕێزمانی دانراوە، دەشێ بە مۆرفیمێکی وشەداڕێژیش دابنرێت، چونکە بەشی ئاخاوتن لە کارەوە دەگۆڕێت بە چاوگ و وەک ناو ڕەفتاردەکات."[٢٢]

ئەگەر وشە دروستکەربێت، ئاشکرا نیە ڕەگی کردار و تافەکە بۆ ئەم دروستکردنە لە کوێوە دەهێنین؟

## وریا عومەر ئەمین:

"ناوی کرداریی بە زیادکرنی /- ن/ بۆ ڕەگی ڕابوردوو دەستدەکەوێت. ناوی کرداریی هەموو تایبەتمەندییەکی فۆڕمی ناوی هەیە."[٢٣]

---

٢١ - ڕەفیق شوانیی (٢٠٠١: ١١٤، ١١٨، ١١٩)
٢٢ - محەمەد مەعروف فەتاح و سەباح ڕەشید قادر (٢٠٠٦، ٢١)

مەبەست لە ڕەگی ڕابوردوو قەدی تافییە، کە بریتییە لە (ڕەگ + مۆرفێمی تافی ڕابوردوو). /- ن/ ی بە ناوکردن و لەکارخستنی بۆ زیادناکرێت، لە هەموو ئەمانەدا، کە ڕەگ و مۆرفێمی تافی ڕابوردوو لەگەڵ /- ن/ ی بەناوکردن و لەکارخستن لە فەرهەنگدا ئامادەن، ناوە کردارییەکە دروستدەکرێت، پاشانیش لە بەشەکانی داهاتودا ئاشکرادەبێت، کە بەدەر لە ناوە کردارییەکانی ناو فەرهەنگ، کرداریش هەن، کە لە سینتاکسدا بەرهەمدەهێنرێن و ناوی کردارییان نییە.

## :D.N. MACKENZIE

"کردارەکان لە ناوی کردارییەوە وەردەگیرێن، کە هەمیشە کۆتاییان بە /ن/ هاتووە، بەلابردنی ئەو /ن/ە قەدی ڕابوردوومان دەستدەکەوێت، کەواتە /- ن/ نیشانەی ناوی کردارییە." ئەم زانایە (مەکەنزیی) بۆ کرداربەندیی کرداری ناویی بەکاردەهێنێت و بۆ کرداری /بوون/یش، کە واتای (وجود) دەگەیەنێت، دەڵێت (سەرەناوی کرداریی) بەکاردەهێنێت. هەروەها ئاماژەیش بەوە دەدات، کە دروستەکەی لە سەگمێنتە کردارییەکانی /هە + بوون/ەوە هاتووەتەئاراوە، هەبوونی خاوەنداریی بۆ (MACKENZIE) دۆخی خستنەژێری هەیە.[٢٤]

مەبەستی مەکەنزیی لە کردارەکان کرداری شکاوەیە و بە پێی شیکردنەوەو لێکۆڵینەوەکانی ئەم نامەیە، پێناسەکەی مەکەنزیی دروستترین پێناسەیە. دەربارەی بونی حاڵەتیی و کردەیی بڕوانە بەشەکانی داهاتوو!

## :Ernest N .McCarus

"ناوی کردارییش وەکو ناو دەشکێنرێتەوە.

٢_) <پاش هاتنم بۆ ئێرە.> <میوانێك هات بۆ بینینم.>
هاتنم ~ هاتنی من بینینم ~ بینینی من

قەد و لاگرەکان پێکەوە کردار و ناوی کردار یی پێکدەهێنن."[٢٥]

---

23- WARIA OMAR AMIN (2011,43)
24- D.N Mackenzie (I, 1961, 85, 92)
25 - Ernest N .McCarus (1958: 49, 82)

ئەم ڕاڤەکردنە کورتە لەگەڵ بەشێکی پێناسەکەی مەکەنزییدا یەکدەگرێتەوە.

**یوسف شەریف:**

سەرچاوەی کار چاوگە، هەروەک بەشێکی زۆری ڕێزماننووسان و زمانەوانەکان لەسەر ئەم بۆچوونەن.[٢٦]

لە دروستبوون و دروستکردنی ناوی کرداریی لە مۆرفۆلۆژیی کوردییدا و ئامادەبوونی ناوە کردارییەکان لە فەرهەنگدا هیچ ئاماژەیەک بەمانە نەدراوە، بۆیە پێناسەیەکی ڕون و ئاشکرای تێدا نابینرێت.

**مەحموود فەتحوڵا ئەحمەد:**

مەحموود فەتحوڵا لە نامەی دکتۆراکەیدا، هەروەک لە پێڕستەکەیدا دەبینرێت، لە تاف و ڕوکار و ڕێژە و ئەو بابەتانەی کە پێوەندییان بەمانەوە هەیە، شیکردنەوە و گفتوگۆیکردووە و بە هیچ جۆرێک ئاماژەی بە پێوەندیی نێوان توخمەکانی ناوی کرداریی ناو فەرهەنگ و کرداری شکاوەی ناو سینتاکس نەداوە.[٢٧]

**محەمەدی مەحویی:**

">>ناوی کرداریی<<، ئەو ناوەیە کە لە ئاوەڵناوی کردارییەوە هەڵدەگوێزرێت و لە نەبوونی دۆخی ڕێزمانیدا جێگەی چاوگ دەگرێتەوە. ناوە کردارییەکە بە بێ کەس unpersonal بەکاردەهێنرێت و ناوی ڕەوتی کردەکە دەهێنێت و ئاماژەیپێدەدات.

لەزمانی کوردیدا، هەم ئاوەڵناوی کرداریی و هەم ناوە کردارییەکە خستنەتەکیەکیین و پەیکاڵی پێکهاتووی خستنەپاڵین و لە فۆڕمی فرێزی پێشناوییدا ئاوەڵناویی بەکاردەهێنرێن، کە لەڕێی روونکردنەوەکانی (پیاوکوشتن/ نانخواردن) و پێکهاتووە خستنەپاڵییەکانی <چاوی جوان، کوڕی پاشا> ەوە پشتگیریی تەواوی ئەنجامە دەستکەوتووە دەکەن، کە دەڵێت چاوگ لە زمانی

---

٢٦ - یوسف شەریف سەعید (٢٠١٣: ٤ )

27- Mahmoud Fathulla Ahmad (2004)

کوردیدا نییە، بەڵکو تەنیا ناوی کرداریی هەن – ئەو کردارەی دەکرێت بە ناو-، بۆیە وەک سەرەناو لە وشەی لێکدراوو وەک فرێزی ناویی لە فرێزی خستنەپاڵیی، فرێزی پێشناویی و فرێزی ناویی بکەریی و بەرکارییشدا بەکاردەهێنرێن.[٢٨]

## ٤/١) شکاندنەوەی کردار لە ڕستەدا بە وشە و مۆرفێم

### ٤/١_١) پێداچوونەوە بە کارەکانی پێشوودا

ئەو زمانەوانانەی، کە گفتوگۆیان لەسەر (تاف، کەس، ڕوکار و ڕێژە) ی زمانی کوردیی کردووە، بەپێی هاوبەشییان لە بڕیارە چەسپاوەکانیاندا کراون بە دوو گروپەوە؛ (ئەوڕەحمانی حاجی مارف، وریا عومەر ئەمیین، مەکەنزیی و مەکاریۆس) گروپی یەکەم پێکدەهێنن. گروپی دوهەم بریتیین لە (محەمەدی مەحویی و مەحموود فەتحوڵا). بۆچونەکانی هەر زمانەوانێک بەجیا لەسەر تاف، پاشان لەسەر کەس و ڕوکار و ڕێژە ڕاڤەکراون و کورتەوپوختەی هەریەکەیشیان لە کۆتاییدا پێشکەشکراوە.

### ٤/١_١) لێکدانەوە و بۆچوونی یەکەم

#### ٤/١_١_١) تاف

**ئەوڕەحمانی حاجی مارف:**

کرداری سادە بە سەر پێنج کۆمەڵەدا دابەشدەکرێت:[٢٩]

بنەمای کردار هەڵگری واتای کردارە. کرداری زمانی کوردیی خاوەنی دوو بنەمایە، بنەمای کاتی ڕابوردوو و کاتی ڕانەبوردوو. بناغەی کاتی ڕابوردوو (قەد)ەو ئەوەی کاتی ڕانەبوردوو (ڕەگ)ە.[٣٠] قەد: هەموو چاوگێك کە (ن)ی چاوگی لێبکرێتەوە، (قەد) دەمێنێتەوە. قەد بنەمای هەموو ڕابوردوویەکە. لەپێکهاتنی وشەسازیی زمانی کوردییدا پەیوەندیی

٢٨ - محەمەدی مەحویی (٢٠١٠: ٢٥٦، ٢٥٧ )
٢٩ - بڕوانە ئەوڕەحمان حاجی مارف (٢٠٠٠: ٣٢-٣٥، ١٠٦، ١٨٧)!

٣٠ - هەر یەک لە زمانەوانان (مەکاریۆس و مەکەنزیی و وریا عومەر ئەمیین) (قەد)یان بۆ ڕابوردوو و ڕانەبوردوویش بەکارهێناوە. بڕوانە (١/١-٢) و (١/١-٣) و (١/١-٤)!

دەوروبەر بەتایبەتیی لە فۆرمی جۆربەجۆری کاتی کرداردا بەباشیی دەبینرێت. بەم جۆرە کاتی ڕێزمانیی وەک یەکێک لە فۆرمەکانی ڕەنگدانەوەی واقیعیی بابەتیی هەبونی کات لە زماندا خۆی دەنوێنێت. لە ڕوی پەیوەندیی بەکاتەوە، هەمیشە کەڵک لە مەودای جیابوونەوە وەردەگرین، لە ڕێزماندا، کە بریتییە لە دەمی ئاخاوتن. دەشێت بڵێین کاتی ڕێزمانیی بەندە بە هۆش و ئاگای ئاخێوەرەوە. کاتی ئێستا وەک یەککەوتن لەگەڵ دەمی ئاخاوتندا تەماشا دەکرێت. کاتی ڕابوردوو- وەک پێش ئەو دەمە؛ کاتی ئایندەش وەک دوای. لە ڕاستیدا جیاکردنەوەی کاتە ڕێزمانیەکان بە پێی مەبەستی ئاخێوەر (یان نوسەر) دیاردەکرێن.[٣١]

**وریا عومەر ئەمیین:**

کردار لە ڕوی کاتەوە بە دوو جۆر دەشکێتەوە، ڕانەبوردوو و ڕابوردوو. هەمو کردارێک ڕەگی ڕابوردوو و ڕانەبوردووی هەیە. هەر هەوڵێک بۆ دانانی یاسایەک، کە ڕەگی ڕانەبوردوو لە ڕابوردوو یان چاوگەوە وەربگرێت، نەزۆک دەبێت.[٣٢] پێیوایە لە دروستەی قووڵدا (DP) کردار لە شێوەی ڕەگدایە. تاف پەیوەندیی بە سینتاکس و سێمانتیکەوە هەیە و زۆر ئاڵۆزە. لە زمانی کوردییدا جیاوازیی کات و تاف ڕوون و ئاشکرایە. لەگەڵ ئەوەیشدا دەشێت کاتی ڕانەبوردوو بە هۆی فۆڕمێکەوە دەربېڕدرێت، کە پێیدەگوترێت ڕابوردوو.

٣-) بەیانیی کە هاتم، پێمبڵێ.

کەواتە لە زمانی کوردییدا دژیەکیی ڕابوردوو و ڕانەبوردوو بابەتی کات نین.

ا) تاف پەیوەندیی بە سینتاکسەوە هەیەو کاتیش بە سێمانتیکەوە[٣٣].

---

٣١ - لە گفتوگۆکانیدا ئەوە بەدیدەکرێت، کە لە تاف نەدواوە.

٣٢ - بڕوانە لێکۆڵینەوەی یەکەم!

٣٣ - دەشێت مەبەستی لەوە بێت، کە تاف لە سینتاکسدایەو مەرج نییە تافی ڕابوردوو لە ڕوی سێمانتیکیشەوە ڕابوردوو بێت. بە واتا ئەو کاتە فیزیکییە ناگەیەنێت، کە باس لە چرکە و خولەک و ... دەکات. بۆ ئەم زانیاریەیش ئاماژەی بە هیچ سەرچاوەیەک نەداوە.

ب) له ڕوی مۆرفۆلۆژییەوە تاف وشەیەکی سەربەخۆی نییە، بەڵکو مۆرفیمێکە بە ڕەگەوە دەنوسێت، بەڵام کات وشەی سەربەخۆی هەیە،کە دەشێت خۆی ڕانەبوردوو بێت و له فۆڕمێکدا بنوێنرێت، کە واتای ڕابوردوو بگەیەنێت[٣٤].

## :Ernest N .McCarus

کردار پێنج تافی هەیە، کە لەسەر دوو بنەمای قەدی ڕابوردوو و قەدی ڕانەبوردوو دامەزراوە. لەڕابوردوودا دەکەوێتە کۆتایی ڕەگەکەوە، بەڵام لەڕانەبوردوودا ئەو تافانە دەبن بە سفر، بەڵام لە (شکان و مان)دا نابن بە سفرو دەبن بە (ێن).[٣٥]

٤-) /شکان/ /شکێن/

٥-) /مان/ /مێن/

ا) تافی ڕانەبوردوو: ڕەگی ڕانەبوردوو

٦-) دە – خۆ – م

ب/ تافی ڕابوردوو/ ڕەگی ڕابوردوو:

ڕابوردووی سادە: ٧-) خوارد – م

ناتەواوبویی: ٨-) دە – م – خوارد

ڕانەبوردووی تەواو: ٩-) خوارد – و – م – ە

ڕابوردووی تەواو ١٠-) خوارد – بوو – م

---

٣٤ - وریا عومەر ئەمیین (٢٠١١: ٤٣-٤٥)

٣٥ - بروانە: Ernest N .McCarus (١٩٥٨: ٥٣-٥٤)

**: D.N. Mackenzie**

کردار دوو کاتی سادەی هەیە، ئەویش ڕابوردوو و ڕانەبوردووە، کە لەقەدی ڕابوردوو و قەدی ڕانەبوردووەوە دروستدەبن. ئەم دوو کاتەش لاگری مۆداڵییان هەیە. (مەبەستی ڕوکارە).[٣٦]

**٤/١_١_٢) ژمارەو توخم**

**ئەوڕەحمانی حاجی مارف:**

شکاندنەوەی کردار بە پەیوەندیی نێوان پێکهاتن و بنەمای جیاوازی کردار دادەنێت. کردار لە زمانی کوردییدا خاوەنی تایبەتێتیی کەس (یەکهەم، دوهەم، سێهەم)؛ ژمارە (تاک، کۆ)؛ تاف (ڕانەبوردوو: ئێستا، ئایندە، ڕابوردوو: نزیک، بەردەوام، تەواو، دوور)؛ ڕێژە (ئیخباریی، ئینشائیی، داخوازیی).... ڕەگ و قەدە.

پەیوەندیی نێوان ئەو پێکهاتانە تەنها بەپێی حاڵەتی کەس و ژمارە جیادەکرێنەوە، بۆ نموونە:

| | | |
|---|---|---|
| ١١- | من | دەخۆم |
| ١٢- | تۆ | دەخۆی(یت) |
| ١٣- | ئەو | دەخوا(ت) |
| ١٤- | ئێمە | دەخۆین |
| ١٥- | ئێوە | دەخۆن |
| ١٦- | ئەوان | دەخۆن |

لە زمانی کوردییدا کردار، کە جێناوی لکاو وەردەگرێت، پەیوەندیی بە کات و هێز (تێپەڕیی و تێنەپەڕیی) ەوە هەیە. وەك باوە، خاسیەتی کردار لە حاڵەتی (کەس)و (کات)و (ڕێژە)دا

٣٦ - بڕوانە: D.N. Mackenzie (١٩٦١: ٨٤)

تەماشادەکرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا ئەو حاڵەتانە بەشێکی فۆرمی کردارن، بۆیە ناتوانن ببنە کەرەستەی جیاکەرەوەی کردار وەك بەشە ئاخاوتنێك لە ڕاستیدا. لە زمانی کوردییدا دوو جۆر مۆرفیمی وشەگۆڕ هەیە، کە دەشێت پێیانبگوترێت (نیشانە)، ئەو نیشانانە بەکۆتاییەوە دەلکێن و بە (Inflexion) ناسراون. ئەوانەیشیان، کە لەسەرەتاوە دێن و لە زمانی کوردییدا باون، لە زانستی زماندا (Augment)یان پێدەگوترێت.[٣٧] (ئۆگمێنت [o:g . mənt] ئەو پێشگرە شکێنەرەوانەی کردارن، کە زیاتر لە زمانە ئێرانییەکاندا بەرچاودەکەون و ڕۆڵی تاف بەرجەستەدەکەن.)[٣٨] وەک /دە_/ لە /دەخۆم/ ی کوردیی و /می_/ لە /می خورم/ ی فارسییدا.

**وریا عومەر ئەمیین:**

لەسەر بنەمای تێپەڕیی و تێنەپەڕیی، ڕابوردوو و داهاتوو، سێ کۆمەڵە جێناوی جیاوازی لەیەکجیاکردوەتەوە:

| کۆمەڵەی یەکەم | کۆمەڵەی دوەهەم | کۆمەڵەی سێهەم |
|---|---|---|
| - م | - م | - م |
| - ت | - ی(ت) | - ی(ت) |
| - ی | - Ø | - ا(ت)، ێ(ت) |
| - مان | - ین | - ین |
| - یان | - ن | - ن |

خشتەی (١) جێناوە لکاوەکان

٣٧ - ئەورەحمانی حاجی مارف (٢٠٠٠: ٤، ٨، ١٣-١٤، ٢٦)

38- Georgios K. Giannakis (2013: 13)

جیاوازیی نێوان کۆمەڵەی دوهەم و سێهەم لە کەسی سێهەمی تاکدایە. لەگەڵ ئەوەشدا، نواندنی ڕێککەوتن Concord کێشەیەکی گرنگە لە زمانی کوردییدا. زیاتر لە کۆمەڵە پاشگرێکی شکاندنەوە، نەک هەر دەتوانن لەگەڵ تایبەتمەندیی سینتاکسیی بکەر (ف ن) دا بێن، بەڵکو لەگەڵ تاف (ڕابوردوو و ڕانەبوردوو) و جۆری کردار لە ڕووی (تێپەڕ و تێنەپەڕ)یشەوە دێن. دەتوانرێت ڕۆڵی سێ کۆمەڵەکە لەم خشتەیەدا وێنەبکێشرێت:

| تاف | تێپەڕیی | تێنەپەڕیی |
|---|---|---|
| ڕابوردوو | 1 | 2 |
| ڕانەبوردوو | 3 | 3 |

خشتەی ژمارە (٢)

کردار لەگەڵ بکەر (ف ن) دا لە ڕوی ژمارە (تاک و کۆ) و کەس (یەکەم و دوهەم وسێهەم) ەوە ڕێکدەکەوێت، ڕێکەوتن لە هەموو فۆڕمەکاندا هەیە. ڕێککەوتنی بکەر و کردار لە ئاستی قووڵدا نییە، ڕێککەوتنی کەس و کردار خورتییە، کاتێک ئەم کەسە لکاوە لەگەڵ کرداردا دێت، هێنانی (فرێزە ناویی) ەکە بەپێی یاساکانی گوێزانەوە سەرپشکییە.

١٧- (من) خوارد – م ⟵ خواردم

ئەو جێناوەی لەگەڵ بەرکاری ڕاستەوخۆدا ڕێکدەکەوێت، بەپێی تاف دەگۆڕێت. لە ڕابوردوودا کۆمەڵەی دوهەم دەبن بە بەرکار. لە ڕانەبوردوودا کۆمەڵەی یەکەم دەبن بە بەرکار، بەڵام هۆکاری هاتنی کۆمەڵەی یەکەم و دوهەم بەو یاسایەی، کە ئاماژەپێیداوە، ڕونەکردوەتەوە.

١٨-ا) من تۆم دەنارد. ١٨-ب)من دەمناردیت. (بەکلیتیککردنی ئاڵۆز)

١٩-ا) من تۆ دەنێرم. ١٩-ب) من دەتنێرم

لەگەڵ بەرکاری ناڕاستەوخۆدا جێناوی لکاو بە پێی تافی کردار و شوێنی جێناوەکە دەگۆڕێت:

٢٠_ من بۆتان دەنوسم.

٢١_ تۆ بۆمانت نوسی.

٢٢_ا) خوا بۆ منی ناردیت.

٢٢_ب) خوا تۆی بۆ ناردم. ٢٢_پ) خوا بۆی ناردمیت. (بەکلیتیککردنی ئاڵۆز)

٢٣_ا) خوا ئەومان بۆ دەنێرێت. ٢٣_ب) خوا بۆ ئێمەی دەنێرێت.

٢٣_پ) خوا بۆمانی دەنێرێت.[٣٩]

## Ernest N .McCarus

کاتێك کردار ڕستە دروستدەکات، چەند پۆلێك تایبەتمەندیی لەگەڵدا دێت، کەس (یەکەم و دووەم و سێیەم)، ژمارە (تاك و کۆ)....هتد. کەس و ژمارە هەمو کاتێك لەگەڵ کرداردا هەن، جگە لەکرداری ناتەواو، باسی چۆنێتیی هاتنی دوو کۆمەڵە (Set) جێناوەکەی لەگەڵ کرداردا کردووە، بەو جێناوانەیش، کە دەچنە سەر کردار دەڵێت (لاگری کرداریی- Verbal Suffixes).[٤٠]

| کەس | تاک | کۆ |
|---|---|---|
| یەکهەم | م | ین |
| دوهەم | ی(ت) | ن |
| سێهەم | ێ(ت)/ ا(ت) | ن |

خشتەی ژمارە (٣) کەسە لکاوەکان

٣٩ - بۆ ئەم ڕونکردنەوانە بڕوانە وریا عومەر ئەمیین (٢٠١١: ٦١-٩٦)
٤٠ بڕوانە Ernest N .McCarus (١٩٥٨: ٥٢)

وەکو لاگر لەگەڵ هەمو تافێکی کرداردا دێن، جگە لە کرداری تەواونەبوویی. دوو دەستەی لاگر بەکاردەهێنرێن، یەکێکیان بۆ ڕابوردووە تێپەڕەکان و ئەوی تریان بۆ هەموو کردارەکانی تر.

## : D.N. Mackenzie

ئاماژەی بە کات و کەس وەک پۆلەڕەگەزی شکاندنەوەی کردار داوە. ئاماژەی بە کەس کردووە و دوو دەستەی جیاکردونەتەوە؛ (کۆمەڵەی /م – مان/ و کۆمەڵەی /م - ین/)، بە بێ ئەوەی لە ڕوی سینتاکسییەوە ڕونکردنەوەی پێویستیان لەسەر بدات. [٤١]

### ٤/١_١_٣) ڕوکار

**ئەوڕەحمانی حاجی مارف:**

لە ناو گفتوگۆکانیدا لەسەر ڕێژە بەم جۆرە لە ڕوکار دەدوێت: >دەمرێ، مرد، دەمرد، مردووە<، وشەی جیاواز نین و فۆرمی جیاوازی یەك وشەن و پەیوەندیی فۆرم کۆیاندەکاتەوە. لە زمانی کوردییدا ڕاست وایە تەنها ئەو ڕێژانە جیابکەینەوە، کە لە ڕوی وشەسازییەوە جیاوازییان هەیە، جیاوازیی پرسیارو ئەرێنی، یان ئەرێنی و نەرێنی سەر بەو بواری واتایەن، کە ڕێژە ڕایاندەگەیەنێت. یەکگرتنی فۆرمی ڕابوردوو لەگەڵ نیشانەی (بـ - bi)دا واتای مەرجیش و ئارەزوویش دەدات، بەڵام جیاوازیی وشەسازیی لە نێوانیاندا نییە، [٤٢] بۆیە یەك ڕێژەن. لە زمانی کوردییدا سێ ڕێژە جیادەبنەوە: (ئیخباریی، ئینشائیی، داخوازیی).

ا) لەڕوی وشەسازییەوە ڕێژەی ئیخباریی هیچ نیشانەیەکی تایبەتی نییە، ئەوەی لە ڕێژەکانی تری جیادەکاتەوە ئەوەیە، کە ڕێژەی ئیخباریی بەڕێکوپێکی بەپێی کات دەگۆڕێت، بەڵام ڕێژەکانی تر بەو شێوەیە نین.

ب) (بـ - bi) نیشانەی هەرە گرنگی ڕێژەی ئینشائییە، لە کرداری بوونەوە وەرگیراوە، ڕەنگە ڕەگی ئێستای کردارەکە بێت. (دە/ ئە)، کە دەکەونە سەر ڕەگی ڕانەبوردوو، نیشانەن. لە ڕابوردووی تەواودا بە (وو) دەڵێت نیشانە، دەشێت بگوترێت لە گەشەپێدانی ناوی کاراوە

---

٤١ - بڕوانە D.N. Mackenzie (١٩٦١: ٧٣، ٨٩-٩١)
٤٢ - ڕەچاوی تەوژم و ئاوازی جیاوازیان نەکردووە!

دروستبووبێت. (گرتوومانەِ) (ە) بە جێناو دادەنێت. ڕێژەی ئینشائیی: (بـ ، با، ایە) نیشانەی ئەو ڕیژەیەن. بۆ ڕانەبوردوو (بـ) لە بریی (دە) بەکاردێت. پ) /بـ-/ نیشانەی ڕێژەی داخوازییە، کە بە پێش ڕەگەوە دێت.

**١. ئیخباریی**

٢٤- <کەوتم>    ٢٥- <دەکەوتم>

٢٦- <کەوتووین>    ٢٧- <کەوتبووم>

٢٨- <دەفرۆشین>

**٢.ئینشائیی**

٢٩-ا) <کەوتبام>    ٢٩-ب) <بکەوتمایە>

٣٠-پ) <کەوتبم>    ٣٠-ت) <کەوتبووینایە>

٣١- <بکەوم>

**٣.داخوازیی**

٣٢-/وەستان/ <بـ + وەست + ە/ن> = <بوەستە/بوەستن>[٤٣]

**وریا عومەر ئەمیین:**

لە زمانی کوردیدا[٤٤] جیاوازیی نێوان **<خواردم>** و **<ئەخۆم>** بەڕونیی لە تافدایە، ڕابوردوو بەرانبەر بە ڕانەبوردوو. لە **<خواردم>** و **<ئەمخوارد>**دا هەردوکیان ڕابوردوون، جیاوازییان لە تافدا نییە، ڕوکارەکانیان جیاوازن.

لە زمانی کوردییدا سێ جۆر ڕوکار سەلمێنراون: تەواوبویی، ناتەواونەبویی، تەواو.

---

٤٣ - بڕوانە: ئەوڕەحمانی حاجی مارف (٢٠٠٠: ٤٤، ١٨٣، ١٨٥-١٨٦، ١٩١-٢٥٠)
٤٤- بۆ ئەم ڕونکردنەوانە بڕوانە وریا عومەر ئەمیین (٢٠١١: ٤٥-٤٨)

ا- تەواوبویی هیچ توخمێكی ڕێزمانیی لە ڕوكەشدا نییە. كردار ڕوكاری تەوابوویی لە ڕابوردوودا هەیە، لەگەڵ ئەو كردارانەیشدا دێن، كە ڕوكاری ناتەواوبویی و تەواویان پێوە نییە.

٣٢- >خــــوار د – م<

(مەكاریۆس) بۆ تافی ڕابوردوو نمونەی >خواردم< ی هێناوەتەوە، بە بێ ئەوەی قەدە تافییەكە شیبكاتەوەو ڕونكردنەوە لەسەر /- د/ بدات، (وریا عومەر ئەمیین)یش دەڵێت هیچ توخمێكی ڕێزمانیی لە ڕوكەشدا نییە، كاتێكیش ڕونكردنەوە لەسەر >خواردم< دەدات، لە ژێر /- د/ دا نوسیویەتی ڕابوردوو، ئەمەیش نێواندژییە.

ب- فۆڕم و پێشگری /ئە_/ بۆ تەواونەبویی دەبێت. لە زمانی كوردییدا تەواونەبویی لە ڕابوردوو و ڕانەبوردوویشدا دەبینرێت.

٣٣- >ئەخۆین< (impf eat we) We eat

٣٤- >ئەنوستین< (impf sleep past we) we were sleeping [45]

پ- زمانی كوردیی (تەواو)ی لە ڕابوردوو و ڕانەبوردوودا هەیە. ڕابوردووی تەواو توخمێكی فۆنۆلۆژیی دروستیدەكات لە ڕوكەشدا، كە بریتییە لە /بوو/[46].

٣٥- >نوستبوون<[47]

---

٤٥ - >ئەوان نانیاندەخوارد، كە ئێمە دەهاتین.<

+ڕابوردوو

+ بەردەوامیی

+هەمانكاتیی لەگەڵ كردارێكی دیكە

٤٦ - هیچ ڕونكردنەوەی لەسەر ئەوە نەداوە، كە بۆچی بە توخمێكی مۆرفۆلۆژیی وەک /- بوو/ وتووە فۆنۆلۆژیی.

بۆ ڕانەبوردوی تەواویش بریتییە لە /وە/، کە پێکهاتووە لە مۆرفێمی /وو/ی ڕابوردوی دوور لەگەڵ کۆپولا /ە/. بەگواستنەوەی شوێنی تافەکان و ڕوکارەکان دەڵێت یاسای شوێنگۆڕکێ - permutation rules). بەڵام هیچ نمونەیەکی بۆ ئەم بابەتە نەهێناوەتەوە. دەشێت مەبەستی لەم دروستەیە بێت:

٣٦- >نوستووە< [٤٨]

### : Ernest N .McCarus

**ڕوکار:**[٤٩] هەمو تافێک ڕوکاری لاگری تەواونەبویی /- ئە/ لەخۆدەگرێت، یان دەیسڕێتەوە. ئەم لاگرە تەنها لە ڕێژەی ڕاگەیاندندا دەردەکەوێت و لە هیچ ڕێژەیەکی تردا دەرناکەوێت.

٣٧_ >ئەخۆم<

ئەم زمانەوانە وەهای داناوە، کە تەنها لە ڕێژەی دڵنیاییدا دەردەکەوێت، بەڵام ئاگای لەوە نییە لە گومان (پرسیار و مەرج و خۆزگە)یشدا دەردەکەوێت.

٣٨-ا) >ئەگەر دەهاتن، بەباشیی پێشوازییملێدەکردن.<

٣٨-ب) >ئەگەر دەڕۆن، زوو وەرنەوە.<

٣٨-پ) >ئایا دەڕۆن؟<

ئەو تافانەی ئەم ڕوکارە وەردەگرن، ڕانەبوردوو، یان ناتەواوبوون. ئەم ڕوکارە چەند چالاکییەک بە کردار دەبەخشێت.

---

٤٧ - >ئەوان نوستبوون، کە ئێمە گەیشتین.<
+ ڕابوردوو
+ پێش کردارێکی تر
٤٨ - + بەستنەوەی ڕابوردوو (/ت/) بە ڕانەبوردوەوە /ە/
٤٩ - بڕوانە Ernest N .McCarus (١٩٥٨: ٥٢-٥٣)

١. واتای ئەوە دەگەیەنێت لەپرۆسەکەدایە.

٣٩_ /ئەخۆم/، /خەریکی خواردنم/.

٢. واتای ئەوە بەدەستەوەدەدات، کە هێشتا کردارەکە ڕوینەداوە و بۆ داهاتووە.

٤٠_ (/ئەخۆم/، /لەداهاتوودا ئەخۆم/)

٣. واتای دووبارەبوونەوە و خوویش دەگەیەنێت.

٤١_ (/ئەخۆم/، /هەموو ڕۆژێک ئەخۆم/).

ئەم زمانەوانە گفتوگۆی تەنها لەسەر ڕوکاری /ئە-/ کردووە، لە کۆتاییدا دەڵێت "هەمو تافەکانی تر ڕوکاری تەواوبویین، وەک >خواردم<". ئاماژەی بە ڕوکارەکانی تر نەداوە، لەبەرئەوەی وەهایداناوە، کە کردار لە هەر تافێکدا یەک ڕوکاری هەیە.

## D.N. MACKENZIE :

أ) لاگرەکانی ڕوکار[٥٠]

پێشگری /ئە-/ و /دە-/ بۆ ڕانەبوردووی هەواڵیی بەکاردێت و ڕابوردووی هەواڵیی تەواونەبوویی (بەردەوام)مان دەداتێ.

٥٠ - بروانە D.N. Mackenzie (١٩٦١: ٨٧-٨٩)

/بـ -/ له هەموو زارەکاندا پیشگرێکه بۆ دروستکردنی ڕێژەی ڕانەبوردوی گومانیی (Subjunctive)، له ڕابوردوودا لەگەڵ پاشگری /- ایە/ ڕابوردووی مەرجیی دەگەیێنێت. هەروەها دەبێته پێشگر بۆ داخوازییش.

ب) لاگرەکانی نەرێکردن
/نا-/ بۆ ڕانەبوردوو. /نە-/ بۆ نەرێکردنی هەمو تافەکانی تر، به ڕێژەی (Subjunctive) یشەوە. /مە-/ بۆ نەرێکردنی ڕێژەی داخوازیی.
له گفتوگۆکانی ئەم زمانەوانەدا ئەوە بەدیدەکرێت، که تەنها ئاماژەی به (تەواونەبویی) کردووە، هەریک له (تەواوبویی و تەواو) ی فەرامۆشکردووە.

## ٤/١_١_٤) ڕێژە Mood

### ئەوڕەحمانی حاجی مارف:

ڕێژە بەو حاڵەتە ڕێزمانییە دەگوترێت، که پەیوەندیی ڕودان (یان هەلومەرج) به واقیعەوە دەردەبڕێت. ڕێژە ئەو پەیوەندییە نیشاندەدات، کەوا له ڕستەدا له نێوان ڕودان و کرداردا پەیدادەبێت. له زمانی کوردییدا ڕاست وایە تەنها ئەو ڕێژانە جیابکەینەوە، که له ڕوی وشەسازییەوە جیاوازییان هەیە، جیاوازیی پرسیارو ئەرێنیی، یان ئەرێنیی و نەرێنیی سەر بەو بواری واتایەن، که ڕێژە ڕایاندەگەیەنێت.[٥١] یەکگرتنی فۆرمی ڕابوردوو لەگەڵ نیشانەی (بـ - bi)دا واتای مەرجیش و ئارەزوویش دەدا، بەڵام جیاوازیی وشەسازیی له نێوانیاندا نییە، بۆیە یەك ڕێژەن. له زمانی کوردییدا سێ ڕێژە جیادەبنەوە: (ئیخباریی، ئینشائیی، داخوازیی).
ا) ڕێژەی ئیخباریی: لەڕووی وشەسازییەوە هیچ نیشانەیەکی تایبەتی نییە، ئەوەی له ڕێژەکانی تری جیادەکاتەوە؛ ئەوەیە، که ڕێژەی ئیخباریی بەڕێکوپێکیی بەپێی کات دەگۆڕێت، بەڵام ڕێژەکانی تر بەو شێوەیە نین. (بـ - bi) نیشانەی هەرە گرنگی ڕێژەی ئینشائییە، له کرداری بوونەوە وەرگیراوە، ڕەنگە ڕەگی ئێستای کردارەکە بێت.

٥١ ـ گرنگیی به تەوژم و ئاواز نەداوە، که لەو ڕووەوە مەبەستی ڕستەکان دەگۆڕن؛
ـ ئەگەر بڕۆم.
ـ دەمەوێت بڕۆم. + تەوژم بۆ پرسیار

ڕێژەی ئیخباریی بۆ ئەم مەبەستانە بەکاردێت:

٤٢- خەندە بە یەکدیی **دەفرۆشین.** (پرۆتسێسی ڕودان لە کاتی ئاخاوتندا)

٤٣- خوێنت دەکرێتە کاسە. (پرۆتسیسی ڕودان لە کاتی ئایندەدا)

٤٤- لە شەقڵاوە بوم، دەبینم ئازاد بەرەوپیرم دێت. (گێڕانەوەی ڕوداوی ڕابوردوو)

٤٥- بیست و حەوت ساڵە بەبێ زیادوکەم ئەپاڕێمەوە، هەر هاوارئەکەم {پرۆتسێسی درێژەپێدان و بەردەوامیی و دوپاتبوونەوە}

٤٦- دەوڵەمەند باش دەژی. (پیشاندانی ڕاستیی_بێ کات)

ب) ڕێژەی داخوازیی: (بـ ، با، ایە) نیشانەی ئەو ڕێژەیەن. بۆ ڕانەبوردوو (بـ) لە بریی (دە) بەکاردێت. کە بۆ ئەم مەبەستانە بەکاردێت: (دەربڕینی هیواو ئاوات و مەبەست و توانست و تکاو نزا پاڕانەوەو نیاز و ڕازیبوون و جەخت و هاندان و هەڕەشەو پەسەندکردن و ڕالێبوون و گومان و دودڵیی و ترس و پرس و ئیحتیمال و تەسەور).

٤٧-ا) بکەوم ٤٧-ب) کەوتبام ٤٧-پ) بکەوتمایە ٧-ت) کەوتبم

پ) ڕێژەی فەرمان:
بۆ کەسی دووهەمی تاك و کۆیەو ڕابوردووی نییە، ئێستاو داهاتووی هەیە.

بـ + ڕەگی ڕانەبوردوو + ج ⟶ ە / ن

٤٨-ا) بوەستە ٤٨-ب) بوەستن

که جێناوەکە بوو بە کەسەکانی تر، هەرچەندە واتای فەرمانی تێدایە، بەڵام دەبێت بە داخوازیی.[٥٢]

٤٩- با بڕۆین[٥٣]

**وریا عومەر ئەمیین:**

ا) فرمان و داخوازیی (Subjunctive): بە زیادکردنی مۆرفێمی /ب/ بۆ سەر ڕەگی کردار دروستدەبێت. لەگەڵ ڕەگی ڕانەبوردودا /بـ_/ دەبێت بە پێشگر و ڕانەبوردووی ئیلزامیی دروستدەکات.

٥٠- بـ + خۆ[٥٤]
لەگەڵ ڕەگی ڕابوردودا /_بـ/ دەبێتە پاشگر و ئیلزامیی تەواوبوو دروستدەکات.
٥١- خوارد + بـ

ب) فرمان (Imperative): هەموو ڕێزمانەوانە کوردەکان ئەم ڕێژەیەیان داوەتەپاڵ کەسی دوهەم (تاک و کۆ). لە ڕوی مۆرفۆلۆژییەوە، فرمان لە ڕەگی ڕانەبوردوو و پێشگری /بـ _/ دروستدەبێت.

٥٢-ا) بـ + خۆ + Ø
٥٢-ب) ب + خۆ + ن[٥٥]

---

٥٢ - + مەرجیی: ئەگەر خوێنت دەکرێتە کاسەوە،....
+ پرسیار: بڕوات؟
٥٣ - بڕوانە ئەوڕەحمانی حاجی مارف (٢٤٠:٢٠٠٠)
٥٤ - بەم دروستەیە، کردارەکە فرمانە، نەک ئیلزامیی
٥٥ - وریا عومەر ئەمیین (٢٠١١: ٤٩-٥٠)

## ٤/١_٢) لێکدانەوە و بۆچوونی دوهەم و بۆچونی لێکۆڵەر

### ٤/١_٢_١) تاف و کەس

کەسە لکاوەکان و جێناوە لکاوەکان بە پێی پێڕەوی تاف شوێنیان لەکردار و ڕستەدا دیاریدەکرێت و هۆهاندەری سینتاکسیی خۆیان هەیە، کە تافەکە دۆخی ڕێزمانیی و جێکەوتەکانیان دیاریدەکات، بۆیە لای گروپی دوهەم، تاف و کەس پێکەوە باسکراون. لەبەرئەوە لەم بەشەدا تاف و کەس پێکەوە ڕاڤەکراون.

**مەحموود فەتحوڵا :**

شیکردنەوەکانی ئەم زمانەوانە، نە لە پەیوەندیی نێوان ناوی کرداریی و شکانەوە و شکاندنەوەی کردار گفتوگۆیکردوەو نە لەسەر کرداری ئاڵۆز، بەڵام لەسەر پۆلەڕەگەزەکانی ئەو دوانە دەدوێت.[٥٦]

تاف کاتیگۆرییەکی ڕێزمانییە، بە هۆی مۆرفیمێکی دیاریکراوەوە دروستدەبێت، کە دەچێتە ناو کردار. هەروەها کاتیگۆرییەکی فەرمییە، کە کاتە پەیوەندیدارەکانی ڕابوردوو و ئێستا و داهاتوو دەستنیشاندەکات. لە زمانی کوردییدا تافە بنەڕەتییەکە لەسەر دوو بنەما جیاکراوەتەوە، کە پێیدەگوترێت تافی ڕابوردوو و ڕانەبوردوو.

تاف تایبەتمەندیی و ئەدگاری سروشتیی کردارە، هەرچەندە تایبەتمەندیی و ئەدگاری ڕستەیشە نەک تەنها کردار. لە زمانی کوردییدا کردار دوو کاتی سادەی هەیە، ڕابوردوو، ڕانەبوردوو، کە لەگەڵ ڕەگدا دێن. ڕانەبوردوو پەیوەندیدارە بە بارودۆخێکەوە، کە بەهۆی توخمە کردارییەکانەوە وەسفی دەمی ئاخاوتن دەکات. ڕابوردووش پەیوەندیدارە بە بارودۆخێکەوە، کە بەهۆی توخمە کردارییەکانەوە وەسفی چەند کاتێکی جیاواز دەکات لە ڕابوردوودا.

تافی ڕابوردوو: زمانی کوردیی چەند مۆرفیمێکی بەندی هەیە (/ا/، /ت/، /د/، /ی/، /و/)، کە بۆ ئاماژەدان بە تافی ڕابوردوو دەچنە سەر ڕەگی ڕابوردوو، کە بە ڕوکاریش ناویاندەبات.

٥٣-ا) سوتــاØ ٥٣-ب) کوشتِم ٥٣-پ) بردِمان ٥٣-ت) سەربیڕی ٥٣-ج) چوِین

٥٦ - بڕوانە: مەحموود فەتحوڵا (٢٠٠٤: xvi، ٣٥- ٤٠)

تافی ڕانەبوردوو: لە پێشگری /دە-/، ڕەگی ڕانەبوردوو و جێناوی کەسیی دروستدەبێت.

٥٤ _ دەکڕم (لێرەدا بە پێشگر ناویهێناوە، بەڵام لە بابەتی ڕوکاردا پێیدەڵێت ڕوکار.)

کەس: لە زمانی کوردیدا دەتوانرێت دوو دەستەی سەرەکیی جێناوی لکاو لەیەکجیابکرێنەوە؛ کە هەردوو دەستەکە وەکو لاگر لەگەڵ ڕابوردوو و ڕانەبوردودا لەشوێنی جیاوازدا دێن. دەستەیەکیان لەگەڵ کرداری ڕابوردووی تێپەڕدا دێن، دەستەکەی تریان لەگەڵ هەموو جۆرەکانی تری کرداردا دێن. ئەم بۆچونەی لە مەکاریۆسەوە وەرگرتووە، بەبێ ئەوەی ئاماژەیپێبدات.[٥٧]

**محەمەدی مەحویی:**

پۆلە ڕەگەزەکانی شکاندنەوە ئەو گۆکردنە سینتاکسیی_سێمانتیکیانەن، کە یاسابەندانەن. ئەو مۆرفیمانەی، کە فۆرمە وشەکان دروستدەکەن و ڕێزمانەکە دیارییاندەکات و دەیانهێنێت، ناونراون >>شکێنەرەوەکان<< Flexive. بڕوانە /- ت/ لە >گرتم< و /ت/ لە >خواردمت< دا هەمبەر بە /هەڵ، دا، ڕا.../ لە >هەڵیگرت، دایگرت، ڕایگرت< دا.

لە کەس و ژمارەدا، ڕەهەندەکانی "ژمارە" و "کەس" ن. ڕەهەندەکان پۆلەڕەگەزیان هەیە. دوو کاتەگۆریی لە ڕەهەندی ژمارە هەیە (تاک، کۆ) کەواتە ناوی پۆلە ڕەگەزەکان 'تاک، کۆ' ن. سێ پۆلەڕەگەزیش لە ڕەهەندی کەس هەیە، کە "یەکەم، دوهەم، سێهەم" ن.

| تاف | | (ڕەهەند) |
|---|---|---|
| ڕابوردوو | داهاتوو | (کاتەگۆریی) |

خشتەی ژمارە (٤) تاف

٥٧ - ئەم بۆچونەی لە مەکاریۆسەوە وەرگرتووە، بەبێ ئەوەی ئاماژەیپێبدات. (بڕوانە ٢/١-٣)

کلیتیکی بکەریی بەپێی پێڕەوی تاف، بە کردارەوە یان بە بەرکارەوە لکاوە. هەلومەرجی دەرکەوتنی کلیتیکی بەرکاریی، بەڵام هۆهاندەری سینتاکسیی خۆی هەیە، کە بۆ نمونە بۆ ئەوەیە لە مەرج و ڕێساکانی گواستنەوە لانەدرێت و بریندارنەکرێن. جۆری وشەکانی کە دەتوانرێن گەردانبکرێن، دەتوانن نیشانەکانی 'کەس، ژمارە، تاف، ڕێژە، توخم' وەربگرن، گشت جۆری ئەو وشانەی کە گەرداندەکرێن، تەنها کردارەکانن. کردارەکانی زمانی کوردیی بە گشتی دەتوانن ئەم نیشانانە هەڵبگرن:

کەس ١هەم ٢هەم ٣هەم

ژمارە تاک ، کۆ (دوانە)

تاف (کاتەکانی تاف) ڕابوردوو، (ئێستایی)، داهاتوو

ڕوکار: تەواوبویی (دوریی)، ناتەواوبویی (بەردەوامیی)

ڕێژە (ا) ڕاستیی بێ_کات (ب) گومان: فرمان و داخوازیی، مەرجیی، پرسیار ....

توخم نێر، مێ، بێلایەن ....

توخمی کردار بکەردیار، بکەرنادیار

فۆرمی کردارەکان نیشانەکانی تاف لەگەڵ کەس و ژمارە هەڵدەگرن، کرداری کاتوکەسدارن finite verb (<گرتیی>، <دەگرێت>). ئەو کردارانەی نیشانەی تافیان هەڵنەگرتووە، بەڵام نیشانەی کەس و ژمارەیان هەڵگرتووە، فۆرمی کرداری بێ کاتیان infinite verb form هەیە. بە پێی ئەمە کردارێک، کە نیشانەی کاتی هەڵگرتووە، تەنها کاتێک ئەم توخمە تافییەی گۆکردنی هەیە و لەکاردایە، کە کەس و ژمارەی هەڵگرتبێت. (<گرتم، کوشتی، ...>). ئەگەر ڕەگی کردار یان ڕەگ و نیشانەی تافەکەی (گر + ت، کوش + ت)، نیشانەی کەس و ژمارەی هەڵنەگرتبێت، ئەوا وشەکە سەر بە پۆلی گەردانکراوەکان نییە و سەر بە پۆلە ڕەگەزێکی وشەی دیکەیە. پێویستە لە توخمە لکاوەکانیدا، جێناوی لکاوی بەرکاریی لەو توخمانە جیابکرێنەوە، کە نیشانەکانی ڕێکەوتن بە گشتیی و نیشانەکانی ڕێکەوتنە ئەرگەتیڤییەکانن. لەبەرئەوەی هیچ هەژماردنێک بۆ پێڕەوو ئەدگاری ئەرگەتیڤیی زمانە ئێرانییەکان و بەتایبەتیی ئەوەی زمانی کوردیی نەکراوە، بەو ڕاستییە نەزانراوە، کە ئەو توخمانەی تاوەکو ئەمڕۆ وەک جیناوی لکاوی بکەریی یان وەک کلیتیکی بکەریی ناسراونەتەوە، سەر بە توخم ونیشانەکانی ڕێکەوتنە ئەرگەتیڤییەکانن. لەبەرئەوەی توخمەکانی

ڕێکەوتن نیشانەن (کەس، ژمارە)، نەک جێناو، فۆڕمەکانیان بەپێی ڕێژەو تاف جۆراوجۆرو جیاوازن. لە ڕستەی بکەرنادیاردا، کردارەکە هێزێکی بەبڕشتییەکەی (Valence) لەدەستداوەو بەرکاریش بووە بە بکەری ڕێزمانیی و پێڕەوی ڕێکەوتنەکەیشی لەگەڵ ئەوەی کردارە تێنەپەڕەکاندا گونجاوە. گشت کردارەکان دەتوانرێن گەردانبکرێن. کردار لەناو کاتداو لە ڕووداندا ناو لە دیاردە دەنێت، کە بریتیین لە کردەو چالاکیی، ڕوودان و ڕەوشەکان و حاڵەتەکان. لەڕوی لایەنی مۆرفۆلۆژییەوە، لەڕێی گەردانکردن و پۆلەرەگەزییە ڕێزمانیەکانی توخمی کردار، ڕێژە، تاف، -بەڕێکەوتن لەگەڵ بکەر- کەس و ژمارەوە دەناسرێتەوە. هەبوون و ئامادەبونی کەس تافی کردار چالاکدەکات و دەیخاتەکار.
جێناوە لکاوەکانی بە پێی تاف و بەبڕشتی بەم شێوەیە جیاکردونەتەوە:

**١) جێناوە لکاوە بەرکارییەکان.**

تافی کردار: ڕابوردوو، ڕێژە: گومان، یەقیین

| کەس | تاک | کۆ |
|---|---|---|
| یەکەم | م | ین |
| دوەم | یت | ن |
| سێهەم | سفر | ن |

**٢) جێناوە لکاوە بەرکارییەکان**

تافی کردار: داهاتوو، ڕێژە: گومان، یەقیین

| کەس | تاک | کۆ |
|---|---|---|
| یەکەم | م | مان |
| دوەم | ت | تان |
| سێهەم | ی | یان |

**٣) خشتەی نیشانەکانی ڕێکەوتنی ئەرگەتیڤی:**

ا- ڕێکەوتنی بکەر_بەرکار: ڕستەی بکەردیار
کردار تێپەڕ، تاف: ڕابوردوو
نمونەی کردارەکەی لە /گۆڕان/ ەوە هێناوە، بەڵام ئەو کردارە تێنەپەڕە.
ب- ڕێکەوتنی بکەر_کردار: بکەردیار
١- کردار: تێپەڕ، تاف: داهاتوو /گۆڕان/
٥٥-ا) گۆڕام ٥٥-ب) گۆڕاین

٥٥-پ) گۆڕایت ٥٥-ت) گۆڕان
٥٥-ج) گۆڕاØ ٥٥-ح) گۆڕان

بەم شێوەیە تەواوی ڕێکەوتنەکانی لە بکەردیار و بکەرنادیار و تەنانەت کرداری ئاڵۆزیشدا بە نمونەوە هێناوەتەوە.
لە کرمانجی ناوەڕاستدا تاف دوو کاتەگۆریی هەیە، کە ڕابوردوو لەگەڵ ڕانەبوردوون و هەردوکیشیان ڕێژەی >>هەواڵیی<< و >>گریمانەیی<< یان هەیەو تێیدا تاف و ڕوکارو ڕێژە بە مۆرفێمی شکاندنەوە دەردەبڕدرێن، بۆیە پێڕەوی تاف، پێڕەوێکی بەرانبەریی/سییمەترییە.[٥٨]

### ٤/١_٢_٢) ڕوکار

**مەحموود فەتحوڵا**

**ڕوکار** پۆلەڕەگەزێکی ڕێزمانیی دروستەی کردارە، کە هەندێکیان (/-ت/ /-د/، /-ی/، /-ا/، /-و/، /ب-/، /دە-/) لە ناو کرداردا دەشکێنەوە و وەکو لاگر دەردەکەون، هەندێکشیان (/وا/، /خەریکە/، /سەرقاڵە/)، کەرەستەی فەرهەنگیین و لە ناو کرداردا ناشکێنەوە. زمانی کوردیی سێ جۆر ڕوکاری هەیە:
ا) ڕوکاری تەواوبوویی دوو فۆرمی هەیە، یەکێکیان بۆ ڕابوردووەو ئەم نیشانانەی هەیە /-ت، - د، - ی، - ا، - و /. دوهەمیان؛ لە ڕانەبوردووی مەرجیدا وەکو پێشگری /- بـ/ خۆی دەنوێنێت.

٥٦- سوت - ا

٥٧- کوش ــ ت - م

٥٨- بر ــ د - مان

٥٩- سەربڕ - ی

٦٠- چو ــ ی - ن

---

٥٨ - بڕوانە: محەمەدی مەحویی (٢٠١٠)

٦١-  بـ – کڕ – ە

٦٢-  بـ - چـ - م

ب) ڕوکاری ناتەواوبویی، کە ڕابوردوو و ڕانەبوردویشی هەیە. ئەویش ڕوکاری ناتەواوبوویی /دە-/ـەیە، کە بۆ بەردەوامیی، تەواونەبوویی و خویش دەبێت.
٦٣- دە – کڕ – م
٦٤- دە – کەو – م
٣) ڕوکاری بەرەوپێش (Progressive)، کە ڕوکاری فەرهەنگیین، چەند شێوەیەکی جیاجیان هەیە، وەک /خەریکە، وا، سەرقاڵە، هەر/.

٦٥- هەر لێرەم.[٥٩]

**محەمەدی مەحویی:**

ڕوکار پۆلەڕەگەزێکی شکاندنەوەی کردارە، کە ئەم ڕەهەندانە لەخۆدەگرێت؛ تەواوبویی، ناتەواوبوییش خویی (بەرەوپێش) و بەردەوامیی لەخۆدەگرێت.
کاتێک چەند نیيشانەیەکی/مارکەیەکی جیاواز پۆلە ڕەگەزێکی شکاندنەوە دەردەبڕن، لە ئەلەمۆرفیی دەدوێین. لە زمانی کوردییدا مارکەی داهاتوو /دە-/ و /ئە-/ دوو ئەلەمۆرفی جیاوازی یەک مۆرفێمی نادیارن.
ئەدگارێکی تایبەت بە شکاندنەوە ئەوەیە، کە کاتەگۆرییەکانی شکاندنەوە گەلێک جار بوون بە شاگرووپ و ئەمەیش ناونراوە >>ڕەهەندەکانی شکاندنەوە<</ نیيشانەکانی شکاندنەوە/ئەدگارەکانی شکاندنەوە/ پۆلەڕەگەزەکانی شکاندنەوە. بەپێی ڕەهەندەکانی شکاندنەوە، دوو کاتەگۆریی سەر بە ڕەهەندێکن، ئەگەر ئەدگارێکی سێمانتیکیی یان گۆکردنێکیان هاوبەش بێت و یەکێکیان ئەوی تریان لە خۆیدا هەڵنەگرێت. هەردوو تافی ڕابوردوو لەگەڵ ڕانەبوردودا کاریان لەگەڵ پەیوەندیی کاتی ڕوودان و کاتی دەربڕدراو/دەبڕییندا هەیەو نایشتوانن پێکەوە لە کردارێکدا ڕووبدەن. (بڕوانە چۆن /دە-/ لە

٥٩ - بڕوانە مەحموود فەتحوڵا (٢٠٠٤: viv، ٣٦، ٥٦-٦٦)

>کاتێک ده – م – گر – ت - ن< دا مۆرفێمی ڕوکاره و /- ت/ هکەیش مۆرفێمی تافه!) کەواته ئەو دوانه سەر به کاتەگۆڕیی ڕەهەندی تافن.
هەبونی ڕوکاری دروستەیی و مۆرفۆلۆژیی کرداره کات و کەسدارەکان له ڕستەدا (> ده – م – گر – ت – ییت... < و > ئەگەر ده - م – گر – ت - ییت< : >ئەگەر ده – ت – گر - م<) هەر ئەو بنەمایەی هەیه. لەم ڕستەیەدایە، که پێشگری تافی داهاتوو /ده-/ لەگەڵ مۆرفێمی تافی ڕابوردوو له جێکەوتەی بنەڕەتیی تافدا ڕۆڵ و واتای ڕانەبوردوی نامێنێت و لەگەڵ /- ت/ ی ڕابوردودا ڕوکاری بەردەوامیی یان بەستنەوەی ڕابوردوو به داهاتووەوه دروستدەکەن(>نوستووه<).
ڕوونکردنەوەی هەڵسوکەوته جیاوازەکانی پێکەوەهاتنی "تاف و ڕوکار و ڕێژه" گرانەو هەندێکیشیان سەیروسەمەرەن. بۆ نموونه، ڕوکاری تەواویی Perfective aspect- که به خشکەیی ئەوه دەردەبڕێت، که له تەواوبوونەکەیدا/تەواویەکەیدا نیپشاندەدرێت- چاک لەگەڵ ڕانەبوردوودا ناڕوات – که به خشکەیی ئەوه دەردەبڕێت، که قسەکەر هێشتا لەناو ڕووداوەکەدایه[٦٠].

**١/٤_٢_٣) ڕێژه**

**مەحموود فەتحولا:**

**ڕێژه:** هەرچەنده له نامەی دکتۆراکەیدا مەحموود فەتحولا بەشێوەیەکی سەربەخۆ و تایبەت گفتوگۆی لەسەر ڕێژه نەکردووه، بەلام له ناو بابەتی ڕوکاردا، پەیوەست به پۆلەڕەگەزەکانی شکاندنەوەی (تاف و ڕوکار) هوه ئاماژەی به ڕێژەکان داوه و نمونەی له ڕێژەکانی ڕاستیی و سەبیونتیڤ و فرماندا هێناوەتەوه[٦١] .

**محەمەدی مەحویی:**

ڕێژه پەیوەندیی کردەکه یان حاڵەت state هکەی لەلایەن کردارەکەوه دەردەبڕێت، بەو جۆره به واقیعیەوه دەبەستێتەوه، که قسەکەر دەیکات: واقیعreal : نا_واقیع unreal.

٦٠ - بڕوانه محەمەدی مەحویی (٢١٠: ٢٤٧-٢٤٨، ٢٥٣-٢٥٥)
٦١ - مەحموود فەتحولا (**٢٠٠٤: xvi، ٣٥- ٤٦، ٥٦-٦٦**)

کرداری کوردیی سێ ڕێژەی هەیە: ئاسایی (دڵنیایی، یەقیین) indicative ، گومان یان ئیلزامیی subjunctive، واتە فرمان imperative و داخوازیی و گومان، لە ئەرێییدا بە پێشگری /ب_/ و لە نەرێییدا (نەکردن) بە /نە_/ دروستدەکرێن.

ڕێژەی ئاسایی کردار کردەیەك نییشاندەدات، کە لەلایەن قسەکەرەوە وەك واقیعیی دەبیینرێت، وەك بۆ نمونە حاڵەت_دەربڕ statement ی >دەچم< (I (will) go). ڕێژەی ئاسایی لە هەموو تافەکاندا ڕوودەدات. فۆڕمی کردارە تۆمارکراوەکانی ناو فەرهەنگ citations لە ڕێژەی ئاساییدان.

نموونەکان بۆ فۆڕمە ئاساییەکان

٦٦-ا) دێم، دەخۆم. ٦٦_ب) هاتم. preterite

٦٦_پ) دەهاتم، (کاتێک دەهاتم، ئێوە نوستبون.) ٦٦_ت) هاتووم، هاتبووم

ڕێژەی گومان بەگشتیی چەشنێکی ناواقیعیی بۆ کردەیەك نییشاندەدات. گومانەکە یان وەك توخمێك لە دەربڕاوێکی گەورەتردا ڕوودەدات، یان بەتەنها —کاتێك کردارەکە گشت دەربڕاوەکە پێکدەهێنێت. لە ڕانەبوردووی ناتەواودا، گومان ئەگەرێکی گریمانەکاریی a theoretical posibility دەردەبڕێت، وەك بۆ نموونە لە >ڕۆیشتبێت< He might have gone دا. لە دەربڕاوە گەورەکەدا، ئیلزامیی یاسابەندانە دوای هەندێك گەردانکردنی conjugation ی دیارییکراو ڕودەدات.

ڕێژەی گومان چەشنێکی ناواقیعیی کردەیەك نییشاندەدات، بەتایبەتیش دەشێت قەسدیی deliberative یی بێت، وەك لە >بچم< دا (Shall I go)، ڕاستیی/واقیعیی factative یی بێت، وەك لە >بچێت< دا (make him go)، کە فرمانێکی ناڕاستەوخۆیە indirect command.

ڕانەبوردوو:

٦٧_ا) بخۆم،

٦٧_ب) بێم،

ڕابوردووی تەواو:

٦٨_ا) خواردبم،

٦٨_ب) هاتبم،

رابوردووی ساکار:

٦٩_ا) بمخواردایە،

٦٩_ب) بهاتمایە،

ڕابوردووی تەواو:

٧٠_ا) بمخواردبایە،

٧٠_ب) هاتبوومایە،

## ڕێژەی فرمان:

کرداری فرمان فرمانێکی/داوایەکی ڕاستەوخۆ دەردەبڕێت. فۆڕمەکەی لە قەدی ڕابوردوو، پێشگری /ب_/ و پاشگرێك بۆ ژمارە، تاك یان كۆ، كەسی لکاوی ڕێكەوتن بەرهەمدەهێنرێت. بۆ جەختخستنەسەر و جیاکردنەوە، دەشێت بکەریش دەربڕدرێت.

٧١_ا) نانەکەت بخۆ! ~ تۆ، نانەکەت بخۆ!

٧١_ب) نانەکەتان بخۆن! ~ ئێوە، نانەکەتان بخۆن!

٧١_پ) نامەکە بهێنە![٦٢] ~ تۆ، نامەکە بهێنە!

## ١/٤_٣) شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی هەردوو بۆچوونەکە

## کورتە و پوختەی گروپی یەکەم

تاف: گروپی یەکەم پێشگری /دە-/ بە ڕانەبوردوو و بەردەوامیی دادەنێن. بۆ ئەو زمانەوانانە تەنها بەردەوامیی ڕوکارە. لە زمانی کوردییدا دژیەکیی ڕابوردوو و ڕانەبوردوو بابەتی کات نین بەڵکو هیی تافن. تاف پەیوەندیی بە سینتاکسەوە هەیەو کاتیش بە سێمانتیکەوە. لە ڕوی مۆرفۆلۆژییەوە تاف وشەیەکی سەربەخۆی نییە، بەڵکو مۆرفێمێکە بە ڕەگەوە دەنوسێت. بەڵام لەئەنجامی شیکردنەوە و گفتوگۆکردنی ئەو زمانەوانانە لەسەر داتاکان، ئەوە دەرکەوت، کە پێشگری ڕانەبوردوو جیایە لە /دە-/ی بەردەوامیی. هەروەها نمونەکان ئەوە پشتڕاستدەکەنەوە، کە دەشێت تاف بە هۆی لێکسیمی سەربەخۆیشەوە دەربڕدرێت.

کەس: لای ئەم گروپە، کەس بە چەند شێوەیەکی جیا بەرچاودەکەوێت: (جێناو، کەسی ڕێکەوتن، کەسی لکاو)، کە یەکلاییاننەکردوەتەوە کار بەکامیان دەکەن.

ڕوکار: سێ جۆری هەیە: (تەواوبوو، تەواونەبوو، تەواو). لە ئەنجامی شیکردنەوەی داتاکانی زمانەکەوە، ئەوە ڕونبوەوە، کە ڕوکاری تەواوبویی و ناتەواوبویی هەن لە زمانی کوردیدا، هەموو ئەو جۆرانەی تر، کە دیاریکراون، دەچنەژێر خانەی ئەو دوانەوە.

---

٦٢ - بروانە محەمەدی مەحویی (شکاندنەوەی کردار: ٢٠١٠، ١٤-١٧)

ڕێژە: سێ ڕێژەیشیان جیاکردونەتەوە: (ئیخبارییی، ئیلزامیی، فرمان). لێکۆڵەر وەهای داناوە، کە زمانەکە زیاتر دابەشبونی دوپەلکیی و تەواوکەرانەی هەیە، بەڵام خوێندنەوەو شیکردنەوەی ئەم گروپەی زمانەوانان کاریان لەسەر ئەو دابەشبونە نەکردووە، لەبەرئەوە لێکۆڵەر کار بە شیکردنەوەو تێڕوانینەکانی ئەم ئەنجامانە ناکات.

## کورتە و پوختەی گروپی دوهەم

### مەحمود فەتحوڵا:

پێناسەکانی بۆ پۆلەڕەگەزەکانی شکاندنەوە و شیکردنەوەکانی لەسەر بنەمای زانستیی نوێ و داتاکانی زمانەکە داناون، لەم ڕووەوە مۆرفیمەکانی تاف و ئەسپێکتەکانی دەستنیشانکردوون. بەڵام کاتێک مۆرفیمەکانی تافی دیاریکردووە، لە هەمان کاتدا بە ڕوکاریش ناویبردوون، بە بێ ئەوەی ڕونکردنەوە لە پەیوەندیی نێوانیان بدات، پەیوەست بە (کەس)ەوە بە سێ جۆر ناویبردووە (لاگری ڕێکەوتن، جێناو، کەسی لکاو)، هەرچەندە وەکو پۆلەڕەگەزی شکاندنەوە گفتوگۆی لەسەرکردوون، بەڵام پێینەگوتوون پۆلەڕەگەزی شکاندنەوە، بە واتا؛ بۆ ئەم زمانەوانە لە لێکۆڵینەوەکەیدا بۆ شکاندنەوە تەنها (تاف و ڕوکار و ڕێژە) گرنگن.

سێ جۆر ڕوکاری دەستنیشانکردووە (تەواوبویی، ناتەواوبویی، بەرەوپێشچویی)، کە لە ڕاستیدا بەرەوپێشچوییش هەر ناتەواوبوییە.

لەم لێکۆڵینەوەیەدا کار بەوە کراوە، کە ڕوکار دوو جۆرە (تەواوبویی و ناتەواوبویی)، لەبەرئەوەی (بەرەوپێشچویی) ەکەیش ناتەواوبوییە.

### محەمەدی مەحویی:

تاف: لای (محەمەدی مەحویی) پێشگری ڕانەبوردوو جیایە لەگەڵ /دە-/ی بەردەوامیی.

لە زمانی کوردیدا لێکسیمی سەربەخۆیش بۆ دەربڕینی بەردەوامیی بەکاردێت.

٧٢- ئەوان بەڕێوەبوون، کە نامەکانمان دەنوسیی. (بەردەوامیی)[٦٣].

بۆ زمانەوانانی گروپی یەکەم تەنها بەردەوامیی ڕوکارە، بەڵام (مەحموود فەتحوڵا) و سەرچاوەکانی، تەواوبوون و ناتەواوبویی و بەرەوپێشیش بە ڕوکار دادەنێن. ئەو تەواوبونەی، کە لە کرمانجی ناوەڕاستدا بۆ ئەرگەتیڤیی گرنگە.[٦٤]

گروپی یەکەم پێیانوایە، کە پۆلەڕەگەزەکانی شکاندنەوە کەرەستەی سینتاکسیین، نەک سێمانتیک. بەڵام لای گروپی دوهەم و بە دیاریکراویی (محەمەدی مەحویی) پۆلە ڕەگەزەکانی شکاندنەوە ئەو گۆکردنە سینتاکسیی_سێمانتیکیانەن، کە یاسابەندانەن. تافی ڕابوردوو مۆرفێم و ئەلەمۆرفی هەیە، بەڵام تافی ڕانەبوردوو لە ناو ڕوکاری /دە-/ دایە و /ئە-/ یش ئەلەمۆرفیەتی. پۆلەڕەگەزەکانی شکاندنەوە خاوەنی چەند ڕەهەندێکن؛ وەکو ڕەهەندی تاف و کەس و ژمارە. دوو ڕوکاریان دەستنیشانکردووە: تەواوبویی (دوریی)، ناتەواوبویی (بەردەوامیی). بە هەمان شێوە بۆ ڕێژە دوو ڕێژەی سەرەکیی بەرچاودەکەوێت (بەتایبەتیی لای مەحویی): ڕاستیی (بێ_کات)، گومان.

**کەس:** کەسە: لکاوەکان، کە بۆ دوو گروپ دابەشکراون (گروپی ڕێکەوتنی سەرەکیی/ڕاستەقینەو گروپی ئەرگەتیڤیی)، بە گەردانکردن هەنگاوی یەکەمی شکاندنەوە جێبەجێدەکەن. لای ئەم گروپەو بە دیاریکراویی (محەمەدی مەحویی)، کەسەکان بە پێی ڕۆڵ و جێکەوتەیان ناویانلێدەنرێت، بەم پێیە کەسی لکاو و جێناوی لکاو جیاکراونەتەوە، کە لەم لێکۆڵینەوەیەدا کار لەسەر ئەم بۆچونە کراوەو پشتڕاستکراوەتەوە.

**ڕوکار:** ڕوکار لە زمانێکی مۆرفێمیی وەک کوردییدا دەبێت بە شێوەیەکی سەرەکیی بە مۆرفێم (ی لکاو) بێت. بەڵام لە کرداری ڕابوردوی ڕوتدا[٦٥]. ڕوکار پۆلەڕەگەزێکی شکاندنەوەی کردارە، کە ئەم ڕەهەندانە لەخۆدەگرێت؛ تەواو، ناتەواو، خویی. کاتێک چەند نیيشانەیەکی/مارکەیەکی جیاواز پۆلە ڕەگەزێکی شکاندنەوە دەردەبڕن، لە ئەلەمۆرفیی

---

٦٣ - بڕوانە (محەمەدی مەحویی: مۆرفۆلۆژیی و بەیەکداچوونی پێکهاتەکان)

٦٤ - (محەمەدی مەحویی: پێڕەوی ئەرگەتیڤیی کوردیی، پەسنکردن و بەراوردکاریی، زانکۆی سلێمانیی)

٦٥ - دەرناکەوێت (بڕوانە: (ئەبوبەکر عومەر قادر: ٢٠٠٢: ٦٣) و نمونەکانی لە (٢/٢-١-٢) ی ئەم توێژینەوەیەدا. (محەمەدی مەحویی: ٢٠١٠ دروستەی کردار- بەرگی یەکەم: ١٠-١٢))!

دەدوێین[٦٦]. لە زمانی کوردیدا مارکەی داهاتوو /دە-/ و /ئە-/ دوو ئەلەمۆرفی جیاوازی یەک مۆرفێمی نادیارن.

ئەدگارێکی تایبەت بە شکاندنەوە ئەوەیە، کە کاتەگۆرییەکانی شکاندنەوە گەلێک جار بوون بە شاگرووپ و ئەمەیش ناونراوە >>ڕەهەندەکانی شکاندنەوە<</ نیشانەکانی شکاندنەوە/ئەدگارەکانی شکاندنەوە/ پۆلەڕەگەزەکانی شکاندنەوە. بەپێی ڕەهەندەکانی شکاندنەوە، دوو کاتەگۆریی سەر بە ڕەهەندێکن، ئەگەر ئەدگارێکی سیمانتیکیی یان گۆکردنێکیان هاوبەش بێت و یەکێکیان ئەوی تریان لە خۆیدا هەڵنەگرێت. هەردوو تافی ڕابوردوو لەگەڵ ڕانەبوردودا کاریان لەگەڵ پەیوەندیی کاتی ڕوودان و کاتی دەربڕدراو/دەبڕییندا هەیەو نایشتوانن پێکەوە لە کردارێکدا ڕووبدەن. (بڕوانە چۆن /دە-/ لە

لە پێکهاتوی >کاتێک دە – م – گر – ت - ن< دا /دە-/ مۆرفێمی ڕوکارە و /- ت/ ەکەیش مۆرفێمی تافە!) کەواتە ئەو دوانە سەر بە کاتەگۆریی ڕەهەندی تافن. هەبونی ڕوکاری دروستەیی و مۆرفۆلۆژیی کردارە کاتوکەسدارەکانە لە ڕستەدا.

٧٣-ا) (> دە – م – گر – ت – بیت... < و

٧٣-ب) > ئەگەر دە - م – گر – ت - بیت< : ٢-پ) >ئەگەر دە – ت – گر - م<)

هەر ئەو بنەمایەی لە ڕستەدایە هەیە، کە پێشگری تافی داهاتوو /دە-/ لەگەڵ مۆرفێمی تافی ڕابوردوو لە جێکەوتەی بنەڕەتیی تافدا ڕۆڵ و واتای ڕانەبوردووی نامێنێت و لەگەڵ /- ت/ ی ڕابوردوودا ڕوکاری بەردەوامیی یان بەستنەوەی ڕابوردوو بە داهاتووەوە دروستدەکەن.[٦٧]

دەبێت هەر تافێك پێشگری ڕوکاریی نا_تەواوبویی **incompletive aspect prefix** /دە_/ هەبێت. ئەم پێشگرە تەنها لەڕێژەی دڵنیایی/یەقییندا ڕوودەدات و هەرگیز لەڕێژەیەکی تردا ڕونادات. ئەو تافانەی، کە وەریدەگرن (داهاتوو و ناتەواو **imperfect**)، کردەیەکی ڕوکاریی نا_تەواوبویی **an action of incompletive aspect** نیشاندەدەن. ئەمەیش پێماندەڵێت، کە کردەکە لەو چەشنەیە، کە لەبەرەوپێشچووندایە **in progress** .

---

٦٦ - بڕوانە بەشی یەکەم!

٦٧ - (محەمەدی مەحویی: ٢٠١٠: ٢٤٣- ٢٥٥)

٧٤-ا) <دەخۆم> I am eating، یەکێکە لەو کردارەی، کە هێشتا دەستیپێنەکردووە

٧٤-ب) <دەخۆم> I will eat, or I am going to eat.

یان کردەیەکی عادەتیی/خویی_دووبارەبووەوەیە

٧٥-پ) <هەموو ڕۆژێك دەخۆم> I eat every day.

تافەکانی تر لە ڕوکاری تەواوبویی completive aspect دان و یەك کردەی تەواوبوو completed action نیپشاندەدەن، وەك ڕابوردووی ساکار. لەبەرئەوەی هەر تافێك بەیەك ڕوکارەوە ڕودەدات، شیکردنەوەیەکی ئەڵتەرناتیڤ ئەوەیە، دوو کاتەگۆریی ڕوکاری جیا دانەنرێت، بەڵکو یەك تافە_ڕوکار بچەسپێنرێت. [٦٨]

لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە و خستنەڕوی شیکردنەوەکانی زمانەوانەکانەوە بەشێوەیەکی سەرەکی سێ جۆر ڕوکار دیاریکراون (تەواوبویی، ناتەواوبویی، بەرەوپێشچویی)، بەڵام بە سەرنجدان لە نمونەکان، بەو ڕاستییە دەگەین، کە ڕوکاری بەرەوپێشچوییش سەر بە ناتەواوبوییە، کەواتە ڕوکار لە زمانی کوردییدا دابەشبونی دوپەلکیی هەیە:

ڕوکار ┐ تەواوبویی
└ ناتەواوبویی[٦٩]

ئەوەی، کە لە کارەکانی پێشتردا لەم بوارەدا نەکراوە، ئەوەیە کە ڕوکارەکان بەم شێوەیە کۆنەکراونەتەوە، کە لەم لێکۆڵینەوەیەدا ڕێکخراون.

تەواوبویی

---

٦٨ ـ محەمەدی مەحویی (٢٠١٠ دروستەی کردار- بەرگی یەکەم: ١٢)

٦٩- وەک ئەوەی پێشتر بۆ تاف دەگوترا (ڕابوردوو، ئێستا و داهاتوو)، بەڵام لێکۆڵینەوەکان ئەوەیان سەلماند، کە دوو جۆر تاف هەیە، ئەویش (ڕابوردوو، ڕانەبوردوو) و (ئێستا) هەر بەشێکە لە ڕانەبوردوو.

٧٦_ پۆلیس دزەکانی گرت.

٧٧- ئەو مامۆستا بوو. (ئێستا مامۆستا نییە)

٧٨- ئەو نوستبوو، کە ئێوە گەیشتن. (ناتەواوبویی دوور)

٧٩_ پۆلیس دزەکانی گرتبوو، کە ئێمە گەیشتبوین.

ناتەواوبویی: مەحموود فەتحوڵا (٢٠٠٤) بەردەوامیی و بەرەوپێشچویی دەستنیشانکردووە بۆ ناتەواوبویی.

**ڕێژە:**

چەشنەکانی ڕێژەی کردار لە سینتاکسدا بە مۆرفیمی فەرهەنگیی بەرهەمدەهێنرێن. لێکۆڵەر وەهای بۆدەچێت، کە مۆرفیمەکانی بەرهەمهێنانی فۆڕمە جیاوازەکانی ڕێژەکان جۆراوجۆرن و پێواژۆ فۆنۆلۆژیەکان وەک خۆیان لەکاردان.

٨٠- /گرتن/


٨٠-ا) گرتم ٨٠-ب)بمگرتایە ٨٠-پ) ناگرم ٨٠-ح) نەمگرتایە

ڕێژەیش بە هەمان شێوەی ڕوکار دابەشبونی دوپەلکیی هەیە:

ڕێژە ⎫ ڕاستیی (یەقیین)/ هەواڵیی(ئیخباریی)
⎭ گومان / ئینشائیی، دانانیی، فەرمان، داخوازیی....

مۆڕفیمەکانی ڕێژە: وەک ڕونکرایەوە، پێکەوەهاتنی مۆرفیمەکانی تاف و ڕوکار و ڕێژە، ڕەهەندی شکاندنەوەی کردارن. ڕوونکردنەوەی هەڵسوکەوتە جیاوازەکانی پێکەوەهاتنی "دۆخ + ژمارە" و "تاف+ڕووکار+ڕێژە" لە پەیوەندییە واتاییەکانیاندا جیاوازە. لەکاتێکدا پێکەوەهاتنی جۆراوجۆری "دۆخ و ژمارە" ڕوون و ئاساییە، بەڵام ئەوانەی "تاف و ڕوکارو ڕێژە" گرانە. بۆ نموونە، ڕوکاری تەواوبویی perfective aspect - کە بە خشکەیی ئەوە

دەردەبڕێت، کە لە تەواوبوونەکەیدا/تەواویەکەیدا نیيشاندەدرێت- چاك لەگەڵ ڕانەبوردوودا ناڕوات –کە بەخشکەیی ئەوە دەردەبڕێت، کە قسەکەر هێشتا لەناو ڕووداوەکەدایە-. ڕێژەی فەرمان –کە فەرمانێك دەردەبڕێت- پێکەوە بە کۆکیی و گونجاویی لەگەڵ ڕابوردوودا نایەت. کەواتە، چشتێکی سەرسووڕهێنەر نییە، کە زمانەکان ئەم کەڵێنەیان هەیەو هۆو ئامڕازێکیان بۆ ئەم پێکەوەبەندبوون و پێکەوەهاتنەیان بە شێوەیەك نییە، کە بتوانرێت پێیان و لەڕێیانەوە ئەو تەرزانەی شکاندنەوە جوان و لەبار پەسنبکرێن.




## ١/٤_٤) کورتەو پوختەو ئەنجامی لێکۆڵەر

لە ئەنجامی هەڵسەنگاندنی شیکردنەوە و گفتوگۆکانی هەردوو گروپەکەوە، بەو ئەنجامە گەیشتین، کە دەبێت پۆلەڕەگەزەکانی شکاندنەوە بەم جۆرە دەستنیشانبکرێن:

تاف: پۆلەڕەگەزێکی سینتاکسیی شکاندنەوەی کردارە و هەمبەر بە (Tense) ە و دوو جۆری هەیە، کە بریتین لە:

ڕابوردوو مۆرفێم و ئەلەمۆرفەکانی بریتین لە (/- ا، - و، - ی، - ت/، -د/)

ڕانەبوردوو: مۆرفێم و ئەلەمۆرفەکانی بریتین لە: (/دە -/) و (/ئە-/)

بەڵام (کات) بابەتێکی فیزیکییە و جیاوازە لە تاف، بەواتا بابەتی سینتاکس نییە، هێندەی بابەتی سێمانتیکە، لە زمانی کوردییدا دەتوانرێت بە هۆی لێکسیمی فەرهەنگییەوە سنوری تافەکان دەستنیشانبکرێت و کاتەکەی ڕونبکرێتەوە.

٨١_ >هاتم.< : >دوێنێ هاتم.< : >ئەگەر هاتم.<

٨٢_ >دێم.< : >وا دێم.< : >سبەی دێم<

کەس: کەس (تاک، کۆ) وەک پۆلەڕەگەزێکی شکاندنەوەی کردار، سەگمێنتێکی سینتاکسیی کردارەو لە دروستەی کرداردا بە پێی جۆر و تافی کردارەکە ڕۆڵی ڕێکەوتن بەرجەستەدەکات، چ وەکو ڕێکەوتنی سادە، یان ڕێکەوتنی ئاڵۆز.

٨٣_ >من تۆم نارد.< : >تۆم نارد.<: >ناردمیت.<

ڕوکار: هەریەک لە زمانەوانان (وریا عومەر ئەمیین و مەحموود فەتحوڵا) بەگشتیی ڕوکاریان بۆ (تەواوبویی، ناتەواوبویی، بەرەوپێشچویی) دابەشکردوە، بەڵام (محەمەدی مەحویی) لە ئەنجامی شیکردنەوە و گفتوگۆی نمونەکانەوە، ئەو ڕاستییە ئاشکرادەکات، کە ڕوکار لە زمانی کوردییدا دوو جۆرە و لێکۆڵەر کار بەم ئەنجامە دەکات:

ا- تەواوبوویی (دوریی)

ب- ناتەواوبویی (بەردەاومیی)، بەرەوپێش (خەریکە،) دوریی (هێز)، لەپێشدا ڕودان

تاف و ڕوکار، کە پۆلەڕەگەزی شکاندنەوەی کردارن، سەر بە ڕەهەندی تافن، تاف ڕابوردوو و ڕانەبوردوو دیاریدەکات، بەڵام ڕوکار تەواویی و ناتەواویەکەی دیاریدەکات.

تەواوبویی (دوریی)، ناتەواوبویی (بەردەوامیی، بەرەوپێش)

ڕێژە: ڕاستیی (هەواڵیی، یەقیین)، گومان (مەرج، دانانیی، گومان)

لێکۆڵەر بۆ بە ئەنجامگەیاندنی ئەم لێکۆڵینەوەیە، کار بەم بنەما و ئەنجامە بەدەستهاتوانە دەکات.

١- هەریەکە لە تاف و کەس و ڕوکار و ڕێژە، پۆلەڕەگەزی شکاندنەوەی کرداری زمانی کوردیین، کە لەناو خۆیاندا ڕەهەندی تایبەتی خۆیان هەیە.

٢- بەگشتیی ڕەهەندەکانی شکاندنەوە، کە لێکۆڵەر کار بە دروستەکانیان دەکات، بە شێوەیەکی دوپەلکیی دابەش بوون:

تاف ← ڕابوردوو (ا، و، ی، د، ت)
ڕانەبوردوو. (دە/ئە)

کەس ← تاک (یەکەم – دوهەم - سێهەم)
کۆ (یەکەم – دوهەم - سێهەم)

ڕوکار ← تەواوبویی (دوریی)، ڕابوردوو (ا، و، ی، د، ت)
ناتەواوبویی: بەردەوامیی /دە-/ئە-/، بەرەوپێش /وا، خەریکە/، لەپێشدا ڕودان و هێز

ڕێژە ← ڕاستیی (هەواڵیی / یەقیین)
گومان (مەرج، پرسیار، دانانیی، فرمان و داخوازیی، ...)

گروپی یەکەم مۆرفێم و توخمەکانی تاف و کەسیان پۆلێنکردووە، پۆلێنکردنەکانیان پەیوەست بە تافەوە ڕونکردنەوەی مۆرفۆلۆژییان پێشکەشنەکردووە چۆن /د/ ئەلەمۆرفێکی /ت/ ە لە دەوروبەری /ن/ و /ر/ دا. ڕونیاننەکردووەتەوە، کە چۆن و بۆچی مۆرفێمەکانی /ا، و، ی/ هەن بۆ تاف. بۆ نمونە مۆرفێمی /ا/ پەیوەست بە کرداری تێنەپەڕ و بکەرنادیارەوە بەدەر لە ژمارەیەک کرداری تێپەڕی وەک /کێڵان، هێنان/، کە بە هەمان شێوەی تێنەپەڕەکان و بکەرنادیارەکان دەکرێن بە ڕانەبوردوو، لەوەیش نەدواون، کە لە تێنەپەڕ و تێپەڕدا مۆرفێمی تافن، وەک /خوسا، برژا، کێڵا/، بەڵام لە بکەرنادیاردا و لە ڕانەبوردوودا وەک نیشانەی تاف دەردەکەوێت، لەبەرئەوەی تافی سەرەکیی هەیە و جێکەوتەی بنەڕەتیی خۆی هەیە، کە ئەم گروپە ئاماژەیان بە جێکەوتەی بنەڕەتیی تاف نەکردووە.

پۆلێنکردنی کەسەکان لەسەر بنەمای ئەرگەتیڤیی شەقبوو نەکراوە، هەروەها لەسەر بنەمای تاف گفتوگۆیان لەسەر نەکراوە و تەنها بیرکردنەوەیەکی باو و ترادیشناڵە، لەسەروو هەموویەوە ئەم گروپە بۆ دەرخستنی ئەڵتەرناسیۆنە ئازادەکان و شیکردنەوەی بابەتەکە بۆ دیاریکردنی زار و شێوەزارەکان سودیان لێنەبینراوە.

دوو گروپی کەسە لکاوەکان لەسەر بنەمای جیاکردنەوەی ئەرگەتیڤیی جیاکراونەتەوە و ڕستەی ئەرگەتیڤیی کارای هەیە.

کەس و ڕەگ و تاف لە کرداربەندیدا هەیە و گرووپی ڕێکەوتنی سەرەکیی دەیاننوێنن و ئەرگەتیفیی نییە.

گرووپی دووهەم

بەجۆرێک لە جۆرەکان تەواوکەری گرووپی یەکەمن، بەڵام بەدەر لەوە ڕوونکردنەوەی ورد و زۆرتری لەسەر تاف کردووە، بەتایبەتیی لەسەر ڕوکار و ڕێژە. لێکۆڵینەوەکانی مەحویی بەرەو ئاراستەی لێکۆڵینەوەکانی عەبدولجەبارن، لەو ڕووەوەی عەبدولجەبار ڕستە بە پڕۆژەی تاف دادەنێت، دوای ئەوەی، کە پێشتر بە پڕۆژەی ڕێکەوتن دادەنرا. ناوەڕۆکی ئەمە لەلای من ئەوەیە، کە مۆرفێمی تافی ناوی کرداریی بۆ یەکەم جار لە ڕستەدا دەشکێتەوە و کەس وەردەگرێت. کەسەکە مۆرفێمی تافەکە چالاکدەکات، بەو واتایەوە، کە تافەکە بەرهەمهێنەری ئەو ڕستەیەیە، کە کەسی لکاو چالاکیکردووە.

کاتێک لەسەر بنەمای ئەرگەتیڤیی و نائەرگەتیڤیی کەسە لکاوەکان جیادەکرێنەوە، بەئاسانیی دەتوانرێت ناو لە گرووپەکان بنرێت ئەرگەتیڤیی و نائەرگەتیڤیی و کرداربەندیی. جیاوازیی نێوان شێوەزارەکانی ئەرگەتیڤیی شەقبوو لەوەدا دەبینرێتەوە، کە فۆرمی کەسە لکاوەکانی ئەرگەتیڤیی و نائەرگەتیڤییان بە پێچەوانەوە هەڵبژاردووە.

لە کرداری ئاڵۆزدا دوو جۆر کەسی لکاو هەیە، کەسی لکاوی ڕێکەوتن و جێناوی لکاو، لە هەمان کاتدا شێوەزار هەیە ستراتیژیی تر بەکاردەهێنێت بۆ جێکەوتەکان. لە ئەنجامدا ئەم لێکۆڵینەوەیە بۆ ڕوونکردنەوەی چۆن و بۆچیی ئەڵتەرناسیۆن و دروستبوونی شێوەزار و دیاریکردنی شێوەزارەکان و جیاکردنەوەیان لەگەڵ یەکتری. ئەمەیش دەمانبات بۆ ئەو ڕاستییەی، کە بڵێین:

١_ زمانی کوردیی ئەرگەتیڤییە.٢_ فۆرمەکانی کەس و تاف بۆ ئەرگەتیڤیی و نائەرگەتیڤیی دیاریکراون.

# بەشی دوهەم

## شکاندنەوەی کردار

بەوەی زانا ئەوروپییەکانی زانستی زمان لێکۆڵینەوەیان لەسەر زمانە ئارییەکان کردووە و ئاماژەیان بەوە داوە، کە ئەوەی بە چاوگ ناسراوە لە زمانە ئێرانییەکاندا (کوردیی و فارسیی)، ناوی کردارین، دەتوانن گۆکردنی بکەر یان بەرکاریان هەبێت. هەموو ناوە کرداریەکان لە فەرهەنگدا دروستبوون لە ڕەگ و تاف و پاشگری بەناوکردن، ئەم پاشگرە لە ناوە کرداریەکەدا تافەکەی سستکردووە، بۆ یەکەم جار، کە ڕەگ و تافەکە دەهێنرێتە ناو پێکهاتەی سینتاکسەوە و کەسی لکاوی پێدەدرێت، ناوە کرداریەکە دەبێتە کرداری شکاوەو فۆرمەکانی کرداری شکاوەی دڵنیایی و گومان و... بە پێی مۆرفێمەکانی ڕێژە دەگۆڕێن.

ناوە کردارییەکان، پەیوەست بە پۆلەڕەگەزی فەرهەنگەوە، سەر بە سەرناوەکانن (substantive) و لە سینتاکسدا دەبنە کرداری کاتوکەسدار(کرداری شکاوە). ئەم کردارە شکاوەیەیە، کە ڕستە بەرهەمدەهێنێت. ڕەگی کردار لە وشەچووەو واتای کرداری هەڵگرتووە لەگەڵ داواکارییە سینتاکسیی و سیمانتیکییەکانی. فۆڕمی تافە سستبووەکە بە پێی تافی ڕستەکە دەگۆڕێت. بەم پێیە، کە مۆرفۆلۆژیی وشەدروستکردن لە پێکهاتەی مۆرفۆلۆژیدایە، مۆرفۆلۆژیی شکاندنەوە لە پێکهاتەی سینتاکسیی جیاکراونەتەوە.

دروستە جۆراوجۆرەکانی ناوەوەی ناوی کرداریی و دەرکەوتنیان لە کرداری شکاوەدا گفتوگۆیان لەسەر کراوە. لە ڕێیانەوە بە ژمارەیەک قاڵبی بەرهەمهێنان گەیشتووین، هەر لەم بەشەدا گفتوگۆ لەسەر مۆرفێم و ئەلەمۆرفەکانی تاف کراوە.

مژاری پێویست و سەرنجراکێش لەم بەشەدا گۆڕینی فۆنۆلۆژییانەی سەگمێنتەکانی کردارە، کە وەک زانیاریی پێویست بۆ شیکردنەوەکانی بەشی سێهەم لێرەدا ئامادەکراوە، کە وەک لە دواییدا ئاشکرا دەبێت و چەشنەکانی /بوون/ لە ڕێگەیانەوە دیاریکراون.

کرداری شکاوە لە ناو کرداری ئاڵۆزدا، سەرەوڕیزبوونی توخمەکانیش گرنگە لێرەدا، هەروەها شیکردنەوەکانی ئەم بەشە پەیوەست بە کرداری بکەردیار و بکەرنادیارەوە کراون.

لە پێڕەوی ئەرگەتیڤییدا، چەشنەکانی ڕێکەوتن ڕونکراونەتەوە.

جۆرەکانی جێناوی لکاوی بەرکاریی و پاشماوە، کەسی لکاوی بکەریی نابێت بە جێناوی پاشماوە.

ئەڵتەرناسیۆنەکانی کرداری ئاڵۆزی ئەرگەتیڤیی بەپێی دابەشبونی تەواوکەرانە گفتوگۆیان لەسەر کراوە.

## ١/٢) فەرهەنگ و پۆلەڕەگەزە فەرهەنگییەکان

کردار، سەرناو (ناوی کرداریی)، ئاوەڵناوو ئاوەڵکردار لە کاتەگۆریە فەرهەنگیەکانن و لە دەروازەی زانیاریی وشەکاندا تۆمارکراون. زانیارییە سینتاکسیی و واتاییەکانی وشەکان لە فەرهەنگدا تۆمارکراون، ئەوەیش دەستەبەری ئەوە دەکات، کە ئاخێوەری گشت زمانێك، دروستە دروست و واتاڕاست و پێچەوانەکەی بناسێتەوە. نواندنی زانیارییە سینتاکسییەکانی ناو توخمە فەرهەنگیەکان لە دوو دیوی فەرهەنگیی و سینتاکسییدا بەرجەستە دەکرێن. ئەمەش دەریدەبرێت، کە ئەو ڕیزبونەی، لە فەرهەنگدا دەستدەکەوێت، مەرج نییە پەیکاڵی هەمان ئەو سەرەوڕیزبوونە بێت، کە لە سینتاکسدا بەرچاودەکەوێت، چونکە یاساکانی فۆرمداڕشتن (rules formation) نواندنی دەرەکیی زانیارییە سینتاکسیەکانن. سینتاکس دەرخستن و نواندنی زانیارییە فەرهەنگیەکانە.[٧٠]

ناوی کرداریی لە فەرهەنگدا تۆمارکراوەو پێواژۆی شکاندنەوەی لە سینتاکسدا ڕودەدات. کردار_دروستکردن نییە لە فەرهەنگدا، بەڵکو ئەوەی هەیە ناوی کرداریە، بەم جۆرە بەرهەمهێنانی کرداری شکاوە لە ناو سینتاکسدا ڕودەدات؛ بۆ ئەو مەبەستەش دوو ڕێگە هەیە:

١- /نوستن/ ⎫ یەک: قەدی ڕابوردوو: /نوست، گرت، خوارد،کوشت/ سینتاکس بۤ
بەرهەمهێنانی کردارێکی ڕابوردوو:

٢- /گرتن/ ⎪ نوستØ : گرتی، خواردی، کوشتی

٣- /خواردن/ ⎪

٤- /کوشتن/ ⎭ دوو: قەدی ڕانەبوردوو: پێشگری ڕانەبوردوو + /نوس، گر، خوار، کوش/
سینتاکس بۆ بەرهەمهێنانی کردارێکی ڕانەبوردوو

دەنوێت: دەگرێت، دەخوات، دەکوژێت

دەیگرێت، دەیخوات، دەیکوژێت

---

٧٠ - عەبدولجەبار مستەفا مەعروف: (٢٠١٣) و ئەو سەرچاوانەی لێوەی وەرگیراون

٥_ا) /گیران/ قەدی ڕابوردوو: گیر + ر + ا + ن

٥_ب) /کرانەوە/ قەدی ڕابوردوو: کر + ر + ا + ن + ەوە

٦_ا) /دەگیرێت/ ڕەگ + ر + ێ + ێت

٦_ب) /دەکرێتەوە/ ڕەگ + ر + ێ + ێت + ەوە

زمان | فەرهەنگ / ڕێزمان | پێڕەوی دەنگەکانە، پێڕەوی وشەکانە، بۆ پەیوەندیی لەیەکگەیشتن.

Sound System، Word System، Communication

هێڵکاریی (١) پێڕەوی مۆرفۆلۆژیی و فۆنۆلۆژیی بۆ ڕەگ

بەهەموویانەوە پێڕەوی ڕێزمانیان هێناوەتەئارا

زمان پێڕەوێکی چڕو ئاڵۆزەو یەکێکە لەپێڕەوە ئاڵۆزەکانی مێشك. بە هەر یەکە لەپێڕەوەکانی مێشك دەگوترێت پێکهاتە (Modul). هەر یەکە لەپێکهاتەکان پێڕەوێکی چڕو ئاڵۆزەو سەربەخۆیە، بەڵام لەگەڵ ئەوانی تریشدا لەپەیوەندیدایە. مادام زمان مۆدولارییە، کەواتە ڕێزمانیش مۆدولارییە، کەرستەکانی لەپەیوەندییەکی مۆدولاریدان. لێکۆڵینەوە لەمۆرفۆلۆژیی، واتا شیکردنەوەو توێژینەوە لە پێکهاتەی مۆرفۆلۆژیی. ئەوەی پەیوەندیی بەڕێزمانی کوردییەوە هەیە، (زمان بە ڕێزمان دادەنرێت).

لەزمانی کوردییدا سنوور لەنێوان فەرهەنگو مۆرفۆلۆژیی لەگەڵ سینتاکسدا نییە، ئەمەش تایبەتمەندیی زمانی کوردیی و هەندێک زمانی دییکەیە، کە بە زمانە تێکەڵەکان ناسراون.[٧١]

مۆرفۆلۆژیی دوو لایەن دەگرێتەوە:

یەکەم: وشەدروستکردن، بۆ واتای نوێ.

دووهەم: شکاندنەوە، بۆ بەرهەمهێنانی وشەو پێکهاتوی سینتاکسیی.

٧١ - بڕوانە محەمەدی مەحویی (٢٠١٠) و سەرچاوەکانی، (مزگین عەبدلڕەحمان ئەحمەد:٢٠١١)

**یەکەم**: مۆرفۆلۆژیی وشەدروستکردن:

بۆ واتای نوێیە
- لێکدراو: /سەرەگرتن/
- هەڵگوێزراو: /داگرتن، هەڵگرتن، پێگرتن، تێگرتن/
- داڕێژراو: /سەرەپێگرتن، چاولێداگرتن/
- وشەی فرێزی (Phrasal Word): /دەستبەسەرداگرتن/
- کۆمەڵە وشە (پێکەوەهاتوو–Collections): /گرتنەبەر، سەرلێدان/

کەواتە مۆرفۆلۆژیی پێڕەوێکە بۆ دروستکردنی وشەی نوێ بۆ ئەو چشتانەی کە تازە دێنەئاراوە.

**دوەهەم**: مۆرفۆلۆژیی شکاندنەوە (Word Inflection- Word Formation):

لەفەرهەنگدا گەنجی وشەکان هەیە، مۆرفۆلۆژیی ئەو پێواژۆ و یاسایانەی تێدایە، کە ئەو وشە نوێیانەیان لە مۆرفۆلۆژیی وشەدروستکردندا پێدروستدەکرێن. لەبەرئەوەی لەزمانی کوردییدا مۆرفۆلۆژییو سینتاکس چوونەتە ناو یەکەوە، دەشێت ناوی کرداریی هەبن لەفەرهەنگدا، کە وەك کرداری شکاوە هەم لەسینتاکسو هەم لەمۆرفۆسینتاکسیشدا هەبن، ئەمە بۆ کرداری بکەردیارو بکەرنادیاریش دەخوات، بەڵام دەشێت بکەرنادیاری شکاوە وەك ناوی کرداریی لەفەرهەنگدا نەبن. بەدەر لەمانە، کرداری تەواو وەك /گرتن، خواردن، مردن/ لەگەڵ کرداری لاوازدا /بوون/، کۆپولایش هەیە[72]، کە /ە/ یەو لەگەڵ کلیتیکەکاندا. / ە / هەڵگری واتای ڕەگ و تا ف و کەسی لکاوە.[73]

٧- /سەوزبوون/ <u>بوون</u> کرداری لاواز و کرداربەندیی (کۆپولا)

٧-ا) /چیمەنەکە سەوزبوو/. (کردەیی) پێشتر سەوزنەبو، ئێستا سەوزە.

٧-ب) /چیمەنەکە سەوز بو/. (حاڵەتیی) ڕەنگێکی تر نەبو.

---


٧٢ - وریا عومەر ئەمیین (٢٠١١: ٩٧) /- ە، ب، بوو/ ی بە کۆپولا داناوە.

٧٣ - بڕوانە Diane Larsen-Freeman, Marianne Celce-Murcia (2015: 58 ، هەروەها (Irslinger, Britta: 2018.)

٧-پ) /سەوزە/. کرداربەندییە. دروستەی ئەم کردارە ئاوەڵناوێکی ڕەنگە لەگەڵ کۆپولا.[٧٤]
٨- /سەوزە/ (ناوە).[٧٥]

## ۲/۲) پێڕەوی کردارەکان، بکەردیار و بکەرنادیار (Active and passive Voice)

پێڕەوی کردارەکانی زمانی کوردیی (فەرهەنگ و سینتاکس) لە وەچە پێڕەوەکانی کرداری بکەردیار و کرداری بکەرنادیار پێکهاتووە، کە بە بارەکانی/دیوەکانی کردار ناسراون (Voice) وەچەپێڕەوی دوهەمیان (بکەرنادیار) سەر بە کرداری تێنەپەڕە و لە فەرهەنگدا هەن و لە سینتاکسیشدا بەرهەمدەهێنرێن.




هێڵکاریی (٢) دیوەکانی کردار

٧٤ ـ محەمەدی مەحوی: (٢٠٠٩: ٢٤٠-٢٤١) و (٢٠١٦: ٤١١، ٨٤٠) و ئەو سەرچاوانەی، کە لێیوەرگیراون، لەگەڵ محەمەد مەعروف فەتاح (١٩٩٧ و ٢٠١٠)
٧٥- ئەوڕەحمانی حاجی مارف (١٩٧٦:٧٠) و محەمەدی مەحویی (٢٠١٦)

کرداری بکەرنادیاری فەرهەنگیی وەک /گیران/، /کرانەوە/، /خوران/[٧٦]، سینتاکسیی وەک خەوێنران/، /شێوێنران/ لە سینتاکسدا بەرهەمدەهێنرێن. پێکهاتوی بکەرنادیار لە سینتاکسدا، کە بەرهەمدەهێنرێت، وەک /هاتنەکوڵ/، /هاتنەکوشتن/.[٧٧]

١_ بەرهەمهێنانی مۆرفۆلۆژیانەو سینتاکسیانە لە سینتاکسدا

٨_ا) شێوێنرا ٨_ب) شێوێنراوە

٢_ پێکهاتوی سینتاکسیی بە کرداری /هات/ دەبێت.

٩_ هاتەکوڵ

پەیوەندیی کرداری تێنەپەڕ و بکەرنادیار

تێنەپەڕ — تێنەپەڕی بکەردیار
— تێنەپەڕی بکەرنادیار

تێنەپەڕی بکەردیار:

١٠_ مامۆستا بو. (ئاسایی) — حاڵەتیی
١١_ مامۆستا بوو. (تەواوبویی) — بە فۆنۆلۆژیی هێز و درێژکردنەوەی بڕگەیی (و) بووە بە تەواوبویی.

٧٦ - بۆ ڕونکردنەوەی هەندێک ناوی کرداریی، بڕوانە سەرنج و ڕونکردنەوەکانی دوای هێڵکاریی (٦-٦)!
٧٧ - محەمەدی مەحویی (٢٠١٠ و ٢٠١٦)

١٢_ بووم به مامۆستا. ⎫ (کردەیی) (بووم – بویت - بووØ)
١٣_ دەبم به مامۆستا. ⎭ (بووین – بوون - بوون)

## ٢/٢_١) پێرەوی ئەرگەتیڤیی

کرداری تەواو له تافی ڕابوردوی تەواوبودا ئەرگەتیڤیی نیشاندەدات. کردار له تافەکانی تردا ئەرگەتیڤیی نیشانادات، بۆیە ئەرگەتیڤیی کرمانجی ناوەڕاست به شەقبوو دادەنرێت (بڕوانه کەسی لکاوی ڕێکەوتن). کرداری تێنەپەڕی بکەردیار و بکەرنادیار ئەرگەتیڤیی نیین. لەم ڕووەیە، که بکەرنادیار به کرداری تێنەپەڕ دادەنرێت.[٧٨] کەسی لکاوی ڕێکەوتنی بکەر – کرداری کردارە تێنەپەڕەکان (بکەردیار و بکەرنادیار) له هەمان گروپن.

١٤_ نوستین نوستØ
١٥_ گیراین گیراØ

## ٢/٢_١_٢) دروستەی ناوەوەی ناوی کرداریی[٧٩]

ناوی کرداریی بریتییه له قەدی تافیی + / _ ن / ی بەناوکردن و لەکردارخستن[٨٠]. قەدی تافیی له ڕەگ + مۆرفێمی تافی ڕابوردوو دروستدەبێت.

٧٨ - وریا عومەر ئەمین(١٨،١٩٩٢-٢٢) و (١٩٦:١٩٩٥-٢٠٠)
٧٩ - محەمەد عومەر عەول له نامەی دکتۆراکەیدا (٢٠٠٨: ٨،١٣،١٥) گفتوگۆی لەسەر دروستەی ناوەوەی فرێزی کرداریی کردووە و تێیدا ئاماژەی به (ڕەگ، کەس و تاف) ی کردووە.

٨٠ - پاشگری سستکردنی چالاکیی کردار (ن): به پاشگری /ن/ دەگوترێت پاشگری لەکردارخستنو کردن بەناو.

کەواتە، بەشێوەیەکی سەرەکیی سەگمێنتە کردارییەکەی لە ڕەگی کردار + مۆرفیمی/ئەلەمۆرفی تافی ڕابوردوو + پاشگری لە چالاکیخستنی کردار پێکدێت.

ڕەگی کردار کرۆکی کردارەو هەڵگری واتاو داواکارییە سێمانتیکیی و ڕێزمانیەکانیەتیی. ناوی کرداریی بەو دروستەیەوە بووە بە لێکسیمی سەربەخۆ. دروستەو سەگمێنتەکانی ناوەوەی ناوە کردارییەکە (ڕەگ و تاف) بۆ دروستکردنی وشەی نوێ و بۆ بەرهەمهێنانی ڕستە و دەربڕدراوی سینتاکسیی ڕوونن (شەفافن)، ئەمەیش دەرەنجامی تێکەڵبونی پێکهاتەکانی ڕێزمانی کوردیین، کە مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسن. ئەم ڕوونیە ڕێگەی بۆ ئەوە خۆشکردووە، کە بتوانرێت سەگمێنتەکانی ناوە کرداریەکە (ڕەگ، تاف یان قەدی تافیی) لە وشەدروستکردن و لە بەرهەمهێنانی سینتاکسیشدا بە جیاو بە یەکەوە بەکاربهێنرێن.

١٦- /پیاوکوژ/ ڕەگ

١٧- /دەستکەوت/ قەد

شیکردنەوەکان دەریدەخەن، کە دروستەی ناوەوەی ناوە کردارییەکان بۆ دابەشبونی کەسە لکاوەکان (بکەریی) و جێناوە لکاوەکان (کەسی لکاوی بەرکاریی) لە ناو کرداری ئاڵۆزدا گرنگن.

١٨- /گرتن/ گر + ت

١٩- /نوستن/ نوس + ت

٢٠- /گرتنەوە/ گرەوە + ت

**ا) دروستەی ناوەوەی ناوی کرداریی سادە:**


قەدی تافیی (ڕەگ + تاف) + /- ن/ ی بەناوکردن و لەکارخستن

٢١- /گرتن/،   / گر + ت + ن/ [٨١]

٢٢_ / گیران /، / گیر +ر+ ا +ن/


١_ ناوی کرداریی (بکەردیار)

١_ا) ڕابوردوو (١)




هێڵکاریی (٣) دروستەی کردار


١_ب) ڕابوردوو (٢)




هێڵکاریی (٤) دروستەی کردار

٨١ - (محەمەدی مەحویی: ٢٠٠٩: ٢٤-٢٥)


١_پ) ڕانەبوردوو




هێڵکاریی (٥) دروستەی کردار


٢_ ناوی کرداریی (بکەرنادیار)

٢_ا) ڕابوردوو (١)





هێڵکاریی (٦) دروستەی کردار

٢_ب) ڕابوردوو (٢)




هێڵکاریی (٧) دروستەی کردار

٢_پ) ڕانەبوردوو




هێڵکاریی (٨) دروستەی کردار

سەرنج: (خولانەوە و نوسین)

یەکهەم: ١_بنەڕەتیی (بناغە واتادار) تێنەپەڕ

٢٣_ /خول/ : */خولان/ : /خولانەوە/     دوبارەبونەوەی واتای /خول/ ە، بە هۆی پاشگری /_ەوە/ ەوە

لە ناوە کرداریەکەدا /خول/ بناغەکەیەتی، لە هەمان کاتیشدا ڕەگەکەیەتی و واتادارە. کەواتە ناوی کرداریی /خولانەوە/ هەڵگوێزراوە. ئەو شیکردنەوەو زانیاریانەی سەرەوە، بۆ هەریەک لەم ناوە کرداریانە دەستدەدات:

٢٤_ /لەرە/ : * /لەران/ : /لەرانەوە/ ~ * /لەرین/ : /لەرینەوە/

٢٥_ /لەرز/ : /لەرزان/ : /لەرزین/ : /هەڵلەرزین/

٢٦_ /لورە/ : /لوراندن/ : * /لوران/

٢٧_ /قیژە/ : /قیژاندن/ : بەسەرداقیژاندن (وشەی فرێزیی) : * /قیژان/

٢٨_ /گرمە/ : /گرماندن/ : * /گرمان/

٢٩_ /بۆڵە/ : /بۆڵاندن/ : * /بۆڵان/

٣١_ /خەو/ : /خەوتن/

٢_بنەڕەتیی (بناغە_واتادار) تێپەڕ

٣٢_ /پێچ/ : /پێچانەوە/ : */پێچان/ دوبارەبونەوەی /پێچ/ بە هۆی پاشگری /_ەوە/ ەوە

لەو ناوە کرداریەدا /پێچ/، کە بناغە، لە هەمان کاتدا ڕەگەکەیەتی، واتادارە. کەواتە ناوی کرداریی /پێچانەوە/ هەڵگوێزراوە.

ڕەگی /بڕ/ واتای (بڕین و لەتکردن) ی هەیەو لە /دەستبڕ، گولەنەبڕ/ بە واتای مێتافۆڕیەوە هاتوە. /بڕین/ ناوە کرداریەکەیەو /بڕینەوە/ یش ناوی کرداریی هەڵگوێزراوە، بە واتای مێتافۆڕیی /کۆتاییپێهێنان/ یش، یان /وەستاندن/ دێت (دە بیبڕەوە!)

/دۆز/ له /دۆزینه‌وه/: /دۆز/ واتای (په‌یداكردن و په‌یداكردنه‌وه) ی هه‌یه‌و له وشه دروستكراوه‌كانی وه‌ك /بیردۆز/. به‌م شێوه‌یه ڕه‌گی كردار هه‌ن واتادارن و ده‌شێت هه‌یشبن واتاكه‌یان نه‌زانرێت.

دوهه‌م: ١_نابنه‌ڕه‌تیی (بناغه بێ_واتا) تێنه‌په‌ڕ

/حه‌و/ ڕه‌گ و بناغه‌ی /حه‌وانه‌وه/ یه، به‌ڵام به ته‌نها واتایه‌ك نابه‌خشێت، به‌ڵكو له ناوی كرداریيدا واتای هه‌یه، بۆیه ده‌ڵێین ناوی كرداریی ساده‌یه. ئه‌م شیكردنه‌وه‌و زانیاریه، بۆ ئه‌م ڕه‌گ و ناوه كردارییانه‌یش ده‌خوات:

٣٣_ /نووس ~ نوو/ : /نوستن/

٣٤_ /كه‌و/ : /كه‌وتن/

٣٥_ /بور/ : /بورانه‌وه/

٣٦_ /كول/ : /كولانه‌وه/

٣٧_ /ڕش/ : /ڕشانه‌وه/

٢_نابنه‌ڕه‌تیی (بناغه بێ_واتا) تێپه‌ڕ

/ نووس / ڕه‌گ و بناغه‌ی / نوسیین / ه، به‌ڵام به ته‌نها واتایه‌ك نابه‌خشێت، به‌ڵكو له ناوی كرداریيدا واتای هه‌یه، بۆیه ده‌ڵێین ناوی كرداریی ساده‌یه. ئه‌م شیكردنه‌وه و زانیاریه، بۆ ئه‌م ڕه‌گ و ناوه كردارییانه‌یش ده‌سته‌دات:

٣٨_ /پاڕ/ : /پاڕانه‌وه/ (تێنه‌په‌ڕ) : /لێپاڕانه‌وه/ (تێپه‌ڕی هه‌ڵگوێزراو): /بۆپاڕانه‌وه/ (تێپه‌ڕی هه‌ڵگوێزراو)

٣٩_ /كر/ : /كردن/ (ساده) : /كردنه‌وه/ (هه‌ڵگوێزراو) /كاركردن/ (لێكدراو) : /به‌سه‌ركردنه‌وه/ (لێكدراوی هه‌ڵگوێزراو/داڕێژراو) :/ئاوكردنه‌ژێرپێ/ (وشه‌ی فرێزیی).

٤٠_ /نووس/ : /نوسیین/ (ساده) : /نوسینه‌وه/ (هه‌ڵگوێزراو)

لەو شیکردنەوەو زانیارییانەی سەرەوە، ئەوە ڕونبوەوە، کە دوو جۆر ڕەگ و بناغە هەن، ئەوانیش واتادار و بێ_واتان. ئەمەیش ڕێگەی ئەوەمان دەدات، کە ناوی کرداریی بەو شێوەیە دەهێنرێتەوە، کە سادە بێت، هەرچەندە دەیشزانرێت، کە لە چەند سەگمێنتێک دروستبووەو دروستەکەیشی ڕونە.

دەشێت بەبێ چالاکبونی تاف و کەسیش قەدی تافیی واتادار بێت، بەراوردی ئەم نمونانەی خوارەوە بکە:

٤١_ /خوار/ : /خوارد/

٤٢_ /نووس ~ نوو/ : /نوست/

٤٣_ /نووس/ : /نوسی/

٤٤_ /خس/ : /خست/

٤٥_ /مر/ : /مرد/

٤٦_ /کەو/ : /کەوت/

کەواتە:

/کولانەوە، نوسیین...هتد/ وشەی سادەی بە بەردبووی ڕووتن لە وشەدروستکردن و بەرهەمهێناندا بەکاردەهێنرێن. ئەدگاری داڕێژەریی و لکاویی مۆرفێمەکان ڕێگەیان بۆ ئەم بە لێکسێم_بوون و بەبەرد_بوونە خۆشکردووە.

**ب) دروستەی ناوەوەی ناوی کرداریی لێکدراو:**

وشە + ناوی کرداریی سادە

٤٧- /سەرەگرتن/، /سەرە + گرتن/، /سەرە + گر + ت + ن/

**پ) دروستەی ناوەوەی ناوی کرداریی هەڵگوێزراو:**

_ پێشکرداریی + ناوی کرداریی :

٤٨_ /هەڵگرتن/

_ پێشناوی پێشکرداریی + ناوی کرداریی :

٤٩_ /تێگرتن/

_ ناوی کرداریی + پاشگر:

٥٠_ گرتنەوە

_ پێشناوی پێشکرداریی + پێشکرداریی + ناوی کرداریی:

٥١_ /پێهەڵگرتن/

_ پێشکرداریی + ناوی کرداریی هەڵگوێزراو:

٥٢_ /هەڵگرتنەوە/

_ پێشناوی پێشکرداریی + ناوی کرداریی هەڵگوێزراو:

٥٣_ /لێگرتنەوە/

_پێشناوی پێشکرداریی + پێشکرداریی + ناوی کرداریی هەڵگوێزراو:

٥٤_ /پێهەڵگرتنەوە/

**ت- دروستەی ناوەوەی ناوی کرداریی دارێژراو**


_ وشە + پێشناوی پێشکرداریی (لەهەندێک نمونەدا پاشکردارییش) + ناوی کرداریی

٥٥_ /دەست + پێوەگرتن/، /دەست + لێدان/

**ح- دروستەی ناوەوەی ناوی کرداریی فرێزیی: ئەم دروستەیە لە دروستەی فرێزەوە نزیکە.**

٥٦-ا) /دەستبەسەرداگرتن/، ٥٦-ب) /دەست + بەسەردا + گرتن/

٥٧_ا) دان بەخۆداگرتن/، ٥٧-ب) /دان + بە + خۆ + دا + گرتن/




هێڵکاریی (٩) کرداری فرێزیی

**ج- کۆمەڵە وشە:(پێکەوەهاتوو–Collection Words):**

ناوی کرداریی+مۆرفێمی خستنەسەر + وشە:

٥٨-ا) /گرتنەبەر/، /گرتن + ە + بەر/

٥٨-ب) /خوڕەی ئاو-هاتن/ ٥٨-پ) /قاسپەی کەو-هاتن/ [٨٢]

**٢/٢_٢) سەگمێنتەکانی کرداری شکاوە و کرداری ئاڵۆز**

هەریەک لە ڕستەو کرداری ئاڵۆز جێکەوتەی تایبەت بە خۆیان بۆ وشەو فرێزەکان لەگەڵ مۆرفیمەکانی کرداری ئاڵۆز هەیە. کرداری ئاڵۆز ڕستەیە بە مۆرفێم. مۆرفێمەکان لە فەرهەنگەوە دەهێنرێنە ناو جێکەوتەکانی قاڵبی کرداری ئاڵۆزەوەو کردارە ئاڵۆزەکە بەرهەمدەهێنرێت.

---

٨٢ - بڕوانە: محەمەدی مەحویی (٢٠١٠) و بێستوون حەسەن (٢٠١١).

### ٢/٢_٢_١) کرداری ئاڵۆز و سەگمێنتەکانی

شیکردنەوەکانی ئەبوبەکر عومەر قادر (٢٠٠٣) لە نامەکەیدا لەسەر کرداری ئاڵۆز (مۆرفۆسینتاکس) کردونی و لەگەڵیدا گفتوگۆکانی لەسەر ئەو سەگمێنتانەن، بۆیە لێرەو لەم شوێنەدا هێنراونەتەوە. لای ئەم زمانەوانە و ئەو سەرچاوانەی وەریگرتوون، مۆرفۆسینتاکس ئاماژەکردنە بۆ پۆل و تایبەتمەندییە ڕێزمانییەکان، کە بە خستنەڕووی هەردو پێوەری مۆرفۆلۆژیی و سینتاکس جێبەجێدەکرێت. مۆرفۆسینتاکس هەمو ئەو فۆرمە مۆرفۆلۆژییانە دەگرێتەوە، کە ئەرکی سینتاکتیکییان هەیە و چەمکەکانی ناسراویی، نەناسراویی، ژمارە-تاک و کۆ، توخم، دۆخ، کەس و دەمکات دەگرێتەوەو پۆلەڕەگەزەکانی شکاندنەوە دەیاننوێنن. بەم پێیە، کەرەستەکانی مۆرفۆسینتاکسی زمانی کوردیی بۆ دوو جۆر دابەشکردووە؛ ا- مۆرفۆسینتاکسەکانی ناو ب- مۆرفۆسینتاکسەکانی کردار. پەیوەست بە مۆرفۆسینتاکسەکانی کردارەوە، تاف-Tense و ئەسپێکت-Aspect و ڕوکار-Mood و گەردانی کردار-Conjugations ی دەستنیشانکردووە.[٨٣]

**تاف:**

(/-د/، /-ت/، /-ا/، /-ی/، /-و/) وەکو مۆرفۆسینتاکسەکانی تافی ڕابوردوی بکەردیار دیاریکردووە.

| | |
|---|---|
| ٥٩- ا) خواردم | ٥٩-ب) مردم |
| ٦٠-ا) فرۆشتم | ٦٠-ب) کەوتم |
| ٦١-ا) کێڵام | ٦١-ب) گەڕام |
| ٦٢-ا) کڕیم | ٦٢-ب) تەزیم |
| ٦٣-ا) چووم | ٦٣-ب) چووم |

٨٣- ئەبوبەکر عومەر قادر (٢٠٠٣: ٦٠) لەم دابەشکردنەیدا (کات) ی هەمبەر بە (تاف) داناوە، بەڵام بە تاف دەڵێت: کاتی ڕودان و بە کاتیش دەڵێت: کاتی ئاسایی. هەروەها ڕوکارو ڕێژەی تێکەڵکردوە. چونکە ڕوکار (Aspect) ە و ڕێژەیش (Mood) ە.

بەڵام وەهای داناوە، بۆ ڕانەبوردوو تاف لە ڕەگی کاردا توابێتەوە. تەنها لە بکەرنادیاردا تاف /-ێ/ دەردەکەوێت، لە بکەردیاردا فۆرمێکی سەربەخۆی نابێت و لە هەستی قسەکەردا تواوەتەوە.[٨٤] هەروەک ئاماژەی پێدرا، لەم نامەیەدا مۆرفیمەکانی تاف سەگمێنتی لکاون و بەرجەستەن.

٦٤- دە + فرۆش + ر + ێ.                    ~                    دەفرۆشرێت.

**ڕوکار:**

ڕوکار ماوەی ڕودانی کار لە ئێستا و ڕابوردوو و ڕانەبوردودا دەخەنەڕوو، مەبەست لە ماوە: سەرەتا و کۆتایی، تەواوبوون و تەواونەبوون یان درێژەکێشان دەگرێتەوە.

لێکۆڵەر ئەم نیشانانەی دەستنیشانکردوون [دە، ووە/وە، ە، ەوە/وە]

٦٥_ دەگەڕایەوە (سەرەتای دەستپێکردن و گێڕانەوە)

٦٦-ا) کەوتووە                    ٦٦-ب) کێڵاوە . ئەم ڕوکارە ڕابوردووی تەواو دادەڕێژێت. واتای تەواوبوون/ مانەوەی کاریگەریی ڕودان دەگەیەنێت. ئەوەی، کە کاریگەریی دەمێنێت، بەو واتایە نایەت کردارەکە تەواونەبویی بێت، لەبەرئەوەی کردارەکە لە ڕابوردودا ڕویداوەو هەر لە ڕابوردویشدا تەواوبووە.

٦٨-ا) زستان ساردە. (درێژەکێشان و ئێستایی_بوونی ڕوودان. هەمیشەیی/ ڕاستیی بێ_کات)

٦٨-ب) هەوا ئەمڕۆ ساردە. (ماوە سنوردار)

٦٩-ا) هاتوومەتەوە (دەمکاتی ئێستایی کار، دڵنیایی_بەخشیین بە ڕودان یان تەواوبونیی).

---

٨٤- لەم لێکۆڵینەوەیەدا کار بەم بۆچوونە ناکرێت.

٦٩-ب) دێمەوە (ئاینده)

**ڕێژە:**

ڕێژە بریتییە لە هەستی قسەکەر بەرانبەر بە ڕاستیی ڕوداو یان کردار، لە ڕوانگەی ئەنجامدان و جێبەجێبوون، یان جێبەجێنەبونی کارەوە. بە شێوەیەکی گشتییش بریتیین لە: هەواڵیی و پرسیاریی، مەرج و خۆزگەو دانانیی، فەرمان و داخوازیی، کە لە زمانی کوردییدا پۆلەڕەگەزەکانی شکاندنەوە دەیاننوێنن، کە دابەشیکردوون بۆ: هەواڵە ڕوکار، مەرج و خۆزگەو دانانە ڕوکار، فەرمانە ڕوکار.

| | | |
|---|---|---|
| ٧٠-ا) نوستووە | ٧٠-ب) نەنوستووە(؟) | هەواڵیی |
| ٧١-ا) وێرانکرا | ٧١-ب) وێراننەکرا(؟) | پرسیاریی |
| ٧٢-ا) ئەگەر نوسرابێت | ٧٢-ب) ئەگەر نەنوسرابێت (مەرجیی) | |
| ٧٣-ا) خۆزگە نوسرابام | ٧٣-ب) خۆزگە نەنوسرابام (ئارەزوو) | |
| ٧٤-ا) بهاتبا دەمانبینی | ٧٤-ب) نەهاتبا (دانانیی) | |
| ٧٥-ا) بنوسە/ بینوسە | ٧٥-ب) مەنوسە/ مەینوسە (فەرمان) | |

**گەردانکردنی کردار:**

جێناوە لکاوەکان بە پێی شوێن و ئەو ڕۆڵانەی دەیانبینن (بە مۆرفێمەکانی کات و کەسیش ناویبردوون)، دەکرێن بە کۆمەڵەوە، کۆمەڵەی یەکەم [م - مان، ت - تان، ی - یان] لە دروستەی کرداردا تەنها دەچنەسەر ڕابوردووی تێپەڕی بکەردیار. کۆمەڵەی دوهەم [م – ین، ی/یت/ـە/ Ø– ن، ات/ێت/ـە/Ø - ن] دەچنەسەر ڕابوردوو و ڕانەبوردووی بکەرنادیار، ڕابوردوو و ڕانەبوردووی تێنەپەڕ، ڕانەبوردووی تێنەپەڕ.

٧٦_ا) من تۆم گرت.

٧٦-ب) گرتـــمــــــيــت (بەركار كۆتايى دروستەكە دەگرێت.)

تاف   كەس(بكەر)   كەس(بەركار)

گروپى ئەرگەتيڤيى دەچنە پێش، يان پاش ڕەگى كار:

٧٧-ا) گرتــــمانØ

تاف   كەس(بكەر)   كەس(بەركار)

٧٧-ب) دەمانــــگرت

تاف   كەس(بكەر)

گروپى ڕێكەوتنى سەرەكيى شوێنيان جێگيرە و لە پێش ڕەگەوە نايەن.

مۆرفێمى گۆڕينى تواناى كار يەكێكى ترە لە كەرەستەكانى مۆرفۆسينتاكس، كە كردار لە تێنەپەڕەوە دەكات بە تێپەڕ، بەهۆى مۆرفێمى /- اند/، /_ دن/ ەوە.[٨٥]

٧٨-ا) منداڵەكە گەڕا.

٧٨-ب) ژنەكە منداڵەكەى گەڕاند.

بەڵام لە ڕانەبوردوودا /-ان/ دەبێت بە /-ێن/ وەك ڕەفتارێكى فۆنۆلۆژيى.[٨٦]

٧٩-ا) ناردم

٧٩-ب) دەنێرم

---

٨٥- لەهەمان لاپەڕەدا ئەبوبەكر عومەر قادر دەڵێت بە هۆى مۆرفێمى /-ان/ ەوەيە و كارپێكردووە. بەڵام عەبدوڵا حسێن (١٩٩٥) /_دن/ ى بە مۆرفێمى تێپەڕاندن داناوەو لەڕێى شيكردنەوەى نمونەكانيەوە سەلماندويەتيى.

٨٦ - بۆ ئێمە لەبريدانانە

لاوازکردنی توانای کاریش بە کەرەستەی مۆرفۆسینتاکس و بە هۆی مۆرفێمی /-ر/ ەوە لە تێپەڕەوە بۆ تێنەپەڕ ئەنجامدەدرێت.

بۆ ئێمە لە سینتاکسدا کرداری بکەرنادیاریش بەرهەمدەهێنرێت، واتە کرداری بکەرنادیار سەر بە مۆرفۆلۆژیی وشە دروستکردن نیە.

٨٠-ا) پۆلیس دزەکەی گرت. ٨٠-ب) دزەکە گیرا.

٨١-ا) شارەوانیی نەمام دەنێژێت. ٨١-ب) نەمام دەنێژرێت[٨٧].

**کورتەوپوختە**

**تاف:** پەیوەست بە تافەوە، (ئەبوبەکر عومەر قادر) وەهایداناوە، کە تاف کاتی ڕودان دەگرێتەوە. بۆ تافی ڕابوردوو پێنج مۆرفێمی دیاریکردوون، بە بێ ئەوەی پەیوەندیی نێوانیان ڕونبکاتەوە و ئەلەمۆرفەکان دیاریبکات. بۆ تافی ڕانەبوردویش پێیوایە، کە فۆرمی سەربەخۆی نییە و کات لە ڕەگدا تواوەتەوە، هەرچەندە ئاماژەی بە /دە-/ داوە وەک ڕوکار، بەڵام بە مۆرفێمی تافی دانەناوە، کە ئەلەمۆرفی /ئە-/ ی هەیە.

ڕوکار**:** لەم نامەیەدا زاراوەکانی ڕوکار و ڕێژە بەکارهێنراون: ماوەی ڕودانی کار (سەرەتا و کۆتایی، تەواوبوون و تەواونەبوون یان درێژەکێشان) دەگرێتەوە، لەگەڵ ئەوەی ڕوکارەکانی دەستنیشانکردووە، بەڵام جیاینەکردونەتەوە و بە شێوەیەکی وردو پێڕەوبەندانە دابەشینەکردوون.

کەس: کەسە لکاوەکان لە شکاندنەوەی کرداردا ڕۆڵی ڕێکەوتن دەبینن و گشتیان وەک جێناو نایەن، بەڵام ئەم زمانەوانە هەموویانی بە جێناو داناون.

ڕێژە: وشەی ڕوکاری بۆ ڕێژە بەکارهێناوە، لە دیاریکردنی ڕێژەکانیشدا (هەواڵیی و پرسیاریی، مەرج و خۆزگەو دانانیی، فەرمان و داخوازیی) ی دیاریکردوون، بەڵام دابەشکردنەکەی تەواوکەرانە و پێڕەوبەندانە شیینەکردوەتەوە.

---

[٨٧] - (ئەبوبەکر عومەر قادر: ٢٠٠٣: ٢٨-٨٢)

پەیوەست بە کرداری ئاڵۆزەوە، (وریا عومەر ئەمیین) توخمەکانی مۆرفۆسینتاکسی بە جۆر و تافی کردارەوە بەستوەتەوە، کە چ جۆرە جێناوێک (وەک فریزی ناویی، یان بەرکاری ڕاستەوخۆ و بەرکاری ناڕاستەوخۆ) دەچێتە ناو دروستەی کردارەوە (گواستنەوە و بە جێناوکردن). ئەم زمانەوانە تافی ڕابوردوو و ڕانەبوردووی جیاکردووەتەوەو لە شیکردنەوەکانیدا مۆرفێمەکانی /-د/، /-ت/، /-ا/ بۆ ڕابوردوو دەبینرێن، بۆ ڕانەبوردویش /-ێ/ دیاریکراوە.

٨٢- /خواردم/ /-د/

٨٣- /هاتم/ /-ت/

٨٤- /کوژرا/ /-ا/

٨٥- /ئەوترێ/ /-ێ/

**ڕوکار**: لە زمانی کوردییدا سێ جۆر ڕوکار سەلمێنراون: تەواوبوو، تەواونەبوو، تەواو.

ا- تەواوبویی هیچ توخمێکی ڕێزمانیی لە ڕوکەشدا نییە. کردار ڕوکاری تەوابوویی لە ڕابوردوودا هەیە، لەگەڵ ئەو کردارانەیشدا دێن کە ڕوکاری ناتەواوبویی و تەواویان پێوە نییە.

ب- فۆرم و پێشگری /دە_/ بۆ تەواونەبویی دەبێت. لە زمانی کوردییدا تەواونەبویی لە ڕابوردوو و ڕانەبوردوویشدا دەبینرێت.

پ- زمانی کوردیی (تەواو)ی لە ڕابوردوو و ڕانەبوردوودا هەیە. ڕابوردووی تەواو توخمێکی فۆنۆلۆژیی دروستیدەکات لە ڕوکەشدا، کە بریتییە لە /بوو/[٨٨].

٨٦- نوستبوون

٨٨ - وریا عومەر ئەمیین هیچ ڕونکردنەوەی لەسەر ئەوە نەداوە، کە بۆچی بە توخمێکی مۆرفۆلۆژیی وەک /- بوو/ ی گوتووە فۆنۆلۆژیی.

بۆ ڕانەبوردووی تەواویش بریتییە لە /وە/، کە پێکهاتووە لە مۆرفێمی /وو/ی ڕابوردووی دوور لەگەڵ کۆپولا /ە/. بەگواستنەوەی شوێنی تافەکان و ڕوکارەکان دەڵێت یاسای شوێنگۆڕکێ - permutation rules). بەڵام هیچ نمونەیەکی بۆ ئەم بابەتە نەهێناوەتەوە. دەشێت مەبەستی لەم دروستەیە بێت:

٨٧- نوستووە

ڕێژە: ا) ئیلزامیی (Subjunctive): ئیلزامیی بە زیادکردنی مۆرفێمی /ب/ بۆ سەر ڕەگی کردار دروستدەبێت. لەگەڵ ڕەگی ڕانەبوردودا /بـ_/ دەبێت بە پێشگر و ڕانەبوردووی ئیلزامیی دروستدەکات.

٨٨- بـ + خۆ[٨٩] بخۆ

لەگەڵ ڕابوردودا /_بـ/ دەبێتە پاشگر و ئیلزامیی تەواوبوو دروستدەکات.

٨٩- خوارد + بم خواردبم

ب) فرمان (Imperative): هەمو ڕێزمانەوانە کوردەکان ئەم ڕێژەیەیان داوەتەپاڵ کەسی دوهەم (تاک و کۆ). لە ڕوی مۆرفۆلۆژییەوە، فرمان لە ڕەگی ڕانەبوردوو و پێشگری /بـ _/ دروستدەبێت.

٩٠-ا) بـ + خۆ + Ø بخۆ!

---

٨٩ - بەم دروستەیە، کردارەکە فرمانە، نەک ئیلزامیی.

٩٠-ب) ب + خۆ + ن[90] بخۆن!

**کورتەو پوختە**

تاف: لە دیاریکردنی تافەکاندا (ڕابوردوو و ڕانەبوردوو) ی دیاریکردووە، ئاماژەی بە ئەلۆمۆرفەکانی تاف نەکردووە و بە شێوەیەکی ورد لەسەر مۆرفێمەکان نەوەستاوە، تەنانەت بۆ ڕانەبوردوو /ئە-/ بە مۆرفێمی ڕانەبوردوو دانەناوە بە ڕوکاری داناوە، لە بریی ئەوە /_ێ/ ی بە مۆرفێمی ڕانەبوردوو داناوە.

کەس: وەک لە نمونەکاندا دەردەکەوێت، زیاتر لە جێناو دەدوێت، نەک کەسی لکاوی ڕێکەوتن، لە ڕێکەوتنیشدا گفتوگۆ لەسەر ڕێکەوتنی ئەرگەتیڤی ناکات.

ڕوکار: سێ جۆر ڕوکاری دەستنیشانکردووە؛ تەواوبوو، تەواونەبوو، تەواو. ئەم دابەشکردنە تەواوکەرانەو ئامانجپێک نییە.

ڕێژە: دوو ڕێژەی جیاکردونەتەوە؛ (سەبیونتیڤ و فەرمان) و ئاماژەی بە هەواڵیی نەداوە.

**٢/٢_٢_٢) مۆرفیم و ئەلەمۆرفەکانی تافی ڕابوردووی کردار**

قەدی تافیی ناوە کردارییەکە (ڕەگ + مۆرفێمی تاف) لە فەرهەنگەوە دەهێنرێتە ناو سینتاکسەوە. (بڕوانە بەشی سێهەم) مۆرفێمەکانی تافی ڕابوردوو بریتین لە (/-ت/، /-د/، /-ا/، /-ی/، /-و/)، کە لە ڕووی لێکچونی فۆنۆلۆژیی و بڕشتیی کردارەوە، هەندێکیان دەبن بە ئەلۆمۆڕفی یەکتر (ئەلۆمۆرفی تەواوکەرانە). پەیوەست بە لێکچونی فۆنۆلۆژیی و بڕشتیی کردارەوە، محەمەدی مەحویی (٢٠١٠: ٢١) وەهای داناوە، کە "مۆڕفێمی تافی ڕابوردوی هەندێك کرداری تێنەپەڕ /_ا/ ()هات{)، کە لەگەڵ مۆڕفێمی تافی ڕابوردوی بکەرنادیاردا یەکدەگرێتەوە، ئەلەمۆڕفێکی هەیە، کە ئەلەمۆڕفی تەواوکەرانەیەو هەر بۆ کرداری تێنەپەڕەو /_و/ ە ()چوو، بوو{). (ا) ئەو کردارە تێنەپەڕانەی، کە /_اند/ وەردەگرن و دەبن بە تێپەڕ، پاشگری ڕابوردووی /_ا/ وەردەگرن ()خەوت{ : }خەواندی{) و (ب) ئەو کردارانەیان، کە /_اند/ وەرناگرن و ناکرێن، بە تێپەڕ، مۆڕفێمی تافی ڕابوردوویان /_و/ ە ()چوو{ :

[90] - وریا عومەر ئەمیین (٢٠١١: ٤٣-٩٦)

*}چوواند{). بەڵام ئەو کردارە تێپەڕانەی، کە بڕگەییەکی /ی/ یان تێدایەو کۆتاییان بە زرنگدەرەوەی /ن، ڕ/ هاتووە، پاشگری ڕابوردوی /یی/ وەردەگرن (}کڕیی، بینیی{)، نەك /_ت/ (*}کڕتی{). کەواتە ئەلەمۆڕفە ڕێزمانییەکەی /_ا/ بۆ کرداری تێپەڕ /_ی/ یە (}بینیی، نوسیی{). /-ت/ و /-د/ ئەلۆمۆرفی یەکترن، "لەیەکچوونی فۆنۆلۆژییان هەیە [ +گییراو، +پوکیی، +/_دەنگدار ] و /_د/ مکە ئەلەمۆڕفی تەواوکەرانەی /_ت/ مکەیە. /_ت/ مۆڕفێمی سەرەکیی تافی ڕابوردووە. بەواتا، کە /_د/ پاشگری تافی ڕابوردووی کردارە تێنەپەڕو کردارە تێپەڕەکان تەواودەکات، کە /_ت/ ە، (بڕوانە }نوست، کوشتی{ هەمبەر بە}مرد، خواردی{!)." بەڵام لەڕوی تافەوە، هەمویان مۆرفێمی تافن.[91]

### ٢/٢_٢_٣) مۆرفیم و ئەلەمۆرفی تافی ڕانەبوردووی کردار

چۆن قەدی تافیی ڕابوردوو لە فەرهەنگەوە هێنرایە ناو سینتاکس، ڕەگی ڕابوردوو بە تەنها دەهێنرێتە ناو سینتاکسەوەو مۆرفیمی تافی ڕانەبوردوو (دە)ی بۆ زیاددەکرێت و دەکرێتە قەدی تافیی، پاشان کەسێکی لکاوی گونجاویش دەخرێتە کۆتاییەکەی بە مەبەستی چالاککردنی قەدە تافییەکە و ڕێککەوتنی بکەر _ کردار.

(/ئە/، /تێ/) جۆرێکە لە دەربڕینی ئازادی /دە_/ (= ئەڵتەرناسیۆنی ئازاد)، کە گیراوە گەروییەکەی مسۆگەریکردووە و ئەلەمۆرف نییە.

### ٣/٢) شکاندنەوەی تافی ڕابوردوو و ڕانەبوردووی کردار

شکاندنەوەی کردار: واتای نوێمان نییە تا وشەی بۆ دروستبکەین، وەك لە وشە دروستکردنەکەدا هەیە. لەشکاندنەوەدا وشەی نوێ بۆ واتای نوێ دروستناکرێت، بەڵام لێرەشدا هەندێك واتای نوێ دێنەناوەوە، کە بە شێوەیەکی گشتیی پەیوەندییان بە کاتو ڕوکارو ڕێژەوە هەیە (Tens, Aspect, Mood).[92]

شکاندنەوە = کات + کەس

گەردانکردن = کەس

٩١ - بڕوانە محەمەدی مەحویی (٢٠١٠: ٢١-٢٢، ٣٠) و بەشی یەکەمی ئەم لێکۆڵینەوەیە!
٩٢ - مەحموود فەتحوڵا (٢٠٠٤: ٣٥-٤٠) و وریا عومەر ئەمیین (٢٠١١: ٤٢-٩٥)

تافی رابوردوو

شکاندنەوە بریتییە لە هێنانی قەدی تافیی + گەردانکردن

٩١- /گرتن/ گرت + م ⟵ گرتم

٩٢- /بوون/ بوو + م ⟵ دەبم

٩٣- /گیران/ گیر+ر+ا + م ⟵ گیرام

تافی رانەبوردوو:

شکاندنەوە= هێنانی تاف + گەردانکردن

٩٤- دە + گر + م ⟵ دەگر + م ⟵ دەگرم

٩٥- دە + ب + م ⟵ دەب + م ⟵ دەبم

٩٦- دە+گیر+ێ+م ⟵ دەگیرێ+م ⟵ دەگیرێم

کەواتە گەردانکردن = چالاککردنی قەد (ڕەگ + تاف)

یەکێك لەتایبەتمەندیەکانی زمانی کوردییە، کە بکەردیارو بکەرنادیاری لەفەرهەنگدا تۆمارکراوی هەیە. هەندێك کرداری بکەرنادیاریش لەسینتاکسدا بەرهەمدەهێنرێن، وەك /هاتنەکوڵ/ و ئەو بکەرنادیارانەی لە ناو فەرهەنگدا ناوی کردارییان نییە (**/کران/).

لەکرمانجیی ناوەڕاستدا قەد یان ڕەگی ناوە کردارییەکە دەهێنینەناو سینتاکس بۆ ئەوەی ڕستە بەرهەمبهێنین.

٩٧-ا) /کوشتن/: (کوشت، کوش) ڕەگەکەیان لەکارکەوتوونو سستن، هەتا کاتو کەسی لکاویان دەدرێتێ.

قەدی تافی ⟵ کوشت، ڕەگ ⟵ کوش

٩٧-ب) کوش + ت + ی      کوشتی      کوشتی      هێزو      فۆنەیتییک

٩٧-پ) دە + کوش + ێت      دەکوشێت      دەکوژێت      ئاواز

شکاندنەوەکە لەسینتاکسدایە، بەکارکردن لەگەڵ مۆرفۆلۆژیی سینتاکسدا. کەواتە شکاندنەوە مۆرفۆلۆژیی سینتاکسییە لەناو ئەم پێکهاتەیەدا.

شکاندنەوە ← پێدانی تاف (هەنگاوی یەکەمە)

شکاندنەوە ← پێوەلکانی کەسی لکاو (گەردانکردن) (هەنگاوی دوهەمە)

هێڵکاریی (١٠) هەنگاوەکانی شکاندنەوە

کرداری شکاوە لەدوو شوێندا هەیە: فرێزی کرداریی

کرداری ئڵۆز (مۆرفۆسینتاکس)

لەفرێزە کردارییەکەدا، کردارەکە لە هەر چەشنێکی سادە، یان مۆرفۆلۆژیی بێت (کەوتەخوارەوە) لەکۆتاییدا بێت یان ناوەوە، شکاندنەوەکەی بەپێی هەمان یاساو مەرج و بە هەمان مۆرفیمەکانیەتی.

### ٣/٢_١) شکاندنەوەی کرداری ڕابوردوو بە گەردانکردن (کەس و ژمارە)

کرداری کاتوکەسدار لە سینتاکسدایەو لەسینتاکسدا گفتوگۆ لەسەر ئەو مۆرفیمانە دەکرێت، کە لە بەرهەمهێنانی کرداری کاتوکەسدارەکەدا بەشداریدەکەن. کرداری فرە مۆرفیمیش (ناوی کرداریی) بە کرداری سادە دادەنێین، بۆ ئەوەی لەکرداری فرێزیی جیابکەینەوە. ناتوانین لەکرداری سادەو ناسادە بدوێین لە زمانی لکاودا، کە فرە_مۆرفێمییە، بەڵام کاتێک ئەم کارە دەکەین، بۆ جیاکردنەوەی شکاندنەوەکانە.

٩٨- گرتم ─┐ شكاندنەوەی كرداری سادەیە.
گیرام ─┘

٩٩- سەرەمگرت (ئێمە سەرەمانگرت) ─┐ شكاندنەوەی كرداری لێكدراوە.
سەرەكەمان گیرا ~ * سەرەمانگیرا ─┘

١٠٠_ دەستیبەسەرداگرت (دەستی بەسەر شارەكەدا گرت) ─┐ شكاندنەوەی كرداری فرێزییە.
دەستیبەسەرداگیرا ~ دەستبەسەریداگیرا ─┘

ناوە كردارییەكەیش لە ناو فەرهەنگدا سادە، هەڵگوێزراو و لێكدراوی هەیە:

١٠١- /گرتن/ ~ /گیران/ سادە

١٠٢- /گرتنەوە/ ~ **/گیرانەوە/ هەڵگوێزراو

١٠٣- /سەرەگرتن/ ~ **/سەرەگیران/ لێكدراو

١٠٤- منداڵەكە تۆپەكەی گرتەوە.

(منداڵەكە ← جێكەوتەی بكەر، تۆپەكە ← جێكەوتەی بەركار)

شكاندنەوەكە بریتییە لەوەی، كە كەسی پێوە دەلكێنرێت:

١٠٥- (ئەو) گرتیØ.

١٠٦_ (ئەو) گیراØ .

بۆ شكاندنەوەی كردار لەتافی ڕابوردوودا، ڕەگ و پاشگری تافی ڕابوردوو (بكەردیار)، ڕەگ، مۆرفێمی بكەرنادیار و پاشگری تافی ڕابوردوو (بكەرنادیار) لەفەرهەنگەوە دەهێنرێن و كەسی لكاویان دەخرێتەسەر. ئەم جۆری شكاندنەوەیەیان بە گەردانكردن جێبەجێدەكرێت (گەردانكردن = لكاندنی كەسی ڕێكەوتن بەبناغەوە[٩٣]).

---

[٩٣] - قەد بۆ وشەدروستكردنە: ١٦- كورد + ێتی

کەواتە:

١- بەم پێیە بۆ شکاندنەوەی ڕابوردوو، بناغەی تافیی (= قەدی تافیی) لەفەرهەنگەوە دەهێنرێت.

٢- فەرهەنگـو مۆرفۆلۆژیی وشەدروستکردن لەگەڵ سینتاکسدا ڕژاونەتەناویەك.

## ٣/٢_٢) شکاندنەوەی کرداری ڕانەبوردوو بە گەردانکردن (کەسە لکاوەکان و ژمارە)

بناغەی تافی ڕابوردوو لەفەرهەنگدایە لەناو ناوە کردارییەکەدا /گرتن/. بناغەی تافی ڕانەبوردوو لەسینتاکسدا بەرهەمدەهێنرێت (/دە + گر/)، بۆ ئەم بەرهەمهێنانە سینتاکسییە ئەو مۆرفیمانەیش لە فەرهەنگەوە دەهێنرێن بۆ ناو سینتاکس. بۆ ئەوەی شکاندنەوەکە تەواوببێت، کەسی لکاو دەهێنرێت و بە بناغە تافییەکەی ڕانەبوردووەوە دەلکێنرێت. بەگەردانکردنەکە (لکاندنی کەسی لکاو بەبناغەکەوە لەگەڵ دروستکردنی بناغە تافییەکە، پێواژۆی شکاندنەوە لەسینتاکسدا تەواودەبێت). لەم بارەدا ڕستەی نائەرگەتیڤیی لە تافی ڕانەبوردودا بەرهەمدەهێنرێت. ئەگەر ڕستەکە ئەرگەتیڤیی بێت، لە دوا هەنگاودا کەسی ڕێکەوتنی ئەرگەتیڤیی دەخرێتە جێکەوتەی بەرکاری ڕاستەوخۆ. ئەمە جۆری پەیوەندیی لەنێوان فەرهەنگ و سینتاکسدا دەخاتەڕوو، پەیوەست بەکرداری شکێنراوەوە.

هەنگاوی یەکەمی شکاندنەوەی ڕانەبوردووی /گرتن/، /هەڵگرتنەوە/، /سەرهەڵگرتن/، /هەڵڕشتن/ بە دانانی مۆرفێمی تافی ڕانەبوردوو دەستپێدەکات. لە هەنگاوی دوهەمدا گەردانکردنەکە شکاندنەوەکە تەواودەکات (بکەردیار)، بۆ بکەرنادیاریش بە دانانی مۆرفێمی تافی ڕانەبوردوو دەستپێدەکات، هێنانی مۆرفێمی بکەرنادیار و گەردانکردن/ کەسە لکاوەکان بۆ دوای ڕەگ.

**١٠٧_ (ئەو) من دەگرێت.** **دە + گر+ ێت**

---

قەد

بناغە بۆ شکاندنەوە بەکاردێ: ١٧- گـرت + ی، گیرا + م

بناغە

١٠٨_ (ئەو) دەگیرێت.            دە + گیر + ر + ێت

١٠٩_ (ئەو) هەڵیدەگرێت.          هەڵ + یـ + دە + گر + ێت

١١٠_ (ئەو) هەڵدەگیرێت.           هەڵ + دە+ گیر+ ر+ێت

١١١_ (ئەو) سەریهەڵدەگرێت   سەر + یـ + هەڵ + دە + گر + ێت

ا)بەجێهێشتنی شوێن (ئەو) ~ * ١١٢_ سەریهەڵدەگیرێت.

ب)١١٣_ سەری بە بڕنەو هەڵدەگرێت ~ سەریهەڵدەگیرێت  سەر+هەڵ+ دە+ گیر+ ر+ ێت

١١٤_ (ئەو) هەڵیدەڕژێت.          هەڵ + یـ + دە + ڕژ + ێت

١١٥_ (ئەو) هەڵدەڕێژرێت.          هەڵ + دە + ڕێژ + ر+ ێت

## ٣/٢_٣) گۆڕینی فۆنۆلۆژیانەی سەگمێنتەکانی کردار

## ٣/٢_٣_١) پەیوەندیی مۆرفۆلۆژیی شکاندنەوە – فۆنۆلۆژیی

دوو جۆر /بوون/ جیاکراونەتەوە، کە /بوون/ی کردەیی و /بوون/ی حاڵەتیین (بڕوانە نمونەکانی /سەوزبوون/ لە ٣/٣_٣ ی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا!).

١١٦-ا) بامێکە زەرد بو.  (حاڵەتیی)

١١٧-ب) بامێکە زەردبوو.  (کردەیی)

کەوتنی /وو/ی /بوون/ لە تافی ڕانەبوردووی کرداره کردەییەکە ڕێزمانییە و ناوابەستەیە لە هێز، چونکە کۆتایی کرداری ڕانەبوردوو هێز-لەسەرە.

١١٨_ من نوستم    ~     من دەنووم[٩٤] .

کرداری /بوون/ تێنەپەڕە، بۆیە پێویستی بە فرێزێکی ناوییە لە ڕستەکەیدا. بەم جۆرە /زەردبوون/ و /بوون بە/ کردەیین، بەڵام (مامۆستا بوم)، لەگەڵ (مامۆستایە) و (زەرد بو) حاڵەتیین.

٩٤ - بڕوانە (محەمەدی مەحویی: ٢٠١٦) و (دڵشاد محەمەد غەریب: ٢٠١٩)

١١٩_ من دەبم بە مامۆستا.

١٢٠-ا) مامۆستا بوم. (کرداربەندیی: حاڵەتیی)

١٢٠-ب) بووم بە مامۆستا. (کردەیی)

١٢٠-پ) مامۆستایە. (کرداربەندیی: حاڵەتیی)

/بوون/ ~ /ە/ نایاسابەندەو ڕونکردنەوەی نییە.

**٣/٢_٣_٢) پەیوەندیی مۆرفۆلۆژیی وشەدروستکردن – فۆنۆلۆژیی**

ئەم وەچەپارە پەیوەندیی بەفۆنۆلۆژییەوە هەیەو نمونانەکانی پەیوەستن بە مۆرفۆلۆژییەوە.

١٢١- /چیین/ — /- ایەتیی/      ١٢٢- /چینایەتیی/

[ tʃi:n] – [a. yə. ti:]      [tʃi . na .yə . ti:]

بە پێواژۆی مۆرفۆفۆنۆلۆژیی بڕگەیی درێژ لە نەمانی هێز لەسەری، کورت دەردەبڕدرێت.

یی ← ی

لە ناوەندی دەنگدارییشدا، خشۆکە کپەکان دەبن بە دەنگدار:

١٢٣- /کوشتن - ەر/      ٢٧- /کوژەر/ ش ← ژ

[kuʃ . tin] ~ [ku .ʒər]

لەم حاڵەتەیاندا خشۆکێکی [ – دەنگدار ] دەبێت بە خشۆکێکی [ +دەنگدار ].

له /کوشتن/ ~ /کوشنده/ دا، خشۆکه کپەکه وەک دەنگدار بەرجەستەناکرێت و ئەم ناوازەیەیش دەیسەلمینێت، کە پێواژۆکان فۆنۆلۆژیانەن.[٩٥]

ئەمانە نمونە بوون بۆ پێواژۆی فۆنۆلۆژییانە لەمۆرفۆلۆژیی وشەدروستکردندا.

ئێستا دەچینەسەر پەیوەندیی مۆرفۆلۆژیی شکاندنەوە بەفۆنۆلۆژییەوە:

ڕستەی ڕابوردوو ١٢٤- کوشت ژەندرمە هەڵهاتووەکەی کوشت + ی

بناغە

ڕانەبوردوو ١٢٥- کوش ژەندرمە هەڵهاتووەکە دەکوژ + ێت

ڕەگ کەسی لکاو

دەوروبەرە دەنگدارەکە لە شکاندنەوەی تافی ڕانەبوردویشدا هەر مەرجی بە دەنگدار بونی خشۆکە کپەکانە:

کوشت [kuʃt]

دەکوژێت [də . ku .ʒe:t]

ئاماژەمان بەوە دا، کە بەرجەستەبونی دەنگدارییەکە پێواژۆیەکی فۆنۆلۆژیانەیە. ئەگەر گۆڕینەکە لەدەربڕیندا بوایە، دەبوو بە پێواژۆیەکی فۆنەتیکییانە.

فۆنۆلۆژیی لەگۆکردنی (بەجێهێنانی) ئەرکی فۆنیمەکانو تەرزە فۆنۆلۆژییەکان دەکۆڵێتەوە، واتا لەفۆنیمەکانو خستنەتەکیەکیان لەپێکهاتەی فۆنۆلۆژیی ناو مێشکدا تا زنجیرەکانیان لەشێوەی زنجیرە دەنگدا بەفۆنەیتیکیی بەرجەستەدەکرێن.

١٢٦) /ڕشتن/ ١٢٦-ا) ژنەکە دۆکەی ڕشت.

١٢٦-ب) ژنەکە دۆکە دەڕژێت.

---

٩٥ - بڕوانە "دابەشبونی تەواوکەرانەی گیراو و خشۆکەکان" لە محەمەدی مەحویی (٢٠١٦) دا !

ناوازەکان ئاماژەن بۆ ئەوەی، کە دەبێت گۆڕینی دەنگداری وشەدروستکردن و شکاندنەوەی کردار فۆنۆلۆژیانە بن.

ژن - ەکە - دۆ – ەکە - ڕشت – ی

ژەن - ەکە - دۆ – ەکە – دە – ڕژ – ێت

**٤/٢) کرداری شکاوە لە ناو کرداری ئاڵۆزدا**

ناوە کردارییەکان لە فەرهەنگدا وەک پۆلەڕەگەزێکی ناویی تۆمارکراون. دروستەی ناوەوەی ناوی کرداریی بۆ دروستکردنی وشە لە مۆرفۆلۆژییدا و بۆ بەرهەمهێنانی ڕستە و کرداری ئاڵۆز (Morphosyntax) لە سینتاکسدا ڕون و ئاشکران، بۆیە دەتوانرێت سەگمێنتەکانی لەو دوو پێواژۆ مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسیەدا بەکاربهێنرێن، یان سودیان لێببینرێت[٩٦]. کەواتە ناوی کرداریی لە فەرهەنگەوە دەهێنین، هەنگاوی یەکەمی شکاندنەوە گەردانکردنە، هەنگاوی دوهەمی پێدانی تافە. کردارە شکاوەکە، کە لە ڕستەی بە وشەو فرێز دەربڕدراودایە، دەتوانرێت بە مۆرفیمیش دەربڕدرێت و کرداری ئاڵۆز بەرهەمبهێنێت.

/گرتن/

ڕابوردوو | ڕانەبوردوو

گرت م/مانØ | دە ی گر م/ین

گر | گر

شکاندنەوە بۆ تافی ڕابوردوو و ڕانەبوردوو بە جیا و بەم هەنگاوانە تەواودەکرێت:

---

٩٦- بڕوانە (محەمەدی مەحویی: ٢٠١٨، هەندێک لایەنی سێمانتیکیی و سینتاکسیی پێشناو.

دروستکردن بۆ مۆرفۆلۆژیی، بەرهەمهێنان بۆ سینتاکس و مۆرفۆسینتاکس

ناوی کرداریی/چاوگ لە فەرهەنگەوە دەهێنرێتە ناو سینتاکسەوە و بە پێدانی تاف و کەسی ڕێکەوتن دەشکێنرێتەوە، بۆ ئەوەی کردارەکە چالاکبێت و داواکاریەکانی جێبەجێببن: داوای تەواوکەر (بەرکار) و هەڵاوێرکردنی سێمانتیکیی و پێدانی دۆخی ڕێزمانیی بە تەواوکەرەکان.

لە کرمانجی ناوەڕاستدا دروستەی ناوەوەی ناوی کرداریی ڕوونە (شەفافە) و دەتوانرێت سەگمێنتەکانی بە جیا بۆ دروستکردنی وشە لە مۆرفۆلۆژییدا (پیاوکوژ / دەستکەوت) بۆ سینتاکس لە بەرهەمهێنانی ڕستە (تۆ دەگرم/ تۆم گرت) سویان لێببینرێت. کەسە لکاوەکە قەدە تافیەکە چالاکدەکات.

١٢٧_ا) گر + ت

١٢٧_ب) گرت + م                    دەگرم

هەروەک دەبینرێت، بۆیە لە پێشدا مۆرفێمی نیشانەی تاف بە ڕەگەوە دەلکێنرێت، چونکە قەدی کردار تاف وەردەگرێت (ئەوەتا ناویش کەسی خاوەندارییی وەردەگرێت: دەستم) لەگەڵ ئەوەیشدا لە ناوە کرداریەکەی ناو فەرهەنگدا ڕەگ و تاف یەک لە دوای یەک دێن (/گرت+ن/). کەواتە لە هەنگاوی یەکەمدا ڕەگ دەهێنرێت و پاشان تافەکەی و پاشان کەسی لکاوی ڕێکەوتن. دەرکردەی ئەم پێواژۆیانە کردارێکی شکاوەیە، کە VP بەرهەمدەهێنێت و ئەویش داوای بکەر دەکات. لەبەرئەوەی کەسی کردار زەنگینە (مۆرفێمە و ژمارەی هەیە)، دەشێت

ا_ بکەر دەرنەبڕدرێت.

ب_ کردار و بەرکار بکەر هەڵببژێرن. (پیسیی زێرابەکەی گرت/ پۆلیس دزەکەی گرت).

یان بکەر و کردار بەرکار هەڵببژێرن (پڵنگ گۆشت دەخوات).

ئێستا دەزانین، کە لە بری گواستنەوەی کەس و ژمارە لە بکەرەوە بۆ کردار، جێکەوتەکانی قاڵبی ڕستە و قاڵبی کرداریش لەگەڵیدا بە سەگمێنتەکانی ناوی کرداریی (ڕەگ و تاف) و مۆرفیمەکانی / کەسە لکاوەکان پڕبکەینەوە.

بەرهەمهێنانی ڕستە = پڕکردنەوەی جێکەوتەکانی قاڵبەکان.

کرداری ئاڵۆزیش بە هەمان ڕێوشوێن بەرهەمدەهێنرێت. جێکەوتەکانی قاڵبی کرداری ئاڵۆز بە مۆرفیمە گونجاوەکانیان پڕدەکرێنەوە. واتا، گواستنەوەی بەرکار بۆ ناو کرداری ئاڵۆز ڕونادات.

**٤/٢_١) شکاندنەوەی کردار لە کرداری ئاڵۆزدا بۆ تافی ڕابوردوو**

ڕەگ و تافی ناوە کردارییەکە (ڕەگ + تاف، گر + ت) دەهێنرێنە ناو سینتاکسەوە و بە گەردانکردنی ئەم قەدە، واتا بە زیادکردنی کەسێکی لکاو بۆی کردارە شکاوەکە دێتە بەرهەمهێنان و جێکەوتەی بەرکاریش بە جێناوێکی لکاو پڕدەکرێتەوە.

گر + ت ⟵ گرت        گرت + م + Ø ⟵ گرتم

لە ڕابوردوی تێپەڕدا بکەر لە گروپی (B) دەبێت و بەرکار لە (A)، بەڵام لە ڕانەبوردوی تێپەڕدا بکەر لە (A) دەبێت و بەرکار لە (B).

شکاندنەوە بە گەردانکردن (S)        کرداری ئاڵۆز (MS)

١٢٨_ (ئێمە) ئێوەمان گرت. ~ گرتمانن.   بکەر (B)، بەرکار (A)

/مان/ نیشانەی ئەرگەتیڤییەو لە دروستەی کرداری ئاڵۆزدا دوای قەدە تافییەکە دەگرێت، گواستنەوە ڕوینەداوە، بۆیە نەگوترا دەچێتە دوای قەدە تافییەکە، بەڵکو لە قاڵبەکەدا ئەو نیشانەیە شوێنی خۆی لە دروستە ئاڵۆزەکەدا هەیە (بڕوانە: کەسی لکاوی ڕێکەوتن!)

/ن/ بەرکارە و نیشانەی دۆخی هەیە، (ئەکۆزەتیڤ)، کەواتە جێناوە.

١٢٩_ ئێمە ئێوەمان ڕاونا ~ ڕاومانانان بکەر (B)، بەرکار (A)

ڕەگ دەهێنرێت، تافەکەی بۆ دەخرێتە جێکەوتەی خۆیەوە لە قاڵبی کردارەکەدا، پاشان کەسە لکاوەکەی دەخەینە جێکەوتەی خۆی. ئەوجا جێناوی بەرکاریی دەخرێتە کۆتایی کردارەوە، ئەگەر کردارەکە سادە بێت (گرتمیت / گرتمن).

ئەگەر هەڵگوێزراو بێت، کەسە لکاوەکە دەهێنرێتە نێوان پێشگرەکە (پێشکرداریی (دا/هەڵ/ڕا) و پێشناوی کرداریی(پێ/ تێ/ لێ)) و ڕەگی کردارەوە. بەم جۆرە جێکەوتەی نێوان پێشگرو کردارەکە بۆ کەسی ڕێکەوتن تەرخانکراوە لە ڕابوردودا.

١٣٠_ دامانهێنایت

١٣١_ ڕامانهێنایت

١٣٢_ هەڵماندایت

١٣٣_ پێمانگوتن

١٣٤_ تێتانگەیاندین

١٣٥_ لێمانسەندن

ئەگەر کردارەکە لێکدراو بێت، دیسانەوە جێکەوتەی کەسی لکاوی ڕێکەوتن ڕاستەوخۆ لە پێش ڕەگەکەوەی دەبێت.

١٣٦_ بەرزمانکردەوە

لە هەڵگوێزراویشدا هەمان شوێنی هەیە و دێتە پێشەوە، دێتە پێش پێشکردارییەکەوە، چونکە /پێ/ پێشناوە و /دا/ پێشکردارییە.

١٣٧_ پێمانداخستن.

١٣٨_ پێمان بەرزکردنەوە.

لە هەموو ئەم حاڵەتانەدا جێناوی بەرکاریی دەکەوێتە کۆتاییەوە، تەنها لە کاتێکدا نەبێت، کە پاشگری (ەوە) لە کۆتاییدا بێت، وەک (پێمان بەرزکردنەوە)، لەبەرئەوەی کەسی لکاو لە دوای پێشناوی کردارییەوە دێن و لە دوای پێشکردارییەکانیشەوە دێن، کەسی لکاوی ڕێکەوتن لێرەدا هیچ دۆخێک لە پێشناوەکەوە وەرناگرێت.

**٤/٢_٢) شکاندنەوەی کردار لە کرداری ئاڵۆزدا بۆ تافی ڕانەبوردوو**

ڕەگی کردار لە ناو ناوە کردارییەکەدا دەردەهێنرێت و لە سینتاکسدا پێشگری ڕانەبوردوی /دە_/ ی ناو فەرهەنگی بۆ دەهێنرێت و ڕەگەکە دەکرێت بە قەدێکی تافیی (دە + گر)، ئەوجا بە هێنانی کەسێکی لکاوی ڕێکەوتن بۆی، قەدەکە بەم پێواژۆیە دەبێتە کردارێکی شکاوە.

١٣٩_ دە + گر ⟵ دەگر ر + م ⟵ دەگرم [dəg . rɨm]

١٤٠_ (ئێمە) ئێوە دەگرین. ~ دەتانگرین. بکەر (A) ، بەرکار (B)

١٤١_ ئێمە ئێوە ڕاودەنێین ~ ڕاوتاندەنێین بکەر (A) ، بەرکار (B)

جێکەوتەی کەسی لکاوی ڕێکەوتن هەمیشە لە کۆتاییدایە، چونکە ڕێکەوتنی ڕاستەقینەیە[٩٧]. بە پێچەوانەی ڕابوردووەوە، جێناوی لکاوی بەرکاریی دێتە پێش ڕەگەکەوە، بە واتا لە نێوان مۆرفیمی تافی ڕانەبوردوو لەگەڵ ڕەگەکەدا.

---

٩٧ - بڕوانە محەمەدی مەحویی (ئەرگەتیڤیی شەقبوو، ٢٠١٤)

١٤٢_ ده يان گر م

ئەگەر پێشکرداریی هەبێت، هەنگاوێک دێتە پێشەوە.

١٤٣_ دایاندەگرم

١٤٤_ پێیاندادەگرم

١٤٥_ پێیان بەرزدەکەمەوە

ئەمە دابەشبونی تەواوکەرانەی کەسی لکاوی ڕێکەوتن و جێناوی بەرکاریی لە ڕابوردوو و ڕانەبوردودا دەردەخات. نمونەکان ئەوەیش دەسەلمێنن، کە هیچیان لەو جێکەوتانەدا لە پێشناوی پێشکرداریی‌یەوە دۆخیان پێنادرێت. ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێت، کە ئەو کەسە لکاوەی کەسی ڕێکەوتنە، لە ڕابوردودا وەک کەسی ڕێکەوتن گۆدەکات و لە ڕانەبوردودا وەک جێناوی بەرکاریی.

ئەم دوو توخمەیە، کە بە پێی ئەم دابەشبونە ڕێگە بە ئەڵتەرناسیۆنەکانی دروستەی کردارە ئاڵۆزەکان دەدەن.

## ٤/٢_٣) بکەرنادیار و کرداری ئاڵۆز

شیکردنەوەکان لەسەر بکەرنادیار بۆ ئەم نامەیە پەیوەندیی بە پەیوەندیی نێوان بکەر و فرێزی کرداریی یان وردتر بە کردارەکەوە هەیە. پەیوەندیەکەیش لە نێوان کەس و ژمارەدایە. مەبەست لە کەسەکان لێرەدا کەسی لکاوە لەگەڵ چەشنی گروپەکەی و جۆری دابەشبونی تەواوکەرانەکەی، هەروەها پەیوەندییشی بە تاف و مۆرفێم و نیشانەی تافەوە هەیە.

١٤٦_ /هێنان/ : ئەو کتێبەکانی هێنا :

**/هێنران/ : کتێبەکان هێنران ~ کتێبەکان دەهێنرێـــن.

م.تاف    م.تاف    نیشانەی تافی ڕانەبوردوو

بەو پێیەی بکەرنادیار کردارێکی تێنەپەڕە، کەواتە نابێت کرداری ئاڵۆزی هەبێت، بەڵام لە هەمان کاتدا کرداری ئاڵۆز دەبینین لە دروستەی بکەرنادیاردا.

١٤٧_سێوەکە بە من دەخورێت.    من سێوەکەم پێدەخورێت.    پێمدەخورێت.

١٤٨_ سێوەکان بە من دەخورێن.    من سێوەکانم پێدەخورێن.    پێمدەخورێن.

ناکرێت بەو کردارە بگوترێت تێپەڕ لەبەرئەوەی کرداری ئاڵۆزی هەیە، بەڵکو پێشناوەکە هێزێک دەدات بە کردارەکە و وەک تێپەڕ خۆی دەنوێنێت.

لە >سێوەکە بە من دەخورێت.< دا /بە من/ فرێزی پێشناوییە. بەڵام لە >من سێوەکەم پێدەخورێت.< دا /من/ بکەری هەڵواسراوە بە هەمو ڕستەکەدا.[٩٨]

## ٥/٢)شکاندنەوە لە پێڕەوی ئەرگەتیڤیدا

## ٥/٢_١) کەسی لکاوی ڕێکەوتن و جێناوی لکاو

ئەرگەتیڤی کارای چالاکی کردارە تێپەڕەکان دەردەخات، چونکە کاراکەی بۆ ئەم دۆخە لەڕێی مۆرفۆلۆژیی کەسی لکاو/کلیتیکەوە نیشاندراوە، کە کەسی لکاوی کاراییەو بە بەرکاری ڕاستەوخۆوە لکاوە. جێکەوتەکەیشی بۆ ئەم مەبەستە یاریدەدەرە. بەم جۆرە، ئەرگەتیڤی لە هەڵسوکەوتی مۆرفۆلۆژیی جێناو/کلیتیکدا بەرجەستەدەبێت[٩٩].

١٤٩_/گرتن/

(من) تۆم گرت    (من) گرت   م   یت

---

٩٨ ـ محەمەدی مەحویی (٢٠١٠)

٩٩ـ بڕوانە (محەمەدی مەحویی: ٢٠١٤) و (محەمەدی مەحویی ، کاروان عومەر قادر، شیلان عومەر حسێن:٢٠١٠) و (خۆشناو عەزیز حمەئەمین: ٢٠١٤)

بەو پێیەی، کە گواستنەوە نییە، لە فەرهەنگەوە توخمەکان دێن و ڕستە بەرهەمدەهێنن.

١٥٠_گرتیانن        گیراین

١٥١_دەیانگرین   دەگیرێن

**٥/٢_١_١) کەسی لکاوی ڕێکەوتن و هاونیشانەکردن**

**٥/٢_١_١_١) بکەر- کردار**


ڕێکەوتنی سەرەکیی بکەر-کردار لە کەس و ژمارەدا لە تافی ڕانەبوردوی کرداری شکاوەدایە[١٠٠].

١٥٢- من تۆ دەگرم.

i j i

١٥٣- من سێو دەخۆم.

i j i



زمانەوان و ڕێزمانەوانە کوردەکان وەهای بۆ دەچن، کە کەس و ژمارە لە بکەرەوە دەگوێزرێنەوە بۆ کردار. بە پێی ئەمە دەبێت لە ڕانەبوردودا لە کردارەوە کەسە لکاوە گوێزراوەکە ببرێت بۆ بەرکاری ڕاستەوخۆ.

ئەو ڕێکەوتنەی نێوان بکەر و کردار لە تافی ڕانەبوردوی کرداری شکاوەدا لە تافی ڕابوردویدا وەک خۆی نامێنێتەوە، ئەمەیش لەبەرئەوەی کەسی لکاوی ڕێکەوتنەکە بە کردارەکەوە نیە، بەڵکو بە بەرکاری ڕاستەوخۆوەیە.

١٠٠- بڕوانە (محەمەدی مەحویی: ٢٠١٤، ٢٠١٦) و (سازان زاهیر سەعید: ٢٠١٩)

١٥٤ _ من سێوم خوارد.

i i

ئێستا ڕێکەوتنی کەس و ژمارە لە نێوان بکەر و کرداردا نییە، بەڵکو لە نێوان بکەر و بەرکاردایە. ئەمەیان ڕێکەوتنی ئەرگەتیڤییە و گواستنەوەی کەسە لکاوەکەیش لە کردارەوە بۆ بەرکار ڕونادات.

لە پێکهاتوی مۆرفۆسینتاکسدا کەسە لکاوەکانی ڕێکەوتنی بکەر – کردار لە تافی ڕابوردو و ڕانەبوردودا لە جێگەی بنەڕەتیی خۆیاندان لەناو کردارە ئاڵۆزەکەدا. بە پێی گریمانەکانی (محەمەدی مەحویی)[١٠١] گواستنەوە لە ڕێزمان یان سینتاکسی کوردییدا ڕونادات، بەڵکو ڕستە و کرداری ئاڵۆز جێکەوتەی چەسپاوی خۆیان هەیە و کەرەستەکان لە فەرهەنگەوە دەهێنرێن بۆناو جێکەوتە چەسپاوەکانی خۆیان، بۆ ئەوەی فرێز و ڕستە و کرداری ئاڵۆز بەرهەمبهێنرێن. نمونەکانی سەرەوە لەڕێی گواستنەوەوە بەرهەمنەهێنراون، بەڵکو بە پێی قاڵبەکانی خۆیان جێکەوتەکانیان بە کەرەستەکان پڕکراونەتەوە.

بە پێی ئەم گریمانەکارە تافی ڕابوردو و ڕانەبوردوو کەسی لکاوی تایبەت بە خۆیان هەیە بۆ ڕێکەوتنی بکەر – کردار، یان بکەر - بەرکار و بۆ کەسە لکاوەکانی ناو کرداری ئاڵۆز، ئەمانە تەواوکەرانە دابەشبوون.

١٥٥_ا) ئەو من ی گرت. ١٥٥_ب) گرتمـی.

١٥٦_ا) من تۆ دەگرم. ١٥٦_ب) دەتـــگرم. کەسی بەرکاریی (جێناو)

کەسی لکاوی بەرکاریی لە ڕێی جێکەوتە سەرەکیەکەیەوە لەڕستەکەدا ڕۆڵ و دۆخی ڕێزمانیی وەردەگرێت (محەمەدی مەحویی: ٢٠٠١). لەگەڵ ئەوەیشدا، کەسە لکاوەکان بە پێی دابەشبونی تەواوکەرانە و فۆرمەکانیان ئاماژەن بۆ دۆخەکانیان.

---

١٠١- محەمەدی مەحویی: بنەماکانی سینتاکسی کوردیی، ٢٠١١

١٥٧_ا)   من □ گرت م یت     ١٥٧_ب) من □ ده ت گر م

i   i   i   i

/ت/ له ڕستەی (١٥٧_ب) دا بەرکاری لکاوە و جێناوە، چونکە دۆخی هەیە.

جێناوی لکاوی پاشماوەی جوڵێنراو لە جێکەوتەی فرێزە ناوییە جوڵێنراوەکەدا دادەنرێت، بۆئەوەی لە برینداركردنی یاساکانی گواستنەوە خۆبەدوربگرین.[١٠٢]

١٥٨_ سێوەکان، ئەوان □ خوارد یان ن   کەسی لکاوی پاشماوە

i   i   i

ڕستەی سەرجێناویی

١٥٩_ ئەو پیاوانەی، کە pro □ دیت ن، pro کورد بون.

i   i   i

١٦٠_ ئەوان، میوانەکان بینیانـــن.

i   i

جێناوی سەربەخۆ          جێناوی لکاوی بەرکار (کەسی لکاو + دۆخ)


١٦٠_ * ئەو پیاوانەی، کە pro دیت □ ، pro کورد بون.

بەم جۆرە کەسی لکاوی ڕێکەوتن و جێناوی پاشماوەیش هەن.

کەسی لکاوی ڕێکەوتن و جێناوی لکاو لە دابەشبونی تەواوکەرانەدان لە تافی ڕابوردو و ڕانەبوردوی کرداری تێپەڕدا.

١٠٢- بڕوانە (محەمەدی مەحویی: ٢٠١٠) و (کاروان عومەر: ٢٠٠٨)

بۆ ڕێکەوتنی بکەرو کردار جێناوەکە دانراوەتەوە. دەبێت بکەرە ڕێزمانیەکە، کە بکەری نالۆژیکیە، جیاکرابێتەوە لەو توخمەی، کە گۆکردنی بەرکاریی هەیە، جێناوەکەیش ئاماژەیە بۆ ئەوەی، کە بکەرەکە ڕێزمانیەو لۆژیکیی نیە، بۆیە لە ڕابوردودا جیاکاریی بۆ ناکات و یەک گروپە.




هێڵکاریی (١١) کەسی لکاو لە کرداری شکاوەدا

یەکگرتنەوەی کرداری تێپەڕ لە ڕانەبوردودا لەگەڵ کرداری بکەرنادیار بە گشتیی لە جێناوی لکاودا لەگەڵ ئەرگەتیڤیی کرمانجی ناوەڕاستدا یەکدەگرێتەوە، لەبەرئەوەی ڕانەبوردوو ئەرگرتیڤیی نیە. ئەمانە پێچەوانەبکەیتەوە، ئەرگەتیڤیەکە دەمێنێتەوەو شێوەزارەکان دروستدەبن.

### ٥/٢_١_١_٢) کەسی لکاوی ڕێکەوتنی ئەرگەتیڤیی

کەسی لکاوی ڕێکەوتنی ئەرگەتیڤیی لە ڕستەی تەواودا بە وشەو فرێزەوە لکاوە بە بەرکاری ڕاستەوخۆی ڕستەوە، کە تافی کردارەکەی ڕابوردوی تەواوە[١٠٣].

---

١٠٣- بڕوانە (مزگێن عەبدولڕەحمان ئەحمەد :٢٠٠٦) و (فەرەیدون عەبدول: ٢٠١٢) و (محەمەدی مەحویی:٢٠١٤)

**١- ڕێکەوتنی بکەر – کردار (ڕابوردووی تێنەپەڕ)**

١٦١_ا) هاتــ م ١٦١_ب) هاتــ ین

١٦٢_پ) هاتــ یت ١٦٢_ت) هاتــ ن

١٦٢_ج) هاتــ Ø ١٦٢_ح) هاتــ ن

**٢- ڕێکەوتنی بکەر – کردار (ڕانەبوردوی تێپەڕ و تێنەپەڕ)**

تافی ڕانەبوردووی تێپەڕو تێنەپەڕ لە کەس و ژمارەی بکەردا چەشنی ڕێکەوتنی ڕێزمانیی دەنوێنێت. کلیتیکی ڕێکەوتنەکەی ئاسایی و نیشانەنەکراوە (دەستەیا) و بەکردارەکەوە لکاوە. بکەر لە دۆخی بۆریدایە nominative case و بەرکاریش لە دۆخی خستنەسەرییدا accusative case.

جیاوازیی نێوان ڕابوردو و ڕانەبوردوو تەنها لە کەسی سێهەمی تاکدایە، کە لە ڕابوردودا /- Ø / ە، بەڵام لە ڕانەبوردودا دەبێت بە /- ێت/، بە واتا بۆ ڕابوردو و ڕانەبوردوو دەستەی I ڕۆڵدەبینن.

١٦٣_ا) دێــــ م : دەگرم ١٦٣_ب) دێـ ین : دەگرین

١٦٣_پ) دێـ یت : دەگریت ١٦٣_ت) دێـ ن : دەگرن

١٦٣_ج) دێـ ێت : دەگرێت ١٦٣_ح) دێـ ن : دەگرن

**٣- نائەرگەتیڤیی بکەر – کردار (ڕابوردوو)**

هەمبەر بەو کردارانەی، کە بەبڕشتییەکەیان زیاددەکرێت و لە تێنەپەڕەوە دەبن بە تێپەڕ، کردار هەیە تێپەڕە و دەتوانرێت تێنەپەڕییش بەکاربهێنرێت. کردارەکانی /هەبوون، بوون/ و /مان، مانەوە/ لە بەکارهێنانی تێنەپەڕییدا:

١٦٤_ا) ئێمە (هێشتا هەر) هەین.     ١٦٤_ب) ئێمە (هێشتا هەر) ماویین، نەمردووین.

١٦٤_پ) هەر ئێمە ماوینەتەوە.     ١٦٤ _ت) ئێمە مامۆستا بووین.

کرداری ئەو کرداره تێپەڕانە، هەمبەر بە تێنەپەڕەکانیان، لەم زارەدا ڕۆڵی کاراییان دەگۆڕێت بۆ بکەریی. لە ڕستەدا بە کردارێکی نا_ئەرگەتیڤییەوە بکەر هەیەو ئامادەیە[١٠٤].

کرداری بکەرنادیاریش تێپەڕەو کراوە بە تێنەپەڕ و نائەرگەتیڤییە.

١٦٥_ا) گیرام     ١٦٥_ب) گیراین.

## ٤- بکەر – بەرکار (ئەرگەتیڤیی) خورتیی

لە زمانی کوردییدا (agent) بۆ ئاماژەدانە بە هەڵگری کردەی (کارا) ی کرداره تێپەڕەکان. ئەنجامی لێدانی دۆخی ئەرگەتیڤیی ئەوەیە، کە دەبێت لە وەچەزاری سلێمانییدا، چییەتیی ڕێکەوتن، وەك ڕێکەوتن لە زمانە بۆرییەکاندا nominative languages، کە لە زمانی کوردییدا ئەرگەتیڤیی شەقبووی سلێمانیی بەرجەستەیدەکات، تەنها لە نێوان بکەرو کرداردا نەبێت، بەڵکو لەنێوان کاراو بەرکاری ڕاستەوخۆ لەگەڵ کردارو بەرکاری ڕاستەوخۆیشدا هەبێت[١٠٥].

لە تافی ڕابوردودا و لەڕستەی تەواودا، کارا لەگەڵ بەرکاری ڕاستەوخۆدا ڕێکدەکەوێت و گروپی II بەکاردێت، وەک لە نمونەی (١٥٥_ا) دا خرایەڕوو، بەڵام لە کرداری ئاڵۆزدا بەرکارە ڕاستەوخۆکە لە گروپی I لە دوای کەسی لکاوی ئەرگەتیڤیەوە دێت، وەک لە نمونەی (١٥٥_ب) دا خراوەتەڕوو. ئەگەر کارا لە کرداری ئاڵۆزدا کەسی یەکەم (تاک و کۆ)، دوەم (تاک و کۆ) سێهەمی کۆ بێت، بەو سەرەوڕیزبونەی (١٥٥_ب) دەبێت، بەڵام ئەگەر کارا کەسی سێهەمی تاک بوو، ئەوا کارا دەکەوێتە دوای بەرکارە ڕاستەوخۆکەوە.

---

١٠٤- محەمەدی مەحویی: (٢٠١٤).
١٠٥- محەمەدی مەحویی (٢٠١٤: ٦)

ڕێکەوتنی کاراو بەرکاری تافی ڕابوردووە لە کەس و ژمارەدا لەڕێی کلیتیکی کاراییەوە، کە نائاسایی و نیشانەکراوە marked clitics (گروپیII). کارا لە دۆخی ئەرگەتیڤییدایە. بەرکارە ڕاستەوخۆیەکەیش لە دۆخی ئەبسۆلوتیداو بە کلیتیکە نائاساییەکە نیشانەلێدراوە.

لە تافی ڕانەبوردودا گروپەکانی کەسە لکاوەکان ئاڵوگۆڕدەبن، واتا بۆ بکەر گروپی I و بۆ بەرکار گروپی II بەکاردێن.

کەسی لکاوی ڕێکەوتنی ئەرگەتیڤیی نیشانەی ڕێکەوتنە، بەڵام کەسی لکاوی بەرکاریی جێناوە، لەبەرئەوەی دۆخی هەیە.

گرتـــــ مـــــــــــــان ن

ئەرگەتیڤیی ← گروپی دوهەم

کەسی لکاوی ڕێکەوتن (بەرکار)، جێناو ← گروپی یەکهەم

دە تان گر ین

/تان/ کەسی لکاوی ڕێکەوتن، جێناوی بەرکار لە گروپی دوهەم

/ین/ رێکەوتن، گروپی یەکهەم

یاسا: کەسی لکاوی ڕێکەوتن ↔ کەسی لکاوی ئەرگەتیڤیی

لە دابەشبونی تەواوکەرانەدا کەسی لکاوی ڕێکەوتن و کەسی لکاوی ئەرگەتیڤیی پێچەوانەدەبنەوە لە کرداری ئاڵۆزدا. لە تافی ڕانەبوردودا، ئەو گروپەی کە لە تافی ڕابوردودا دەبن بە کارا و کەسی لکاوی ئەرگەتیڤیین، دەبن بە جێناوی بەرکار و بە پێچەوانەیشەوە.

## ٥- ڕێکەوتنی بەرکار و کرداری ئەرگەتیڤی

کرداری ئەرگەتیڤی ئەو کردارانەن، کە دەشێت هەم تێپەڕو هەم تێنەپەڕیش بن، بکەری تێنەپەڕەکەیان پەیکاڵی بەرکاری ڕاستەوخۆی تێپەڕەکەیانە[١٠٦].

١٦٦_ا) من تۆم هەیت. ١٦٦_ب) هەمیت. ١٦٦_پ) دەمبیت.

١٦٧_ا) من تۆم دەوێ. ١٦٧_ب) دەمەوێیت.

١٦٨_ا) من تۆم مایت. ١٦٨_ب) مامیت ١٦٨_پ) دەممێنیت[١٠٧]

١٦٩ من تۆم هەیت

i i

١٧٠_ا) پۆلیس ئەوانی هەن. : ١٧٠_ب) پۆلیسەکان ئەوانیان هەن.

١٨٠_ا) پۆلیس ئەوانی گرت. : ١٨٠_ب) پۆلیسەکان ئەوانیان گرت.

کەسی لکاوی ئەرگەتیڤی لەم نمونانەدا هەمان گروپی (II) ن و لە هەمان جێکەوتەدا هاتوون، هەرچەندە نائەرگەتیڤیەکانیش هەمان گروپی (I) ن، بەڵام لەگەڵ کرداری ئەرگەتیڤی و بەرکاردا ڕێکەوتن دەنوێنن، لە کاتێکدا ئەم ڕێکەوتنە لە کردارەکانی تردا بەرجەستە نابێت.

---

[١٠٦] - بڕوانە (نەزیرە سابیر مستەفا: ٢٠٠٨) و (محەمەدی مەحویی: ٢٠١٤)

١٠٧- بڕوانە (فەرەیدوون عەبدول محەمەد: ٢٠١٢ و محەمەدی مەحویی: ٢٠١٤)

### ٥/٢_١_٢) جێناوی دەرنەبڕدراوی بکەریی

بکەری فرێزی کرداریی دەتوانرێت دەرنەبڕدرێت، چونکە کردارەکەی کەس و ژمارەی زەنگینی هەیە.[١٠٨]

١٩٠_ا) Pro تۆم گرت .     ~     ١٩٠_ب) گرتمیت.

دەربڕیین و دەرنەبڕینی ئەم بکەرە سەرپشکییە، بەڵام لەناوەوەی ڕستەی ئاڵۆزدا کۆنترۆڵکراوە. ئەمە ناونراوە پرۆی کۆنترۆڵکراو Controlled pro [١٠٩].

### ٥/٢_٢) ئەرگەتیڤیی پەیوەست بە تاف و ڕوکارەوە

**خشتەی (٥) کرداری ئەرگەتیڤیی و نائەرگەتیڤیی**

| کرداری ئەرگەتیڤیی | ڕابوردوی تەواوبویی | ڕانەبوردووی ناتەواوبویی تێپەڕ و تێنەپەڕ |
| --- | --- | --- |
| تۆمان هەبویت. | گرتمان | دەگرین |
| تۆمان هەیت. | ئێمە تۆمان گرت. | دەمرین |
| تۆمان دەبیت. | | بە دوو شتدا دەزانین: |
| تۆمان مابویت. | | ١_ کەسی لکاوی ئەرگەتیڤیی لەگەڵدا نییە. |
| تۆمان ماویت. | | ٢_ مۆرفێمی تافی |

١٠٨- (محەمەدی مەحویی: ٢٠٠١)
١٠٩- بڕوانە (محەمەدی مەحویی: ٢٠٠١، Andrew Radford: 2004)

| | | |
|---|---|---|
| تۆمان دەمێنیت. | | ڕابوردوی تیا نییە.<br>مۆرفێمی /دە_/ ڕانەبوردو و بەردەوامیی دەردەبڕێت. |
| | **ڕابوردوی ناتەواوبویی تێپەڕ**<br>ئێمە تۆمان دەگرت.<br>کاتێک دەمانگرتن بەفردەباری.<br>/دە_/ تەنها بەردەوامیی دەردەبڕێت، بەردەوامیی لە ڕابوردوی تەواوبوییدا. کاتەکە تەواوبووە. بەردەوامییەکە لە ڕابوردودا بووە. (بڕوانە بەشی دوهەم و جیاوازییەکان لەگەڵ ئەوەدا.) کەواتە ئەمە ڕابوردوی تەواوبویی بەردەوامە. بەمە دەسەلمێت، کە ڕابوردوی تەواوبوییە و دەچێتەوە خانەی سەرەوە (ڕابوردوی تەواوبویی).<br>گرتومانیت : تۆمان گرتووە.<br>لە دوێنێوە تۆمان گرتووە.<br>بەستنەوەی ڕابوردوو بە ڕانەبوردووەوە.<br>/گرت/ ڕابوردوو<br>/وە/ ڕانەبوردوو<br>کاتی گرتن: (دوێنێ، ڕابوردوو) تەواوبووە.<br>ماوەی گرتنەکە تەواونەبوییە. | **ڕابوردوی تێنەپەڕ**<br>مردین |

| | | |
|---|---|---|
| | لێرەدا /وە/ هاوشێوەی /دە/یە، بەردەوامیی دەردەبڕێت. | |

گریمانەکانی /کۆتاییهاتن/، /کۆتاییپێهاتن/، /لێهاتن/، /بۆهاتن/، /دەستکەوتن/، /نەخۆشکەوتن/:

١٩١_ کۆتاییهاتن

شەڕەکە کۆتاییهات ⟵ کۆتایی شەڕەکە هات.

کۆتاییهاتن فرێز ≠ سەربار

١_ دەشێت دروستەی (کۆتاییهاتن) لە ڕستەی سەرناوییەوە هاتبێتەئارا.

شەڕەکە کۆتاییهات : شەڕەکان کۆتاییانهات

شەڕەکان کۆتایی یان (ئەوان) هات

P/VP NP

i i

[[شەڕەکان] *[کۆتاییان هات]] لە ڕێکەوتندا حساب بۆ [شەڕەکان] دەکرێت.

[[شەڕەکان] [کۆتاییانهات]]

i i

[[کۆتایی شەڕەکان] [هات]] (سەربار) لە ڕێکەوتندا حساب بۆ کۆتایی دەکرێت.

i subject i

*[[کۆتایی شەڕەکان] [هاتن]] (چونکە حساب بۆ [شەڕەکان] ناکرێت.)

/کۆتاییهاتن/ تێنەپەڕە

فلیمەکە کۆتاییهات

i i

ئێمە کۆتاییمانهات.

i i

کۆتایی ئێمە هاتØ.

i i

ئەمە تایبەتیی دابەشبونی تەواوکەرانەی بکەری چالاک Active و بکەری ناچالاکە .Passive

من کۆتاییمـــهات. ڕێکەوتنی [من] لەگەڵ [م]

i i

کۆتایی من هاتØ. ڕێکەوتنی [کۆتایی] لەگەڵ [هاتØ]

i i

تێنەپەڕی چالاک Active (کردەی خودیی) هاتم هاتین (چالاک)

تێنەپەڕی ناچالاک Passive (کردەی ناخودیی) کۆتاییمهات (ناچالاک)

١٩٢_ بەفرو تەرزە بارییین (ناچالاک).      * بەفر و تەرزە بارییان.

١٩٣_ گلۆربوینەوە (ناچالاک)

**٥/٢_٣) گەردانکردن لە کرداردا**

کۆتاییپێهاتن/ کۆتاییپێهاتن

گریمانە: وەهای دادەنێین:

١) سادە      هاتن/ کەوتن

تێنەپەڕ      م/ ین

* م/ مان

٢) کرداری مۆرفۆلۆژیی

کۆتاییهاتن      Passive م/ مان

نەخۆشکەوتن      Active م/ ین

٣) کرداری هەڵگوێزراو

لێهاتن      Passive م/ مان

* Active م/ ین

٤) کرداری فرێزیی

کۆتاییپێهاتن      Passive م/ مان

Active م/ ین

بکەرنادیار تێنەپەڕی چالاک و ناچالاکی هەیە:

١٩٤_ هێنرام/ هێنراین کوژرام/ کوژراین مرێنرام/ مرێنراین

کۆتایی پێهێنران ←——— کۆتاییمان پێهێنرا : کۆتاییمان پێدەهێنرێت.

هاوبەشیی تێنەپەڕ و بکەرنادیار لە ناچالاکییدایە.

دەشێت /کۆتاییهاتن/ بکەرنادیار بێت. /هات/ وەک پێکهێنەرێکی بکەرنادیاری سینتاکسیی، بڕوانە (هاتەکوڵ) .

(ئێمە) کۆتاییمانهات / کۆتاییماندێت.

/ئێمە/ کارا نییە، بەرکارێکە، کە بکەرەکەی دیارنیە، بەڵام لە جێکەوتەی بکەردا هاتووە. لە بکەرنادیاریشدا بەرکار دەچێتە جێکەوتەی بکەر و تایبەتمەندییەکانی بکەر وەردەگرێت، بەبێ ئەوەی واتای بەرکاریی لەدەستبدات، /ئێمە/ جێگری بکەرە و کرداری ڕستەکەیش بکەرنادیارە، لەبەرئەوەی /هات/ چالاکە لە دروستکردنی بکەرنادیاری سینتاکسییدا.

١٩٥_ (ئێمە) پارەمان دزرا : (ئێمە) پارەمان دەدزرێت.

(ئێمە) کۆتاییمانهات : (ئێمە) کۆتاییماندێت.

ئەگەر [پارەمان دزرا] = [پارەی ئێمە دەدزرێت.]

[کۆتاییمانهات] = [کۆتایی ئێمە دێت]

لەم نمونانەدا /م- مان/ ڕۆڵی خستنەپاڵ دەبینن، نەک کەسی لکاوی ڕێکەوتن. بۆ خستنەپاڵیش لەگەڵ فرێزی ناوییدا /م – مان/ بەکاردێت[١١٠]. بەڵام ئەگەر کردار ڕابوردوی تێپەڕی تەواوبویی بوو، دەشێت /م - ین/ ڕۆڵی خستنەپاڵ ببینن و لەگەڵ قەدە تافییەکەدا بێن:

١١٠- بڕوانە: (محەمەدی مەحویی: ٢٠١٠ و عەبدولجەبار مستەفا: ٢٠٠٩)

١٩٦_ دەستی تۆم گرت. ← دەستمگرتــیت

کەواتە:

١٩٧_ >کۆتایی ئێمە هات< : >کۆتاییمانهات<.

١٩٨_ >نەخۆشکەوتین< : *>نەخۆشمانکەوت< : *>نەخۆشی ئێمە کەوت<.

١٩٩_ دەستمانکەوت : کەوتە دەستمان : بەدەستمانکەوت

٢٠٠_ /لێهاتن/

ا) لێمهات - لێمانهات

ب) لێمدێت - لێماندێت

٢٠١_ Pro لە من هات. - pro لە من دێت.

٢٠٢_ دومەڵ لە من هات/دێت : دومەڵم لێدێت: لێمهات : لێمدێت

٢٠٣_ پیاوەتیی لە ئێمە هات/دێت : پیاوەتیمان لێهات/دێت : لێمانهات/دێت

٢٠٤_ جلەکان لە من هاتن/دێن : جلەکانم لێهاتن/دێن : لێمهاتن/دێن

لە/لێ پێشناوەو دۆخ نابەخشێت. لێرەدا /م - مان/ بەرکاری ناڕاستەوخۆیە و لە تەواوکەر دەدوێین، نەک ئەرگەتیڤی.

**٤_٥/٢) ئەڵتەرناسیۆنەکانی کرداری ئاڵۆزی ڕستەی ئەرگەتیڤی**

لە کرداری ئاڵۆزدا ئەم دروستە سەرپشکیانەی پێکهاتوە سینتاکسیەکان هەن (بڕوانە بەشی سێهەم!):

٢٠٥_ لێماندان ~ دامان لێیان

ئەمە بۆ ڕێگەی پێدەدرێت؟

٢٠٦_ا) پێمانگوتن ~ ٢٠٦_ب) گوتمان پێتان

٢٠٧_ا)ئێمە بە ئێوەمان گوت ~ ٢٠٧_ا) گوتمان بە ئێوە

کەسی لکاوی ئەرگەتیڤیی، نیشانەی ئەرگەتیڤییە دەبێت فۆرمەکەی و دابەشبونە تەواوکەرانەکانی کەسە لکاوەکان ئاماژە بن بۆ دۆخەکانیان. دوو فۆرمی کەس لە ڕابوردودا خۆیان نیشانەن بۆ دۆخەکانیان.

لە >پێمانگوتن< یشدا /مان/ ئەرگەتیڤییە، چونکە (پێ) ناتوانێت دۆخبدات. /ن/ جێناوی لکاوی بەرکار

(گوتمان پێتان)

/ئێوە/ حوکمی دۆخی ڕێزمانیی کراوە. بە پێی ئەمە، دەبێت /تان/ دۆخی هەبێت، کەواتە جێناوی لکاوە، دۆخەکەی بەم شێوەیە وەرگرتووە:

ا) لە دابەشبونی تەواوکەرانەدا، کە لە جێکەوتەی خۆیدا نەبێت، فۆرمەکەی بۆ جێناوی لکاوە بە نیشانەی دۆخی ڕێزمانییەوە.

٢٠٨_ا) بە ئێوە دەڵێم ← ٢٠٨_ب) پێتاندەڵێم

هەمان /تان/ ی ئەرگەتیڤیەکەی ڕستەکەی پێشترە، بەڵام لێرەدا جێناوە، چونکە بە پێی دابەشبونەکەی دۆخی هەیە.

ب) لە ڕێی جێگەی فرێزی ناویی دوای پێشناوەکەوە.

٢٠٩_ Pro بە ئێوە پێتـــانـــدەڵێم

j i i j

۲۱۰_ پێتـــاندەڵێین          دەڵێین پێـــــتان

جێناو    ڕێکەوتن          ڕێکەوتن    جێناو

کەسی لکاوی ئەرگەتیڤیی لێرە جێناوی بەرکارییە و یەکسانە بە دابەشبونی تەواوکەرانە.

لە ڕانەبوردودا لە هەرچ شوێنێکی ناو کرداری ئاڵۆزدا بێت بە جێگۆڕکێی سەرپشکییەوە جێناوی بەرکاریی و کەسی لکاوی ڕێکەوتنی بکەر_ کردار دەجولێنرێن.

لە ئەنجامی شیکردنەوەی نمونەکانەوە، کەسی لکاوی ڕێکەوتن بۆ دوو گروپ دابەشدەکەین:

١- گروپی کەسی لکاوی نائەرگەتیڤیی: گروپی I ئەرکی ئەم گروپە جێبەجێدەکات، کە لەگەڵ ئەم کردارانەدا بەکاردێن:

ا_ ڕابوردوی تێنەپەڕ، ڕانەبوردوی تێپەڕو تێنەپەڕ (ڕێکەوتنی بکەر – کردار).

پ_ ڕابوردو و ڕانەبوردوی کرداری نائەرگەتیڤیی بکەرنادیار (ڕێکەوتنی بکەر – کردار).

۲- گروپی کەسی لکاوی ئەرگەتیڤیی: گروپی II ئەرکی ئەم گروپە جێبەجێدەکات، کە لەگەڵ ئەم کردارانەدا بەکاردێن:

ا_ ڕابوردوی تێپەڕ (ئەرگەتیڤیی بکەر – کردار) لە ڕستەی تەواودا بە وشەو فرێزەوە، کارا لەگەڵ بەرکاردا ڕێکدەکەوێت.

ب_ کرداری ئەرگەتیڤیی (/مان/ و /هەبوون/)، ڕیکەوتنی بکەر – بەرکار.

ئەم لێکۆڵینەوەیە بۆ ئەوە بوو، کە کەسی لکاوی ڕێکەوتن بدۆزرێتەوە، کە بەشدارە لە شکاندنەوەی کرداردا و لە چالاککردنیدا. هەروەها بۆ دەرخستنی گروپی کەسە لکاوەکان و دابەشبوون و ڕودانیان هێنراوەتەوە.

# بەشی سێیەم

# پێواژۆی سینتاکسیی و فۆنۆلۆژیی

به پێی ئەوەی که ناوی کردار له فەرهەنگدایه و کرداری شکاوه و کرداری ئاڵۆز له سینتاکسدا دێنەبەرهەم، پێواژۆ دەنگییەکانی که بەسەر ڕەگ و مۆرفیمەکانی تری کرداردا دێن، پێواژۆی فۆنۆلۆژیین، له دوایانەوه پێواژۆ فۆنەتیکییەکان ڕودەدەن.

ئایا کەرەستەی فەرهەنگیی هەیه له ناو فەرهەنگدا بۆ تاف و ڕوکار و ڕێژه؟ ئەم کەرەستانه که دەیانهێنیت، چۆن دروستەی کرداره شکاوەکانیان پێبەرهەمدەهێنیت؟ ئایا پێواژۆی فۆنۆلۆژیی بەسەر هەریەک لەو مۆرفیمانەدا دێن له ناو کرداره شکاوەکاندا؟ ئایا تەرزی هێز لەو کردارانەدا پەیوەست به کرداری هەواڵییەوه دەگۆڕێت؟ ئایا چەشنی تەوژم لەو کرداره شکاوانەدا بۆ ئەو مۆرفێمانه جیاوازن وەک لەوەی کرداری ئاسایی؟

### ٣/١) سەگمێنتەکانی کردار و پێدانی دۆخی ڕێزمانیی

کام مۆرفێمانەی شکاندنەوه بەشداریی له پێدانی دۆخی ڕێزمانییدا دەکەن، ، بۆ نیشاندانی جێکەوتەکانی فرێزی (بکەر، بەرکاری ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ)، بەتایبەتیی کەسی لکاو و جێناوی لکاو له ناو ڕستەو کرداری ئاڵۆزدا؟

ئایا گۆکردنی کەسی لکاو چ ڕۆڵێک دەبینێت لەم پەیوەندیانەدا؟

### ٣/١_١) ڕسته به وشەو فرێزی تەواوەوە

پاش لکاندنی کەسی لکاوی ڕێکەوتن به قەدە تافییەکەوه له ڕانەبوردوودا و به بەرکاری ڕاستەوخۆوه له ڕابوردوودا، کرداره شکاوەکه بەرهەمدەهێنرێت وکردارەکه چالاکدەبێت. بەپێی بەبڕشتیی کردارەکەو (ژمارەی هێزەکانی کردار) داواکاریی کردارەکەو ئارگۆمێنتەکانی له ڕستەدا دەردەکەون. مۆرفێمی تاف حوکمی دۆخی ڕێزمانیی بکەر له جێکەوتەکەی خۆیدا دەکات و حوکمی دۆخی ڕێزمانیی بەرکاری ناڕاستەوخۆ دەکات.

تەواوکەری/بەرکاری ناڕاستەوخۆ لەلایەن پێشناوێکەوە حوکمدەکرێت، ئەگەر کردارەکە سێ_هێزیی بێت.

١_ سیروان بەردەکەی گرتـــــە من.

٢_ سیروان گوڵدانەکەی لەسەر مێزەکە دانا.

هەندێک جار بەرکار لەشێوەی PP دایە، ئەگەر کردارەکە پێشناوێکی پێوەبێت.

٣_ /لێدان/ : /دان/

٤_ سیروان لە منی دا.

کاتێک بەرکاری ناڕاستەوخۆ بە دۆخی ڕێزمانیی خستنەژێرەوە دەئاخنرێتە ناو کردارەوە، نیشانەیەکی خۆی بە کۆتاییەکەیەوە دادەنێت.

٥_ /پێدان/

٦_ دا بە من

٧_ سیروان کتێبەکەی بە من دا ~ سیروان کتێبەکەی پێدام

٨_ سیروان کتێبەکەی دا بە من ~ سیراون کتێبەکەی دامێ

**٣/١_٢) کرداری ئاڵۆز**

(بکەر) (بەرکار) (بەرکار) کردار

٩_ا) نەسرین گوڵدانەکانی لەسەر مێزەکە دانا ~ ب) لەسـەری دانان

I j y Y i j

١٠_ا) من تۆم گرت                    ~                    ب) ___ ___ گرتـمـــــیت

j   i                                                                    j   i

١١_ا) من   تۆ دەگرم                    ~                    ب) ___ ___ دەتـــگـرم

j   i                                                                    i   j

جێناوی لکاوی بەرکاریی لە ڕابوردودا دەکەوێتە دوای قەدە تافییەکەوە، لە ڕانەبوردودا دەکەوێتە پێش ڕەگەکەوە، کاتێک لە دروستەی کرداردا پێشناوێک، یان پێشکرداریەک هەبێت، جێکەوتەی خۆی جێدەهێڵێت و دەکەوێتە پێش مۆرفێمی تافی ڕانەبوردوەوە، لەبەرئەوەی کەسە لکاوەکان لە دابەشبونی تەواوکەرانەدان و دۆخی ڕێزمانییان بۆ بەرکاریی شکاوەتەوە، ئەمەیش ئەو ئازادییەی بە جێکەوتە جیاوازەکانی کەسە لکاوەکان بەخشیوە.

**بۆچونی یەکەم:**

وەها دانراوە، کە لەڕێی ڕێکەوتنەوە جێناوی لکاوی بەرکاریی لەگەڵ جێکەوتەی خۆیدا دۆخی ڕێزمانیی بەرکاریی وەردەگرێت، کە سەرە[١١١] .

**بۆچونی دوهەم:**

کەسە لکاوەکانی ڕێکەوتنی ڕاستەقینە (م/ین....) بۆ ڕانەبوردوو و تێنەپەڕ (بکەردیار و بکەرنادیار)، کەسی لکاوی ڕێکەوتنی ئەرگەتیڤیی (تەواوبویی) و نائەرگەتیڤیی (ناتەواوبویی)، فۆرمەکانیان بۆ دۆخی ڕێزمانیی شکاونەتەوەو لە دابەشبونی تەواوکەرانەدان.

کەواتە /ت/ لە /دەتگرم/ دا لە ڕانەبوردودا بۆ دۆخی ڕێزمانیی بەرکاریی شکاوەتەوە.

/یت/ لە /گرتمیت/ دا لە ڕابوردودا بۆ دۆخی ڕێزمانیی بەرکاریی شکاوەتەوە.

---

[١١١] - بڕوانە (محەمەدی مەحویی:٢٠٠٨).

لێکۆڵەر بۆچونی دوهەم بە ڕاست دەزانێت بەپێی دابەشبونی تەواوکەرانەی گروپەکانی کەسە لکاوەکان، ئەمەیش لەگەڵ کرمانجی ناوەڕاستدا وەک زارێکی ئەرگەتیڤیی شەقبوو گونجاوە.

## ٢/٣) ئەڵتەرناسیۆنەکانی کرداری ئاڵۆز

ڕستە گەورەترین یەکەی ڕێزمانییە، کە لە وشە و فرێز بەرهەمدەهێنرێت، بەڵام کرداری ئاڵۆز لە مۆرفێم. بەم پێیە تەواوی سەگمێنتەکانی کرداری ئاڵۆز مۆرفێمن: ڕەگی کردار، کەسی لکاو و تاف (بڕوانە بەشی دوهەم) . ڕەگی کردار، بۆ نمونە، /گر/، /دز/، /بڕ/ لاگری لە وشە چووە[١١٢]. پێمانگوتن و ~ گوتمان پێیان (کارناکاتەسەر ڕێکەوتنی بکەر – کردار، یان ئەرگەتیڤیی، ئەم سەرەوڕیزبونەی سەگمێنتەکانی کرداری ئاڵۆز کاریگەرییان لەسەر ڕێکەوتنەکان نییە.)

## ٢/٣_١) ئەڵتەرناسیۆنی فۆرمەکان

شکاندنەوە لە کرداری ئاڵۆزدا لە بنەڕەتدا شێوەی شکاندنەوەی کردارە لە ڕستەدا: بۆ تافی ڕابوردوو ڕەگ و تافی ڕابوردوو (قەدی تافیی) دەهێنرێتەناو جێکەوتەکانی خۆیانەوە لە قاڵبی کرداراوی بە لکاندنی کەسی لکاو پێوەی (گەردانکردنی کردار) کردارەکە دەشکێنرێتەوە. بۆ تافی ڕانەبوردویش ڕەگ دەهێنرێت و تاف و کەسی لکاوی بەم ڕیزبونەوە بۆ زیاددەکرێت (بڕوانە بەشی دوهەم**!**) .

١٢_ا) گرتمن

_ب) دامگرتن

_پ) پێمداگرتن

١٣_ دەستمگرتن

١٤_ا) دەگرم

ب) دەیانگرم

[١١٢]- محەمەدی مەحویی: ٢٠١٠

پ) دایاندەگرم

ت) پێیاندادەگرم

١٥_دەستیاندەگرم

**٢/٣_٢) پڕکردنەوەی جێکەوتەکان و ڕێسای دابەشبونی تەواوکەرانە:**

بە پێی نمونەکان، لە تافی ڕابوردودا کەسی لکاوی بکەریی کردارە شکاوەکە تەواودەکات و کەسی لکاوی بەرکاریی، کە جێکەوتەکەی کۆتایی کردارە شکاوەکەیە، بە کۆتایی کردارەکەوە دەلکێنرێت.

لەگەڵ لکاندنی هەر مۆرفێمێکدا (وشەی سەربەخۆ یان پێشگر) بە سەرەتای کردارە شکاوەکەوە، هێنانەپێشی کەسی لکاوی بکەریی لەگەڵدا جێبەجێدەکرێت. لە فۆرمی کرداری ڕانەبوردودا کەسی لکاوی بەرکاریی بە پێی ئەو ڕێسایە دەهێنرێتە لای پێشگرەکان بە سوڕیی Cyclic.

دروستەی بنەڕەتیی و دابەشبونی جێناوی لکاوی بەرکاریی و کەسی لکاوی ڕێکەوتن بەم جۆرەن:

**دروستە-: ا_ ڕابوردوو　　کەسی لکاوی بکەریی – جێناوی لکاوی بەرکاریی**

**ب_ ڕانەبوردوو　جێناوی لکاوی بەرکاریی – کەسی لکاوی ڕێکەوتن**

دابەشبونی تەواوکەرانەی ئەو دوو توخمە لکاوە لە تافی ڕابوردوو و ڕانەبوردودا لەم خشتەیەدا ئاشکراو ڕوونە

| | | |
|---|---|---|
| ڕابوردوو | کەسی لکاوی بکەریی م | جێناوی لکاوی بەرکاریی　ن |
| ڕانەبوردوو | جێناوی لکاوی بەرکاریی　یان | کەسی لکاوی بکەریی　ین |

خشتەی (٦) قاڵبی ناوکیی (١)

ئەوەی بۆ ئەم نمونانە گرنگە، ئەوەیە، کە ئەڵتەرناسیۆن لە دروستەدا نیشانناداەن، بەڵکو پڕکردنەوەی جێکەوتەکانە بە کەرەستەکانی ناو فەرهەنگ بە پێی یاسای دابەشبونی

تەواوکەرانەی کەسی لکاوی بکەریی و کەسی لکاوی بەرکاریی لە تافی ڕابوردوودا هەمبەر بە ڕانەبوردوو. ئەم دوانە لە ڕێژەکانی تریشدا وەک خۆیان جێبەجێدەکرێن.

١٦_ ئەگەر (pro) بمگرتنایە، بەئاسانیی ڕزگارتان نەدەبوو.

١٧_ با (pro) بتانگرم!

ئامانجەکانی ئەم بەشە لە چەند پرسیارێکی سەرەکییدا دادەڕێژرێن، کە پەیوەستن بە ئەڵتەرناسیۆنە دروستەییەکانی کرداری ئاڵۆزەوە:

ئایا ئەڵتەرناسیۆنەکانی کرداره ئاڵۆزەکان کامانەن و کام دروستانەیان ئەڵتەرناسیۆنی دروستەیی نیشاندەدەن؟ چۆن و بۆچی؟

بۆ وەڵامدانەوەی تەواوو وردی ئەو پرسیارانە، بەدواداچوون بۆ ئەم پرسیارانەی تریش دەکرێت و وەڵامەکانیان وەک زانیاریی ڕێزمانی کوردیی دەچەسپێنرێن:

جیاوازیی چییە لە نێوان پێشکردارییەکان (دا، ڕا، ڕۆ، هەڵ) و پێشناوی لکاوی کرداری پێشناوییدا (پێ، تێ، لێ، ە) ؟

ئایا پێشناوی لکاوی کرداره پێشناوییەکان لەگەڵ /ە/ ی پاشکردارییی حوکمکەری دۆخی ڕێزمانیین؟

ڕۆڵی هەریەک لەمانە و بەشداریکردنیان لە ئەڵتەرناسیۆنە دروستەییەکاندا چیین؟

ئایا کەسە لکاوەکان دۆخی ڕێزمانیی وەردەگرن، یان فۆرمەکانیان بۆ دۆخە جیاوازەکان تەرخانکراون؟

ئەگەر فۆرمەکانیان بۆ دۆخ دیاریکراون، ئەوا ئەمە چ بەشدارییەکی لە دابەشبونی تەواوکەرانەدا و لە ناو ئەڵتەرناسیۆنە دروستەییەکاندا هەیە؟

توخمەکانی شکاندنەوە (تاف و کەسی لکاو) لەگەڵ جێناوی بەرکاریی ناوەوەی کرداره ئاڵۆزەکان مەبەست و ئامانجی ئەم شیکردنەوەو گفتوگۆیانەن.

ئەنجامی شیکردنەوەو توێژینەوەکان بە جیاوازیی نێوان دروستەکان و ئەڵتەرناسیۆنە دروستەییەکان لە نێوان ستانداردی کوردیی و ئەوانەی گەرمیاندا کۆتاییپێدێت.

### ٣_٢/٣) فۆرمەکان و دروستەکانیان

مۆرفۆسینتاکس قاڵبی بە جێکەوتەی چەسپاوەوە بۆ سەگمێنتەکانی (توخمەکانی) هەیە. سەگمێنتە مۆرفۆسینتاکیەکان مۆرفێمن. ڕەگی کردار، کە خاوەنی واتایە، بناغەی کرداری ئاڵۆزە. مۆرفێمی تافەکانی کردارە ئاڵۆزەکە هەرئەوانەی کردارەکە خۆیەتی، بۆ ڕابوردوو و ڕانەبوردووی بکەردیار و بکەرنادیار.

دروستەی (١) ڕێسای هێنانەپێشی سوڕیی کەسی لکاوی ڕێکەوتن لە کرداری ئاڵۆزی ڕابوردوداو ئەوەی جێناوی لکاوی بەرکاریی لە کرداری ئاڵۆزی ڕانەبوردودا بەرپرسیاری گشت فۆرمەکانن، کە پێشناوی پێشکردارییان تێدا نییە (/پێ _، تێ _، لێ _/) . کردارەکان تێپەڕن. ئەگەر کردارەکە تێنەپەڕ بێت، ئەوا ئەم پێشناوانە هێزێک بۆ کردارەکە زیاددەکەن و دەیکەن بە تێپەڕ (/هاتن/ ~ /لێهاتن/ ~ /پێهاتن/ ~ / بۆهاتن/، /تێهاتن/، /هاتنەسەر/ ...) .

کردارە مۆرفۆلۆژیەکان (هەڵگوێزراو، لێکدراوو داڕێژراو) ئەڵتەرناسیۆن لە دروستەکانیاندا نیشاننادەن، ئەگەر پێشناوی پێشکردارییان پێوەنەبێت، ئەمەیش لەبەرئەوەی، کە تەنها ئەو فۆڕمانەی، کە ئەم پێشناوانەیان پێوەیە، ئەڵتەرناسیۆنیان هەیە.

### ١_٣_٢/٣) بکەردیار

**یەکەم: ڕابوردووی تێپەڕ:**

١٨_ا) (pro) تۆم نارد ~ - ب) ناردمیت

١٩_ا) (pro) نامەکانم نارد ~ - ب) ناردمن

٢٠_ا) (pro) ئەوانم نواندبوو ~ - ب) نواندبومن

٢١_ا) (pro) نامەکانم نوسین ~ - ب) نوسیمن

**ا) ڕابوردوو (ی سادە)**

٢٢_ا) (pro) ئێوەمان گرت ~ - ب) گرتمانن

ڕابوردوی تەواو_ ١:

٢٣_ا) (pro) تۆم گرتووە ~ - ب) گرتومیت

ڕابوردوی تەواو _ ٢ :

٢٤_ا) (pro) تۆم گرتبوو ~ - ب) گرتبومیت

بەردەوام:

٢٥_ا) (pro) تۆم دەگرت ~ - ب) دەمگرتیت

**ب) ڕابوردوو (ی ناسادە)**

**- هەڵگوێزراو :**

٢٦_ا) (pro) تۆم داگرت ~ - ب) دامگرتیت

٢٧_ا) (pro) تۆم داگرتووه ~ - ب) دامگرتویت

٢٨_ ا) (pro) تۆم ڕاگرتبوو ~ - ب) ڕامگرتبویت

٢٩_ ا) (pro) تۆم هەڵدەگرت ~ - ب) هەڵمدەگرتیت

٣٠_ ا) (pro) ئەوانم ڕۆکرد ~ - ب) ڕۆمکردن

**- بە پێشناوی پێشکرداریەوە:**

بۆ ئەڵتەرناسیۆنەکانی ئەم فۆرمانەو ڕونکردنەوەکانیان بڕوانە خوارتر!

٣١_ ا) (pro) بە تۆم گرت ~ - ب) پێمگرتیت ~
- پ) گرتم پێت

٣٢_ ا) (pro) بە تۆم گرتووە ~ - ب) پێمگرتویت ~
- پ) گرتوومە پێت

٣٣_ ا) (pro) بە تۆم گرتبوو ~ - ب) پێمگرتبویت ~
- پ) گرتبووم پێت

٣٤_ ا) (pro) بە تۆم دەگرت ~ - ب) پێمدەگرتیت ~
- پ) دەمگرت پێت

**بە پێشناوی پێشناویی و پێشکرداریەوە:**

٣٥_ ا) (pro) بە ئێمەیان هەڵگرت ~ - ب) پێیانهەڵگرتین ~
- پ) هەڵیانگرت پێمان

٣٦_ا) (pro) لە ئەوانم داخستووه ~ - ب) لێمداخستوون ~

- پ)  دامخستووەلێیان

٣٧_ا) (pro) لە ئێمەیان هەڵدابوو ~ - ب)  تێیانهەڵدابوین ~

- پ)  هەڵیاندابوو لێمان

٣٨_ا) (pro) بەئێمەیان ڕۆدەکرد ~ - ب)  پێیانڕۆدەکردین ~

- پ)  ڕۆیاندەکردپێمان

**- لێکدراو:**

٣٩_ا) (pro) سەیری تۆم کرد ~ - ب)  سەیرمکردیت

٤٠_ا) (pro) سەیری تۆم کردووە ~ - ب)  سەیرمکردویت

٤١_ا) (pro) سەیری تۆم کردبوو ~ - ب)  سەیرمکردبویت

٤٢_ا) (pro) سەیری تۆم دەکرد ~ - ب)  سەیرمدەکردیت

٤٣_ا) (pro) تۆم بەدەست گرت ~ - ب)  پێمگرتیت ~

- پ)  گرتم پێی.

دروستەی کردارە ئاڵۆزەکە هەمان دروستەی (١) ەو بە ڕێسای هێنانەپێش کەسی لکاوی ڕێکەوتن هێنراوەتە لای پێشناوەکە، پێشناوە سەربەخۆکە لە (٤٣_ا) دا سەری حوکمکەری دۆخی ڕێزمانییەو لە (٤_ب) دا سەرێکی حوکمکەر نیەو بە پێشگرێک ئەژماردەکرێت، بەتایبەتیی بۆ ڕێسای هێنانەپێشی توخمە لکاوەکان لە ئەڵتەرناسیۆنی <گرتم گرتم پێی> دا، چشتەکە، کە کەسێکی لکاوە بە پێشناوە پێشکردارییەکەوەیە. بەم هەنگاوەیش پێکهاتوی فرێزە ناویەکەی <بە دەست>  کراوە بە پێکهاتوی <پێی>، کە دیسان پێشناوییە. بەم کارەیش دروستەی (١) بەرهەمدەهێنرێتەوە.

**دروستە-٢: کەسی لکاوی ڕێکەوتن - م  جێناوی لکاوی بەرکاریی – یت  جێناوی لکاوی بەرکاریی ناڕاستەوخۆ – ین**

(٤٤) یش هەمان دروستەی هەیە، بەڵام بەو جۆرەی، کە لە بری جێناوی لکاوی بەرکاریی ڕاستەوخۆ هەبێت لە فۆرمی NP دا، لە فۆرمی PP دا هەیە.

کەسی لکاوی ڕێکەوتن – یان      جێناوی لکاوی بەرکاریی - مان

**- داڕێژراو:**

٤٤_ ا) (pro) سەریان بە ئێمە نایەوە      ~      - ب)  سەریانپێنایەنەوە ~

- پ)  سەریاننایەوە پێمان

**پ) ئیلزامیی**

**- سادە:**

٤٥_ا) (pro) ئەوم گرتبێت      ~      - ب)  گرتبێتم

٤٦_ا) (pro) تۆم بگرتایە      ~      - ب)  بمگرتیتایە

٤٧_ا) (pro) تۆم بگرتبا      ~      - ب)  بمگرتبایت

٤٨_ا) (pro) تۆم گرتبوایە      ~      - ب)  گرتبومیتایە

**- بە پێشناوەوە:**

٤٩_ا) (pro) بە ئەوم ڕانەهێنابێت      ~      - ب)  پێمڕامنەهێنابێت

٥٠_ا) (pro) بە ئەومان دابگرتایە      ~      - ب)  پێماندابگرتایە ~      -  پ)
دامانبگرتایە پێی

٥١_ا) (pro) بەتۆمان بگرتایە ~ - ب) پێمانبگرتیتایە ~ - پ) بمانگرتایە پێت

**- لێکدراو:**

٥٢_ا) (pro) دەستی منی گرتبا ~ - ب) دەستیگرتبام

نمونەکانی (١٨ - ٥٢) لە تافی ڕابوردودان، تیایاندا کەسی لکاوی ڕێکەوتن + جێناوی لکاوی بەرکاریی بەم سەرەوڕیزبونەوە ڕاستەوخۆ لە دوای قەدە کرداریەکەوەن.

**دوهەم: ڕانەبردو و داهاتوی تێپەڕ**

**ڕانەبوردوو:**

**- بە پێشناوی پێشناویەوە:**

٥٣_ا) (pro) ئێوە دەگرین ~ - ب) دەتانگرین

٥٤_ا) (pro) بە ئێوە دەگرین ~ - ب) پێتاندەگرین ~

- پ) دەیگرین پێتان

٥٥_ا) (pro) لە ئێوە دەگرین ~ - ب) لێتاندەگرین ~ - پ) دەیگریین لێتان

٥٦_ا) (pro) لە ئێوە دەگەیەنین ~ - ب) تێتدەگەیەنین ~ - پ) دەیگەینیین تێت

کەسی لکاوو جێناوی لکاوی بەرکاریی هەمان ئەو دابەشبونانەی دروستەی (٢) یان هەیە، لەمەدا کرداری ئاڵۆزی ڕابوردوو لەگەڵ ڕانەبوردودا دروستەی پێچەوانەیان.

**دروستەی -٣: جێناوی بەرکاریی ـ کەسی لکاوی ڕێکەوتن ــ جێناوی لکاوی بەرکاری ناڕاستەوخۆ**

| | | |
|---|---|---|
| کەسی لکاوی ڕێکەوتن- م | جێناوی لکاوی بەرکار - یت | جێناوی لکاوی بەرکاری ناڕاستەوخۆ - ی |
| جێناوی بەرکاریی- ی | کەسی لکاوی ڕێکەوتن - ێت | جێناوی لکاوی بەرکاری ناڕاستەوخۆ - م |

خشتەی (٧) قاڵبی ناوکیی

**- بە پێشناوی پێشکرداریەوە:**

٥٧_ا) (pro) ئەوان هەڵدەگرین ~ - ب) هەڵیاندەگرن

٥٨_ا) (pro) ئێوە دادەگرین ~ - ب) داتاندەگرین

٥٩_ا) (pro) ئەو ڕۆدەکەن ~ - ب) ڕۆیدەکەن

**- بە پێشناو و پێشکرداریەوە:**

٦٠_ا) (pro) بە ئێمە هەڵدەگرن ~ - ب) پێمانهەڵدەگرن ~ - پ) هەڵیدەگرن پێمان

٦١_ا) (pro) لە ئەوان دادەخەین ~ - ب) لێیاندادەخەین ~ - پ) دایدەخەین پێیان

٦٢_ا) (pro) لە ئێمە هەڵدەدەن ~ - ب) تێمانهەڵدەدەن ~ - پ) هەڵدەدەن تێمان

**- لێکدراو:**

(کن) زارێکی مۆرفۆلۆژیانەیە، بەو واتایەوە کە بە مۆرفێم کاردەکات و لە مۆرفێم وشەو دەربڕدراوەکانی بەرهەمدەهێنێت. لێرەوەیە، کە مۆرفێمی سەربەخۆ (وشە) لە مۆرفێمی ناسەربەخۆ جیادەبێتەوە، بەڵام چونکە وشەو لاگرەکان هەمویان مۆرفێمن، یاسای بردنەپێشی کەسی لکاوی ڕێکەوتن لە تافی ڕابوردودا و ئەوەی جێناوی لکاوی بەرکاریی لە تافی ڕانەبوردودا حساب بۆ وشە و لاگر وەک مۆرفێم دەکەن، واتا لەم نمونانەی خوارەوەدا ئەو کەسانە بۆ لای سەگمێنتە ناکرداریەکە دەبرێن.

لە (٦٤_ب) دا، کردارەکە پێشناوی پاشکرداریی /ە/ ی هەیە، بۆیە سەگمێنتە ناکرداریەکەی /خوار/ لە کۆتایی کردارە شکاوەکەدایەو کەسە لکاوەکەیش بۆلای مۆرفێمی تافەکە /دە ـــ / براوە.

کەواتە ئەمانیش پەیکاڵی قاڵبی ناوکیی -١ ن.

٦٣_ا) (pro) ئێمە سەردەبڕن ~ - ب) سەرماندەبڕن

٦٤_ا) (pro) ئێمە دەخەنەخوار ~ - ب) دەمانخەنەخوار

داهاتوو (١) :

٦٥_ا) (pro) بەیانیی ئێوە دەگرم ~ - ب) بەیانیی دەتانگرم

داهاتوو (٢) :

٦٦_ا) (pro) ساڵێکی تر ئەم کاتە ئێوە دەبینمەوە ~- ب) ساڵێکی تر ئەم کاتە دەتانبینمەوە.

**سێهەم: ڕابوردوی تێنەپەڕ**

٦٧_ (pro) هاتم

٦٨_ (pro) هاتوه

٦٩_ (pro) هاتبوم

٧٠_ (pro) دههات

٧١_ (pro) ڕاهاتم

٧٢_ (pro) ڕاهاتبوو

٧٣_ (pro) ڕۆچووه

٧٤_ا) (pro) پێمچوو ~ - ب) چوو پێم

٧٥_ (pro) نەخۆشکەوتین

٧٦_ (pro) شۆڕبوینەوه

**ئیلزامیی:**

٧٧_ (pro) هاتبێت

٧٨_ (pro) بهاتایه

٧٩_ (pro) هاتبام

٨٠_ (pro) هاتبوایه

**- به پێشناوەوه:**

ئەم دروستانە پەیکاڵی قاڵبی ناوکیی ـ٢ ن

٨١_ا)  (pro) پێینەهاتبێت          ~          ب)  نەهاتبێت پێی

٨٢_ (pro) ڕانەهاتبێت

٨٣_ا) (pro) پێمبچوایە          ~          ب)  بچوایە پێم

**- لێکدراو:**

٨٤_ (pro) نەخۆشکەوتبام

**چوارهەم: ڕانەبوردوو داهاتووی تێنەپەڕ**

**- ڕانەبوردوو:**

٨٥_ (pro) دێم

٨٦_ (pro) ڕادێم

٨٧_ (pro) نەخۆشدەکەوین

٨٨_ (pro) شۆڕدەبینەوە

**- داهاتوو:**

٨٩_ ساڵێکی تر ئەم کاتە دێمەوە

**- ئیلزامیی:**

**ڕانەبوردوو:**

٩٠_ با بڕۆم!

داهاتوو (١) :

٩١_ ئەگەر (pro) بەیانیی بڕۆم ئاگادارتدەکەمەوە

داهاتوو (٢) :

٩٢_ ئەگەر (pro) ساڵێکی تر بێتەوە ئاگادارتدەکەمەوە.

کرداره تێنەپەڕەکان (بکەردیار و بکەرنادیار) بەپێی پێڕەوی ئەرگەتیڤیی شەقبوی (کن) کەس_کۆتایین، چونکە ئەمانەو فۆرمی تافی ڕانەبوردویان ڕێکەوتنی ڕاستەقینەی کردار و بکەر نیشاندەدەن [١١٣].

١١٣- محەمەدی مەحویی (٢٠١٤) ئەرگەتیڤیی شەقبووی کرمانجی ناوەڕاست

**٢/٣_٣_٢) بکەرنادیار**

کرداری تێنەپەڕ بەرکاری ڕاستەوخۆی نییەو ئەڵتەرناسیۆن نیشانادات. کرداری بکەرنادیاریش تێنەپەڕە و بە هەمان شێوەیە.

| | |
|---|---|
| **ڕابوردوو** | **قەدی تافیی    نوستم / گیرام** |
| **ڕانەبوردوو** | **قەدی تافیی    دەنووم / دەگیرێم** |

خشتەی (٨) : قاڵبی ناوکیی کرداری تێنەپەڕ

قەدی تافیی + کەسی لکاوی ڕێکەوتنی سەرەکیی

**ڕابوردوو:**

٩٣_ (pro) هێنراØ

٩٤_ (pro) هینراوەØ

٩٥_ (pro) هێنرابووØ

٩٦_ (pro) دەهێنراØ

٩٧_ (pro) داهێنراØ

٩٨_ (pro) هەڵکرابووØ

٩٩_ا) (pro) لێمانداخراوەØ    ~    ب) داخراوە لێمان

١٠٠_ (pro) سەریگیراØ

١٠١_ (pro) پێیهێنرا    ~    ب) هێنرا پێی

١٠٢_ (pro) سەرپێگیرا ~ ب) سەرگیرا پێی

١٠٣_ دزەکە گیراØ

١٠٤_ ا) لە ئەوان دراØ ~ ب) لێیاندرا ~

پ) درا لێیان

١٠٥_ا) دوو کەس لە ئەوان کوژرا ن ~ ب) دوان لەئەوان کوژران ~

پ) دوو کەسیان لێکوژران ~ ت) دوانیان لێکوژران ~

ج) لەئەوان، دوان کوژران ~ ح) دوان لێیان کوژران

**ڕونکردنەوە**

ئەگەر پێشناوە کرداریەکە بە کردارەکەوە بێت، جێناوە لکاوە بەرکاریەکە دەئاخنرێتە ناو کردارەکەوە (١٠٤_ب) ، بەڵام ئەگەر پێشناوەکە لە کردارەکە جیابکرێتەوە، ئەوا جێناوە لکاوەکەی پێوە دەلکێنرێت، چونکە بە سەگمێنتێکی پێش کردارە شکاوەکە دادەنرێت (شێوەی بەرکاری ناڕاستەوخۆ) .

<دوو کەس> بکەری ڕستەی بکەرنادیارەکەیە. <لە ئەوان> فرێزێکی پێشناویەو دەتوانرێت سەرپشکیانە ببرێتەپێش <لە ئەوان، دوو کەس کوژرا>؛ هەروەها دەیشتوانرێت لە شێوەی لکاویشدا دەربکەوێت <لێیان>. لە کاتێکدا جێناوە سەربەخۆکەی <ئەوان> لە ناو فرێزە پێشناویەکەدا دۆخی ڕێزمانیی خستنەژێری لەلایەن پێشناوە سەربەخۆکەی / لە / ەوە پێدەدرێت، پێشناوە لکاوەکەی / لێ- / (پێشناوە پێشکرداریەکە) ناتوانێت حوکمی دۆخی ڕێزمانیی جێناوە لکاوەکەی /- یان / بکات و دۆخی خستنەژێری پێبدات. لەم نامەیەدا وەهایدادەنێین، کە دەبێت ئەم سەگمێنتە سینتاکسییە خۆی فۆرمەکەی بۆ ئەم دۆخە شکابێتەوە (دۆخەکەی لە خۆیدا هەڵگرتووە) ، چونکە لەگەڵ جێناوە لکاوە بکەریەکاندا لە دابەشبونی تەواوکەرانەدان. هەر لەبەر ئەمەیشە، کە ئەم جێناوە لکاوە بەرکاریانە دەتوانرێت جێگۆڕکێیان پێبکرێت و لە ناو کردارە ئاڵۆزەکەدا هاتوچۆیان پێبکرێت. بۆچی جێناوی لکاو، کەسی لکاو، کە فۆرمەکەی بۆ دۆخ شکاوەتەوە، جێناون، نەک کەسی لکاو (Clitic) ، واتا بەدەر لە نیشانەکانی کەس و ژمارە (و توخم) هەڵگری دۆخی ڕێزمانییشن؟ بڕوانە

She ~ Her, He ~ Him

و (ئەوان ~ لێیان، ئەمان ~ لێمان!)

لە (١٠٥_ب) و (١٠٥_ج) دا دەبینرێت، کە جێگۆڕکێ بە فرێزە پێشناویەکە کراوە. ئەگەر وشە ژمارەی / دوو / جێناوەکەی پێوە لکابێت، ئەوا / لێ - / بە کردارەکەوەیە، بەڵام ئەگەر پێشناوەکە بە وشە ژمارەکەوە نەبێت، ئەوا کەسە لکاوەکە بە پێشناوەکەوەیە (١٠٥_ح) . کاتێک جێناوی لکاو ئەم ئازادیەی لە هێنان و بردنیدا هەیە، کە فۆرمەکەی / - یان / دۆخی خۆی تێدابێت (١٠٥_ت) .

**ڕانەبوردوو داهاتوو**

**- ڕانەبوردوو:**

١٠٦_ (pro) دەگیرێن

١٠٧_ (pro) هەڵدەگیرێن

١٠٨_ (pro) وێراندەکرێت

**- داهاتوو (١) :**

١٠٩_ ئەگەر (pro) بەیانیی بگیرێت، (pro) نایەتەوە!

**- داهاتوو (٢) :**

١١٠_ ئەگەر (pro) ساڵێکی تر بگیرێت، (pro) نایەتەوە!

## ٢/٣_٣_٣) مۆڕفێمەکانی ڕێژە[١١٤]

تەواوی ڕێژەکان بەپێی قاڵبە ناوکیەکانی (١-٣) بەرهەمدەهێنرێن.

**گومان subjunctive:**

**ڕابوردوو: تەواوبویی / _بێت ~ _ب/**

کرداری تێنەپەڕ بەرکاری نییە، بۆیە نە کرداری ئاڵۆزی هەیە و نە کرداری بکەرنادیار. کەسی لکاوی ڕێکەوتنی کرداری بکەرنادیار و بکەرەکەی هەمان کەسە بکەریە لکاوەکانی کرداری تێنەپەڕی بکەرنادیارن.

**تێنەپەڕ:** قەدی تافیی + بێت ~ ب ~ با + کل

١١١_ (pro) هاتبم ~ هاتبێتم ~ هاتبام

١١٢_ (pro) هاتبیت ~ هاتبێتیت ~ هاتبایت

١١٣_ (pro) *هاتبـ ~ هاتبێت ~ هاتباØ

١١٤_ (pro) هاتبین ~ هاتبێتین ~ هاتباین

١١٥_ (pro) هاتبن ~ هاتبێتن ~ هاتبان

١١٦_ (pro) هاتبن ~ هاتبێتن ~ هاتبان

١١٧_ (pro) ڕاوەستابیت ~ ڕاوەستابێتیت ~ ڕاوەستابایت

١١٨_ (pro) نەخۆشکەوتبین ~ نەخۆشکەوتبێتین ~ نەخۆشکەوتباین

---

[١١٤] - بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر مۆرفێمەکانی ڕێژەی ویست و ئارەزوو بڕوانە (ڕوناک مەحمود بۆمبا: ٢٠٠١)

١١٩ _ (pro) هاتبنەوە ~ هاتبێتنەوە ~ هاتبانەوە

**تێپەڕ (کرداری ئاڵۆز) :** قەدی تافیی + ب ~ بێت + کل + ج (بەرکار)

١٢٠_ا) (pro) خواردبمن ~ (pro) خواردبێتمن

ب) خواردبتن ~ (pro) خواردبێتتن

پ) خواردبنی ~ (pro) خواردبێتنی[115]

١٢١ _ (pro) نەمانخواردبن ~ (pro) نەمانخواردبێتن

١٢٢ _ (pro) هێنابمیت ~ (pro) هێنابێتمیت

١٢٣ _ (pro) ڕامانەهێنابیت ~ (pro) ڕامانەهێنابێتیت[116]

١٢٤ _ (pro) گەڕاندبمیتەوە ~ (pro) گەڕاندبێتمیتەوە

١٢٥ _ (pro) هێنابتانەدیی ~ (pro) هێنابێتتانەدیی

کرداره ئاڵۆزەکانی (١١٦ - ١٢١) هەمان دروستەی (١) یان هەیە. (١١٩) لەمە بەدەرە: هەمان دروستەی (١) ی هەیە، بەڵام ڕێکەوتن سوڕیی هێنراوەتە پێش بۆ لای ( ڕا_ ) .

١٢٦_ا) (pro) پێیانگوتبێتین ~ ب) گوتبێتیان، پێمان ~

---

١١٥- له دروستەی کرداری ئاڵۆزی ڕابوردوی تەواوبوییدا، جێناوی بەرکاریی له ستانداردەکەیش وەکو گەرمیان دەکەوێتە پێش کەسی لکاوی ڕێکەوتنەوە، ئەگەر کەسە لکاوەکە (کارا) کەسی سێهەمی تاک بێت. (بڕوانە بەشی دوهەم) و (بەشی سێهەم/ دیالێکتولۆژیی)

١١٦- گروپی دوهەمی کەسە لکاوەکان دەچنە سەر بەشی یەکهەمی کردار، بڕوانە بەشی دوهەم

پ) پێمانیانگوتبێت

١٢٧_ا) ئەگەر (pro) دەستمان بە ئەوان گرتبێت ~

ب) دەستمان پێگرتبێتن ~

هەروەک لە نمونەکانی (١٨ – ٢١) دا دەبینرێت، لەوانەی (١٢٠ - ١٢٥) یشدا هیچ ئەڵتەرناسیۆنێک نابینرێت، بە پێچەوانەوە، (١٢٦) و (١٢٧) ئەڵتەرناسیۆنی دروستەیی نیشاندەدەن و ئەمەیش گرنگیی پێشناوو جێناوی بەرکاریی (لکاو) بۆ ئەم پێواژۆ سینتاکسیانە دەردەخات.

جێناوی بەرکاریی و کەسی لکاوی بەرکاریی لە دابەشبونی تەواوکەرانەدان: بەڵام لە (١٢٦_ا) دا جێناوەکە بە کۆتایی کردارەکەوەیەو کەسە لکاوەکەیش بە پێشناوەکەوەیە. واتە، کەسی لکاوی بکەریی لە پێش جێناوی بەرکاریەوەیە، ئەگەر پێشناوی پێشکرداریی سەربەخۆ بێت. <پێیان> پێکهاتویەکی پێشناویەو لە ناو کردارە ئاڵۆزەکەداو پەیکاڵی فرێزی پێشناویی <بە ئێمە> هیەو لە جێکەوتەی بنەڕەتیی خۆیدایە، <ئەوان بە ئێمەیان گوتبێت.>. لە دوای ئەم پێکهاتووەوە ڕاستەوخۆ پێکهاتووە کرداریەکەی <گوتبێت> هاتووە، کە پەیکاڵی قاڵبی ناوکیی -٢ ە. ئەم قاڵبەیە، کە تێیدا پێکهاتووە پێشناویەکە دەتوانرێت ببرێتە پێشت پێکهاتووە کرداریەکەوە <گوتبێتیان پێمان> (١٢٦_ب) . لەم دروستەیەدا <گوتبێتیان> پەیکاڵی قاڵبی ناوکیی -١ ەو (بڕوانە <گرتیانم> !) . لە <پێمان> دا، /- مان/ جێناوی لکاوی بەرکاری ناڕاستەوخۆیەو لە دوای پێشناوی لکاوی /پێ-/ ەوە هاتووە. دانانی /-مان/ لە بری /- یان/ ی دوای کردارەکە ئەم هۆکاری دابەشبونەی هەیە.

**دروستە -٤)**

**پێشناو + کەسی لکاو(یان) ی ڕێکەوتنی بکەر _ کردار ـــ کردار + جێناوی لکاو (ین)**

ئەگەر کردار لە پێشەوە بێت، ئەوا پیشناوەکە لە دوایەوەیە و کەسە لکاوەکە و جێناوەکەیش هەر بە سەگمێنتەکانی خۆیانەوەن.

**دروستە-٥)**

**کردار + کەسی لکاوی ڕێکەوتن(تان) ـــ پێشناو + جێناوی لکاو (مان)**

لەم دوو دروستە جیاوازەدا بەم دابەشبونەوە، فۆرمەکانی جێناوو کەسە لکاوەکان جیاوازن.

لەم دابەشبونە تەواوکەرانەیەدا، هەر جێناوێک و هەر کەسێکی لکاو بۆ جێکەوتەیەک تەرخانکراوە.

لە (١٢٦_پ) دا جێناوی بەرکاریی و کەسی لکاوی ڕێکەوتن بە دوای یەکدا هاتوون.

**دروستە -٦)**

**پێشناو + جێناوی بەرکاریی + کەسی لکاوی ڕێکەوتن ـــ کردار**

دروستەی (٤) پێچەوانەی کرداری سادەی /گرتن/ ە، کە تێیدا کەسی لکاو لە پێش جێناوی بەرکاریەوەیە (بڕوانە دروستەی- ٥!)

**دروستە ــ ٧)**

**کردار + کەسی لکاو + جێناوی لکاو**

لە دروستەکانی (٤) و (٥) دا دابەشبونی تەواوکەرانە دەبینرێت.

(١٢٧_ ب) کردارێکی لێکدراوە و تێیدا کەسی لکاو بە سەگمێنتە ناویەکەوەیەو جێناوی بەرکاریی بە کۆتایی کردارەوکەوەیە و ئەمەیش پەیکاڵی هێنانەپێشی سوڕیی کەسی لکاوە،

ئەگەر کردارەکە لە تافی ڕابوردودا بێت. ئەگەر سەگمێنتە ناویەکە دەرنەبڕدرێت، ئەوا کەسە لکاوەکە بە پێشناوەکەوەیەو جێناوەکەیش بە کۆتایی کردارەکەوەیە.

**دروستە- ٨) کەسی لکاو /مان/ ە، جێناوی لکاو /ن/ە.**

لێرەدا سەربار /دەست/ و پێشناوی لکاو /پێ/ وەک سەگمێنتی بنەڕەتیی کرداری /دەستپێگرتن/ مامەڵەیان لەگەڵدا کراوە.[١١٧]

**نا_تەواوبویی ئیلزامیی past incompletive subjunctive / ب... ایە/**

بە پێی تافەکانیان گشت فۆرمەکان بە قاڵبی ناوکیی (١-٣) بەرهەمدەهێنرێن.

**تێنەپەڕ: ب + قەدی تافیی + کل + ایە**

١٢٨_ (pro) بهاتمایە (pro) بهاتیتایە (pro) بهاتØایە

١٢٩_ (pro) نەخۆشبکەوتمایە (pro) نەخۆشبکەوتینایە

١٣٠_ (pro) ڕۆبچویتایە (pro) ڕۆبچونایە

١٣١_ (pro) بگەڕا Ø یاتەوە ← بگەڕا Ø یەتەوە / ا / ← [ ە ] بگەڕانایەتەوە

نمونەکانی (١٢٨ - ١٣١) بە بێ پێشناوی پێشکردارین و ئەڵتەرناسیۆن ننیشانناداەن. کەواتە /ب -/ پیشگرێکەو پێشناویی نیە.

**تێپەڕ(کرداری ئاڵۆز) :** ب + کل + قەدی تافیی + ج (بەرکار) + ایە

١١٧- دەربارەی سەربار بڕوانە (محەمەدی مەحویی:٢٠١٦)!

١٣٢_ (pro) بمخواردنایه (pro) بتخواردنایه (pro) بیخواردنایه

بکەر بەرکار

١٣٣_ (pro) بمانخواردنایه (pro) بتانخواردنایه (pro) بیانخواردنایه

١٣٤_ (pro) ڕامانبهێنایتایه (pro) ڕاتانبهێنا Ø یه

١٣٥_ (pro) بیانگەڕاندنایه (pro) بیانگەڕاندنایەتەوه

١٣٦_ (pro) دەستمانبگرتیتایه

ئەم کرداره ئاڵۆزانەیش هەر دروستەی (٢) یان هەیەو کەسی لکاوی بکەریی براوەتە پێشەوه بۆ لای پێشگری /ب-/.

**نا_تەواوبویی مەرجیی past incomplective conditional /ب...با/**

**تینەپەڕ: ب + قەدی تافیی + با + کل**

١٣٧_ (pro) بهاتبام، بهاتبایین

١٣٨_ (pro) بهاتبایت،بهاتبان

١٣٩_ (pro) بهاتباØ،بهاتبان

١٤٠_ (pro) ڕابوەستابایین

١٤١_ (pro) نەخۆشبکەوتبایین

**تێپەڕ (کرداری ئاڵۆز) : ب + کل + قەدی تافیی + با + ج (بەرکار)**

١٤٢_ (pro) نەخۆشیان بخستمایە

١٤٣_ (pro) بمـناردبایت / بماننارد بایت
بکەر بەرکار

١٤٤_ (pro) ڕاتهێنابا∅ / ڕاتانهێنابا∅

١٤٥_ ا) (pro) ئەوانیان بە تۆ ڕابهێنایە ~ ب) پێتیان ڕابهێنانایە ~

پ) ڕایان بهێنانایە پێت

لە (١٤٥_ب) دا جێناوی لکاو لە پێش کەسی لکاو هەیەو لە (١٤٥_پ) دا ئەم دروستەیە پێچەوانە بووەتەوە.

**دروستەی-٩) جێناوی لکاو ــــ کەسی ڕێکەوتن**

دروستەی (٩) لەگەڵ (٧) دا بەراورد بکە!

لە دروستەی کردارە ئاڵۆزەکەدا /نەخۆش/ بە دوا سەگمێنت دانراوە، نەک پێشگری /ب - /، بۆیە کەسی لکاوی بکەریی /یان/ بۆ لای هێنراوە.

**ڕابوردوی تەواو: /ب.. ایە/ ~ /بو..ایە/**

**تینەپەڕ: قەدی تافیی + ب/بو + کل + ایە**

١٤٦_ا) (pro) هاتبیتایە ~ ب) هاتبویتایە

١٤٧_ا) (pro) ڕاوەستابینایە ~ ب) ڕاوەستابوینایە

١٤٨_ا (pro) نەخۆشکەوتبنایە ~ ب) نەخۆشکەوتبونایە

**تێپەڕ(کرداری ئاڵۆز) : قەدی تافیی + ب/بو + کل + ج (بەرکار) + ایە**

ئەم کردارە ئاڵۆزانەیش هەمان شیکردنەوەیان بۆ دەکرێت و خاوەنی دروستەی (٢) ن.

١٤٩_ا) (pro) ناردبمیتایە ~ ب) ناردبومیتایە

١٥٠_ا) (pro) ڕامانهێنابنایە ~ ب) ڕامانهێنابونایە

١٥١_ا) (pro) دەستتانگرتبینایە ~ ب) دەستتانگرتبوینایە

١٥٢_ا) (pro) کردبیانینەدەر ~ ب) کردبویانینەدەر

کرداری ئاڵۆزی بکەردیار دروستەیەکی هەیە، کە تیایدا سەگمێنتەکانی کەسی لکاوی ڕێکەوتن و جێناوی لکاوی بکەر پێچەوانە دابەشبوون (بڕوانە دروستە-٤!) . لێرەدا ئەم دروستەیە لە کاردایە: جێناوی لکاوی بەرکاریی + کەسی لکاوی ڕێکەوتن.

١٥٣_ ا) (pro) پێینەخۆش بکەوتنایە ~ ب) نەخۆشبکەتنایە پێی

**داهاتوو (نا_تەواوبویی) : /ب_/**

**تێنەپەڕ: ب + ڕەگ + نیشانەی ڕانەبوردوو + کل**

١٥٤_ (pro) بێم، بێین

١٥٥_ ئەگەر (pro) بنوون،...

١٥٦_ با (pro) بێن

کرداری داخوازیی و ڕێگەپێدان، کە داهاتوو دەردەبڕن، تێنەپەڕەکانیان بەرکاریان نییە و ناتوانن ئەڵتەرناسیۆنی دروستەییان هەبێت.

**تێپەڕ (کرداری ئاڵۆز) : ب + ج (بەرکار) + ڕەگ + نیشانەی ڕانەبوردوو + کل**

ئەم کردارە ئاڵۆزانە لە تافی ڕانەبوردودان و دروستەی ئەم تافەیان هەیە:

جێناوی لکاوی بەرکاریی + کەسی لکاوی ڕێکەوتن

١٥٧_ (pro) بیاننێرم

١٥٨_ (pro) ڕایانبهێنین

١٥٩_ (pro) دەستتانبگرێیت

١٦٠_ (pro) بیانگرینەئەستۆ

١٦١_ا) با ئێمە ئەوانیان پێدا بنێرین ~ ب) با (pro) پیایاندا بیاننێرین

ڕستەکان لە تافی ڕانەبوردودان. (١٦١_ب) جێناوی لکاوی بەرکاریی – ٢ بە پێشناوەکەوەیەو جێناوی بەرکاریی – ١ لە ناو کردارە ئاڵۆزەکەدا لە نێوان پێشگری /ب-/ و کردارەکەدان و کەسی لکاوی بکەریی بە کۆتایی کردارە شکاوەکەوەیە.

نمونەکان نیشانیدەدەن، کە ئەڵتەرناسیۆنەکە لە نێوان کردارە شکاوەکە و پێکهاتووە پێشناویەکەدایەو دابەشبونەکان دیسانەوە تەواوکەرانەن.

**پرسیار:**

١٦٢_ا) (pro) چەند کەس لە ئەوان بگرین؟ ~ ب_ (pro) چەندیان لێبگرین؟

١٦٣_ا) ئایا (pro) لە ئەوانیش بگرین؟ ~ ب) ئایا (pro) لێیشیانبگرین؟ ~

پ) * (pro) لێیانبگرین

**مەرجیی:**

١٦٤_ا) ئەگەر (pro) ئەوان بگرین، (pro) زیندانیاندەکەین ~

ب_ئەگەر (pro) بیانگرین، (pro) زیندانیاندەکەین

**فەرماندان:**

کرداری فەرمان تافی ڕانەبوردوو (داهاتوو) دەردەبڕێت و کەسی دوهەمە/کۆکەی دەرنابڕدرێت (<بڕۆن!>) . تەنها کاتێک ئەم کەسانە دەردەبڕدرێن، کە هێزی تایبەتییان لەسەرە، بۆ نمونە، وەک لە کاتی جیاکردنەوەدا (<ئێوە بڕۆن، نەک ئەوان>) . قاڵبی ناوکیی بۆ بەرهەمهێنانی کرداره ئاڵۆزەکانی تافی ڕانەبوردوو (تێنەپەر و تێپەڕ) لە بەرهەمهێنانیاندا بەکاردەهێنرێن.

**تێنەپەڕ: ب + ڕەگ + کەسی لکاوی ڕێکەوتن**

١٦٥_ (pro) بێØ/ (pro) بێن[١١٨]

١٦٦_ (pro) وەرن!

١٦٧_ (pro) بنوون!

١٦٨_ (pro) ڕابوەستە/ (pro) ڕابوەستن

١٦٩_ (pro) سەربکەوە/ (pro) سەربکەون

---

١١٨- /بێ/ فۆرمی بنەڕەتیی ستانداردەکەیە، /وەرە/ ڕێزمانیی و ئیدیۆسینکراسییە و ڕونکردنەوەی نییە.

**تێپەڕ (کرداری ئاڵۆز) : ب + ج (بەرکاریی) + ڕەگ + کەسی لکاوی ڕێکەوتن**

١٧٠_ (pro) بمنێرە/ (pro) بمنێرن (pro) بماننێرە/ (pro) بماننێرن

١٧١_ * (pro) بتنێرە/* (pro) بتنێرن * (pro) بتاننێرە/ *(pro) بتاننێرن[119]

١٧٢_ا) (pro) گوڵەکان بە ئەواندا بنێرن ~ ب) پیایاندا بیاننێرن ~

پ) بیاننێرن پیایاندا

١٧٣_ (pro) ڕامانبهێنە/ن

١٧٤_ (pro) سەرمانبخە/ن

١٧٥_ (pro) بیگرەئەستۆ / بیگرنەئەستۆ

کل پێشناو

**٢/٣_٤) کەسی لکاو لە کرداری ئاڵۆزدا**

قاڵبە ناوکیەکان بۆ بەرهەمهێنانی ئەم کردارانەیش بەکاردەهێنرێن.

**٢/٣_٤_١) نائەرگەتیڤیی**

بکەریی (نائەرگەتیڤیی) (/م – ین، یت – ن، ێت/ات/) لەگەڵ ڕانەبوردوو

بەرکاریی (نائەرگەتیڤیی) (/م – مان، ت – تان، ی – یان/) لەگەڵ ڕانەبوردوو

١٧٦_ا) ئێمە ئێوە دەگرین ب) دەتانگرتین کەسی لکاوی بکەریی نائەرگەتیڤیی

١٧٧_ا) ئەوان ئێمە بە ئێوە دەچوێنن ب) ئەوان پێتانـــمان دەچوێنن

---

١١٩ـ لەبەرئەوەی فەرمانبەسەرداکراو کەسی دوهەمە، ناتوانێت کردەی فەرماندانەکە بەسەر خۆیدا بسەپێنێت.

بەرکاریی نائەرگەتیڤیی        بکەریی نائەرگەتیڤیی

لە کردارە ئاڵۆزەکانی (١٧٦) و (١٧٧) دا جێناوی لکاوی بەرکاریی ئاخنراوەتە ناوەوەی کردارەکەوە، ڕاستەوخۆ لە دوای پێشگری ڕانەبوردوەکەوە (بەراوردییکە لەگەڵ ئەوەی ڕابوردودا، کە جیناوە لکاوەکانیان تەواوکەرانە دابەشبوون**!**)

١٧٨_ا) (pro) نامەکانی تۆ بە ئەواندا دەنێرین        ~

ب) نامەکانت بە ئەواندا دەنێرین        ~

پ) نامەکانتیان پێدا دەنێرین        ~

ت) (pro) پیایاندا دەیاننێرین

(١٧٨_پ) کەسی لکاوی خاوەنداریی + جێناوی لکاوی بەرکاریی-٢ ــ کەسی لکاوی ڕێکەوتن.

(١٧٨_ت) جێناوی لکاوی بەرکاریی-٢ ــ کەسی لکاوی ڕێکەوتن ــ جێناوی لکاوی بەرکاریی ١

**٢/٣_٤_٢) ئەرگەتیڤیی کارا**

گروپی دوهەم (/م – مان، ت – تان، ی – یان/) لەگەڵ ڕابوردوی تەواوبوییدا ئەرگەتیڤیی کارا جێبەجێدەکەن.

١٧٩_ا) ئێمە ئێوەمان گرت        ~        ب) گرتمانن

١٨٠_ا) (pro) ئێوەمان بە ئەوان چواند        ~

ئەرگەتیڤیی کارا

ب) ئێوەمان پێچواندن ~

ئەرگەتیڤیی کارا

پ) پێیانمانچواندن ~ ت) (pro) چواندمانن پێیان

ئەرگەتیڤیی کارا

١٨١_ا) ئێمە نامەکانی تۆمان بە ئەواندا نارد ب_نامەکانتمان پێیاندا نارد

ئەرگەتیڤیی کارایی

لە (١٨١) دا کەسی خاوەنداریی + کەسی لکاوی بکەریی ـــ جێناوی لکاوی بەرکاریی، دروستەی کەسەکانە (بەراوردیبکە لەگەڵ ئەوەی (١٧٨) دا!)

**٢/٣_٤_٣) جێکەوتەی کەسی لکاو لە کرداری ئاڵۆزدا**

لەم پارەدا ئەم بابەتە بە جۆرێک ڕونکراوەتەوە، کە بۆی پشت بە شیکردنەوەە نمونەکان بەستراوە. یاسای سوڕیی هێنانەپێش و دابەشبونی تەواوکەرانەی کەس و جێناوە لکاوەکان لەڕێی قاڵب و دروستەکانەوە تەواو پێشبینیکراون، لەکوێدا ڕونکردنەوەی نوێ پێویستبو، پێشکەشدەکرێت.

**یەکەم: ڕێژەی دڵنیایی**

**ا) کرداری سادە**

١٨٢_ا) (pro) گرتمـــیت ب) دەتـــــگرم

o S v s v o

١٨٣_ا) (pro) گرتمی ب) دەمگرێت

svo		v o S

دروستە- ا: کردار + کل -+ جل بەرکاریی

- ب: پێشگری ڕانەبوردوو + جل بەرکاریی+ کردار + کل

**ب) بە پێشناوی پێشناویەوە**

١٨٤_ا) (pro) پێمگرتیت		ب) پێتدەگرم

Ovsp		s v o p

١٨٥_ا) (pro) پێمانگرتن		ب) پێتاندەگرین/ پێیاندەگرین

Ovsp		s v o p

١٨٦_ا) (pro) لێمانگرتن		ب) لێتاندەگرین/ لێیاندەگرین

Ovsp		s v o p

١٨٧_ا) (pro) تێمانگەیاندیت		ب) تێتدەگەیەنین

Ovsp		s v o p

دروستە- ا: پێشناو+ کل + کردار + جل بەرکاریی

ب: پێشناو+ جل بەرکاریی+ کردار + کل

**بە پێشکرداریەوە:**

١٨٨_ا) (pro) هەڵمگرتیت		ب) هەڵتدەگرم

s v o p                    O v s p

١٨٩_ا) (pro) دایانگرتین                    ب)  داماندەگرن

O v s p                    s v o p

١٩٠_ا) (pro) ڕۆیانکردØ                    ب)  ڕۆیدەکەن

O v s p                    s v o p

دروستە_ا) پن + کل + کردار + جل بەرکاریی

ب) پن + جل بەرکاریی + ڕانەبوردوو + کردار + کل

**ت) بە پێشناو و پێشکرداریەوە**

کرداری هەڵگوێزراو دەبێتە بناغە بۆ لکاندنی پێشناوی پێشکرداریی، چونکە دوشێت هەڵگواستن واتای بناغەکە/دەرکردەکە بگۆڕێت (/کردن/ ~ /هەڵکردن/ ~ /داکردن/...) و هێنانی پێشناوی پێشکرداریی بۆ ئەم دەرکردەیە، لە هێزی بەبڕشتیی کردارەکە زیاددەکات (/پێکردن/، /پێهەڵدان/ ، /پێداکردن/..) [١٢٠]، بەرهەمهێنانی کردارە ئاڵۆزەکان بە قاڵبە ناوەکیەکان دەکرێت.

١٩١_ا) (pro)  پێیانهەڵگرتین                    ب)  پێمانهەڵدەگرن

O v p s p                    s v p o p

١٩٢_ا) (pro) لێمانداخستن                    ب)  لێیاندادەخەین / لێتاندادەخەین

O v p s p                    s v p o p

١٩٣_ا) (pro) تێتانهەڵداین                    ب)  تێمانهەڵدەدەن

O v p s p                    s v p o p

[١٢٠]- محەمەدی مەحویی (مۆرفۆلۆژیی)

دروسته_ا) پن + کل + پک + کردار + جل

ب) پن + کل + پک + کردار + جل

**ج) لەگەڵ کرداری لێکدراودا**

١٩٤_ا) (pro) ڕازییانکردین ب) ڕازیماندەکەن

ovsn svon

دروسته_ا) سەربار + کل + کردار + جل

ب) سەربار + جل + کردار + کل

**ح) داڕێژراو**

١٩٥_ا) (pro) خستتانینەخوار ب) دەمانخەنەخوار

NP o s v Np s v o

١٩٦_١) (pro) هەڵماندایتەخوارەوە ب) هەڵتدەدەینەخوارەوە

P o v s p p s v o p

١٩٧_ا) (pro) سەریانپێنایەنەوە ب) سەرمانپێدەنێنەوە

ovpsn svpon

١٩٨_ا) (pro) سەرتانبڕیین ب) سەرماندەبڕن

Ovsn svon

١٩٩_ا) (pro) ناونوسیانکردیت ب) ناونوستدەکەن

svon Ovsn

٢٠٠_ا) (pro) پێمانچاککردنەوە ب) پێتانچاکدەکەینەوە / پێیانچاکدەکەینەوە

svnop ovnsp

دروستە (٩٥_ا) کردار + کل + جل + پن + سەربار

ب) بەردەوامیی + جل + کردار + کل + پن + سەربار

٢٠١_ا) پک + کل + کردار + جل + سەربار+ پاشگر

ب) پک + جل + کردار + کل + پن + سەربار + پاشگر

٢٠٢_ا) سەربار + کل + پن + کردار + جل + پاشگر

ب) سەربار + جل + پن + کردار + کل + پاشگر

٢٠٣_ا) و ١٨٨_ا) سەربار + کل + کردار + جل

٢٠٤_ب) و ١٨٨_ب) سەربار + جل + کردار + کل

٢٠٥_ا) پن + کل + سەربار + کردار + جل + پاشگر

ب) پن + جل + سەربار + کردار + کل + پاشگر

**دوهەم: ڕێژەی گومان**

**ا) کرداری سادە**

٢٠٦_ا) (pro) گرتبمـــیت ب) بتـــــگرم

o s v　　　　　　　　　osv

٢٠٧_ا) (pro) گرتبمی　　　　ب) بمگرێت

Sov　　　　　　　　s v o

٢٠٨_ا) (pro) بمگرتیتایه　　　　ب) بتگرم

ovs　　　　　　　　svo

٢٠٩_ا) (pro) بمانگرتبایت　　　　ب) بتگرین

ovs　　　　　　　　svo

٢١٠_ا) (pro) گرتبومیتایه　　　　ب) بتگرم

osv　　　　　　　　svo

دروسته (٢٠٦_ا) کردار + ڕێژه + کل + جل

ب) ڕێژه + جل + کردار + کل

**ب) کردار به پێشناوی پێشناویەوه**

٢١١_ا) (pro) پێیگرتبم　　　　ب) پێمبگرێت

o v s p　　　　　　　　s v o p

٢١٢_ا) (pro) پێمبگرتیتایه　　　　ب) پێتبگرم

o v s p　　　　　　　　s v o p

٢١٣_ا) (pro) لێمانگرتبایت　　　　ب) لێتبگرین

o v s p　　　　　　　　s v o p

٢١٤_ا) (pro) تێمانگرتبویتایه　　　ب) تێتبگرین

ovsp　　　s v o p

**کردار بە پێشکرداریەوە:**

٢١٥_ا) (pro) هەڵتانگرتبم　　　ب) هەڵمبگرن

ovsp　　　svop

٢١٦_ا) (pro) دایانگرتبین　　　ب) دامانبگرن

Ovsp　　　v o p

٢١٧_ا) (pro) ڕۆیانکردبØایە　　　ب) ڕۆییکەن

ovsp　　　s v o p

**ت) کرداربە پێشناو و پێشکرداریەوە**

٢١٨_ا) (pro) پێیانهەڵگرتبین　　　ب) پێمانهەڵبگرن

Ovpsp　　　svpop

٢١٩_ا) (pro) لێمانداخستبان　　　ب) لێیاندابخەین / لێتاندابخەین

Ovpsp　　　svpop

٢٢٠_ا) (pro) تێتانهەڵدابوینایە　　　ب) تێمانهەڵبدەن

aovpsp　　　svpop

**ج) لەگەڵ کرداری لێکدراودا**

٢٢١_ا) (pro) ڕازییانکردبین     ب) ڕازیمانبەکەن

ovsn     svon

٢٢٢_ا) (pro) خستباتانینەخوار     ب) بمانخەنەخوار

P o s v     p s v o

٢٢٣_ا) (pro) هەڵماندابویتایەخوارەوە     ب) هەڵتبدەینەخوارەوە

P o v s p     p s v o p

٢٢٤_ا) (pro) سەریانپێنابێتینەوە     ب) سەرمانپێبنێنەوە

ovpsn     svpon

٢٢٥_ا) (pro) سەرتانبڕیبین     ب) سەرمانببڕن

Ovsn     svon

٢٢٦_ا) (pro) ناونوسیانکردبیتایە     ب) ناونوستبکەن

Ovsn     svon

٢٢٧_ا) (pro) پێمانچاککردبونایەتەوە     ب) پێتانچاکبکەینەوە / پێیانچاکدەکەینەوە

Povsp     psvop

**سێهەم: ڕێژەی فەرماندان**

**ا) کرداری سادە**

٢٢٨_ (pro) بیــگرە/ن

S v o

**ب) کردار بە پێشناوی پێشناویەوە**

٢٢٩_ (pro) پێمبگرە/ن

s v o p

٢٣٠_ (pro) لێیانبگرە/ن

s v o p

٢٣١_ (pro) تێمانبگرە/ن

s v o p

**پ) کردار بە پێشکردارییەوە**

٢٣٢_ (pro) هەڵمبگرە/ن

svop

٢٣٣_ (pro) دامانبگرە/ن

s v o p

٢٣٤_ (pro) ڕۆییبکەØ/ن

s v o p

**ت) کردار بە پێشناو و پێشکردارییەوە**

٢٣٥_ (pro) پێمانهەڵبگرە/ن

s v p o p

٢٣٦_ (pro) لێیاندابخەØ/ن

s v p o p

٢٣٧_ (pro) تێمانهەڵبدەØ/ن

s v p o p

**ج) کردار لەگەڵ کرداری لێکدراودا**

٢٣٨_ (pro) ڕازیمانبەکەØ/ن

svon

٢٣٩_ (pro) بمانخەنەخوار

s v o

٢٤٠_ (pro) هەڵیبدەرەخوارەوە

s v o p

٢٤١_ (pro) سەرمانپێبنێنەوە

svpon

٢٤٢_ (pro) سەرمانببڕە/ن

svon

٢٤٣_ (pro) ناونوسیبکەØ/ن

svon

٢٤٤_ (pro) پێیانچاکبکەنەوە

svop

### ٢/٣_٥) ئەڵتەرناسیۆنەکان لە دروستەدا

٢٤٥_ا) لە ئەوان درا ~ لێیاندرا ~ درا لێیان ~ * درایان لێ

ب) لە ئەوان دەدرێت ~ لێیاندەدرێت ~ دەدرێت لێیان ~ *دەدرێتیان لێ

٢٤٦_ا) دوانیان لێکوژرا ~ لێیانکوژرا ~ کوژرا لێیان ~ * کوژرایان لێ

ب) دوانیان لێدەکوژرێت ~ لێیاندەکوژرێت ~ دەکوژرێت لێیان ~ * دەکوژرێتیان لێ ~ *دەیانکوژرێت لێ

٢٤٧_ا) نەخۆشکەوتبین ~ * کەوتبین نەخۆش (ئەڵتەرناسیۆنی دروستەیی نیشاننادات)

ب) نەخۆشبکەوین ~ * بکەوین نەخۆش (ئەڵتەرناسیۆنی دروستەیی نیشاننادات)

٢٤٨_ا) ڕامانەهێنابیت ~ * نەمانهێنابیت ڕا(ئەڵتەرناسیۆنی دروستەیی نیشاننادات)

ب) ڕاتنەهێنین ~ * نەتهێنین ڕا (ئەڵتەرناسیۆنی دروستەیی نیشاننادات)

٢٤٩_ا) پێیانگوتبێتین ~ گوتبێتیان پێمان ~ * گوتبێتیانمان پێ

ب) پێمانبڵێن ~ بڵێن پێمان ~ * بڵێنمان پێ

٢٥٠_ا) هێنابێتتانەدیی ~ بەدیتانهێنابیت ~ * بەدیهێنابێتتان ~ *دی هێنابێتتان

ب) بیانهێننەدیی ~ بەدییانبهێنن ~ * بهێننیانەدی ~ * بەدیبهێننیان

٢٥١_ا) دەستمانگرتبێتیت ~ گرتبێتمان دەستت ~ * گرتبێتمانت دەست

ب) دەستتبگرین ~ بگرین دەستت ~ * بتگرین دەست ~ *بگرینت دەست

٢٥٢_ا) كردبويانينەدەر ~ دەريانكردبوين ~ *دەركردبويانين

ب) بمانكەنەدەر ~ دەرمانبكەن ~ *دەربكەنمان

٢٥٣_ا) ڕاوەستابين ~ * وەستابين ڕا (ئەڵتەرناسيۆنی دروستەيی نيشاننادات)

ب) ڕابوەستين ~ * بوەستين ڕا (ئەڵتەرناسيۆنی دروستەيی نيشاننادات)

٢٥٤_ ڕايانبهێنين ~ * بيانهێنين ڕا (ئەڵتەرناسيۆنی دروستەيی نيشاننادات)

٢٥٥_ا) بمانگرتنايەئەستۆ ~ لەئەستۆمان بگرتنايە ~ *لێيانمان بگرتايەئەستۆ ~ *ئەستۆمان بگرتنايە

ب) بيانگرينەئەستۆ ~ لەئەستۆيان بگرين ~ *لێيان بگرين ئەستۆ ~ *ئەستۆيان بگرينە

٢٥٦_ا) لێمانگرتن ~ گرتمان لێيان ~ *گرتمانن لێ

ب) لێياندەگرين ~ دەگرين لێيان ~* دەيانگرين لێ

پ) لێمانگرتبان ~ گرتبمان لێيان ~* گرتبمانن لێ

ت) لێيانبگرين ~ بگرين لێيان ~ * بيانگرين لێ

ج) لێيانيشبگرين؟ ~ بيشگرين لێيان؟ ~*بيشيانگرين لێ؟ ~ لێيشيانبگرين ~ * لێيانبگرين

٢٥٧_ا) زيندانمانكردن ~* كردمانن زيندان (ئەڵتەرناسيۆنی دروستەيی نيشاننادات)

ب) زيندانياندەكەين ~ * دەيانكەين زيندان (ئەڵتەرناسيۆنی دروستەيی نيشاننادات)

٢٥٨_ا) ئێمە ئێوەمان بە ئەوان چواند ~ ئێوەمان پێچواندن ~ پێيانمانچواندن ~ چواندمانن پێيان ~ * چواندمانتيان پێ

ب_ ئێمە ئێوە بە ئەوان دەچوێنين ~ ئێوەيان پێدەچوێنين ~ پێيانـــتان دەچوێنين ~ دەتانچوێنين پێيان ~ *دەتانچوێنينيان پێ

٢٥٩_ا) پێيانماندا ناردن~ ناردمانن پێياندا ~ * ناردمانتان پێياندا

ب) پێيانتاندا دەنێرين ~ دەتاننێرين پێياندا ~ *دەياننێرينتان پێدا

٢٦٠_ا) گرتمانن ~ نيەتی (ئەڵتەرناسيۆنی دروستەيی نيشاننادات)

ب) نەمگرتیت ~ * نەگرتمیت (ئەڵتەرناسیۆنی دروستەیی نیشانناداتت)

ب) ناتگرم ~ * ناگرمت (ئەڵتەرناسیۆنی دروستەیی نیشانناداتت)

٢٦١_ا) پێیگرتم~ گرتی پێم ~ * پێگرتمی

ب) پێمدەگرێت ~ دەیگرێت پێم ~ *پێدەمگرێت

٢٦٢_ا) پێمگوتن ~ گوتم پێیان ~ * گوتمیان پێ

ب) پێتاندەڵێم ~ دەڵێم پێتان ~ *دەتانڵێم پێ

پ) پێیاندەڵێم ~ دەڵێم پێیان ~ *دەیانڵێم پێ

٢٦٣_ا) پێمگوتبن ~ گوتبم پێیان ~ * گوتبمیان پێ

ب) پێتاندەڵێم ~ دەڵێم پێتان ~ *دەڵێمتان پێ

پ) پێیاندەڵێم ~ دەڵێم پێیان ~ *دەڵێمیان پێ

٢٦٤_ا) لێمانگرتن ~ گرتمان لێتان/ لێیان ~ * گرتماننتان لێ/ گرتمانیان لێ

ب) لێتاندەگرین ~ دەگرین لێتان ~ *دەتانگرین لێ

پ) لێیاندەگرین ~ دەگرین لێیان ~ *دەیانگرین لێ

٢٦٥_ا) تێمانگەیاندیت ~ * گەیاندمان تێت ~ * گەیاندیت تێمان (ئەڵتەرناسیۆنی دروستەیی نیشانناداتت)

